دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٦٣، هەینی ١٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، ٦ی دێسامبری ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

■ کورد پێویستی بە دیاریکردنی سنووری بەرژەوەندیی نەتەوەییە ٢

■ دەورەیەکی سیاسی لەلایەن دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبەوە بەڕێوەچوو ٢

■ زارا محەممەدی بە بارمتەی قورس ئازاد کرا ٣



کەمئەندامان جێگەی ڕێزلێگرتنن نەک ڕەشکردنەوە و پشتگوێخستن ٤



مامۆستا ڕەبیعی، قوربانیی جیابیری ٦



ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون ٨



لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە ١٠

## بێشەرمیی جەللاد



پاش کوشتنی سەدان کەس لە نارازییانی مانگی خەزەڵوەر بە دەستی کۆماری ئیسلامی و بریندار و کەمئەندامکردن و گرتن و لێدان و سووکایەتی کردن بە هەزارانی تر، فاشیزمی زاڵ لە ئێران جارێکی تر و ڕووهەڵماڵراوتر لە جاران لووتکەی بێشەرمییەکانی خۆی پیشان دا. عەلی خامنەیی لە وڵامی ڕاپۆرتی «شۆرای بەرزی ئەمنیەتی میللی» سەبارەت بە نارەزایەتی دەربڕینەکانی ئەم دواییانە خوازیاری دڵدانەوەی بنەماڵەی هەموو کوژراوان بووە تەنانەت ئەو کوژراوانەی کە ناوبراو وەک «ئەشرار» ناوی لێ دەبات!

هەر لەم ڕاستایەشدا و لە کاتێکدا بەناو هەڵبژاردنێکی تر لە چوارچێوەی ڕێژیم لە داهاتوویەکی نیزیکدا بەڕێوە دەچێ، شۆرای ئەمنیەتی ڕێژیم و شەخسی خامنەیی باسیان لەوە کردووە کە ئەو هاووڵاتییانەی کە کوژراون وەک «شەهید» بە ئەژمار بێن و بنەماڵەکانیان بچنە ژێر رکێفی «بونیادی شەهید»!

ئەم «ڕەئفەتی ئیسلامی»یە کە ڕێژیم دەینوێنێ، لە کاتێکدایە کە تاکوو ئێستە کۆماری ئیسلامی ئامادە نەبووە ئاماری درووست لە ڕێژەی کوژراوان، برینداران و گیراوانی ڕووداوەکانی خەزەڵوەر بدات بە دەستەوە و ئاماری ناوەندە سەربەخۆ مافی مرۆییەکان بە درۆی گەورە و خۆپیشاندەرانیش بە «ارازل و اوباش» ناو دەبات. ئەمە لووتکە و ئەوپەڕی بێشەرمی دەسەڵاتێکە کە هەم بڕیار بۆ کوشتن دەدات و هەم بڕیار بۆ لێبووردنی قوربانی و کوژراوان؛ نەک تەنیا بێشەرمی، بەڵکوو سپیکردنەوەی ڕووی هەموو فاشیستەکانی مێژووە بە هیتلێر و ستالینیشەوە. ئەوەیکە خامنەیی کردوویەتی، فێڵێکی نوێیە بۆ خۆدەربازکردنێکی کاتی لە قەیرانێکی قووڵ. قەیرانی نەمانی ڕەوایی! پرسێک کە پێشتریش لە ناوەندە فکرییەکانی ڕێژیمدا هۆشداری لەسەر درابوو و وەک مەزنەقەیران ناوی لێهاتبوو.

ئەوەیکە ڕوونە خامنەیی و تاقمەکەی نەک لە ڕووی خۆشویستنی خەڵکانی ئێران و لەباری ئینسانییەوە، بەڵکوو بۆ خۆڵ لە چاوکردنی خەڵک و کڵاولەسەرنانیان بەمەبەستی ڕاکێشانی زیاتری خەڵک بۆسەر سندووقەکانی دەنگدان ئەم بڕیارە گاڵتەجاڕییە دەدەن. دەنا کام عەقڵی سالم هەیە کە نەزانێ دەنگدان لە سیستمێکی وەک کۆماری ئیسلامی وەک ئەوە وایە کە بڵەی خەڵک بۆیان هەیە دیاری بکەن کێ گیانیان بکێشێ.

## مانگەشەوی سەقز سووتا

شەوی ١٤ لەسەر ١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٨، ئاگرکەوتنەوە لە تالاری «مانگەشەو»ی شاری سەقز، ١١ کوژراو و ٤٥ برینداری لێکەوتەوە و ئەو شاییەی کرد بە شیوەن.

ئەو ڕووداوە لە کاتی نانخواردن و لە شوێنی نانخواردندا ڕوویدا کە بەپێی دوایین زانیارییەکان «پچڕانی شیلەنگی گاز» هۆکاری ئاگرکەوتنەوەکە بووە.

ئەگەرچی ڕووداوی لەو چەشنە کە کۆمەڵێک ژن و منداڵ و هاووڵاتی سڤیلی بێتاوان تێیدا دەبنە قوربانی، جێگەی داخە بەڵام نابێ ئەو کەتوارە لە بیر بکرێت کە بە هۆی ئەوەیکە تەواوییەتی ڕێژیم دژی هەرچەشنە شایی و خۆشی دەربڕینێکە، لە کوردستان ئیزن نادات شوێنی تایبەت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ درووست بکرێت، بۆیە هەندێک کەس کەڵک لە شوێنی دیکە وەردەگرێت کە بۆ مەبەستی دیکە دروست کراوە.

بۆ نموونە گاوداریەکان کە کەڵکی لێوەر ناگیرێت یان ساردخانەکان دەکرێنە تالاری شایی و بە هۆی ناستانداردبوونی ئەو شوێنانە ڕووداوی دڵتەزێنی لەم چەشنەی لێدەکەوێتەوە.

وەک شایەتحاڵانیش دەڵێن ئەو شوێنانە بە هۆی ئەوەیکە یاساوڕێسای ئەندازیاریی تێدا ڕەچاو ناکرێت لە کاتی ڕووداوێکی بچووکی وەهادا خەڵک دەبنە قوربانی.

دوابەدوای ئەم ڕووداوە، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوونی خۆی بۆ ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، لە دووتوێی پەیامێکی تایبەتی لێپرسراوی گشتی سەرەخۆشی لە خەڵکی سەقز و لە بنەماڵەی گیان لەدەست داوەکان کرد و هیوای چاکبوونەوەی خێرای بۆ بریندارەکان خواست.

## ئازادبوونتان پیرۆز

دوو زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی «عوسمان مستەفاپوور، محەممەد نەزەری» دوای چەندین ساڵ زیندانی لە چاڵەڕەشەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران و هەروەها «زارا محەممەدی»دوای چەند مانگ بێسەروشوێنی و لە زینداندا ڕاگرتن ، ئازاد کران. ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، «عوسمان مستەفاپوور و محەممەد نەزەری»، دوای ٥٣ ساڵ زیندانی ئازاد کران. عوسمان مستەفاپوور ٢٨ ساڵ و محەممەد نەزەری ٢٥ ساڵ لە زینداندا بوون. ئەو دوو زیندانییە ماوەی حوکمەکانیان لە زیندانەکانی ورمێ، تەوریز و ڕەجایی شار تێپەڕاندووە.

«عوسمان مستەفاپوور»، کۆنترین زیندانیی سیاسیی کورد لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێدا بوو. ناوبراو لە مافی مورەخەسیگرتن بێبەری بوو. «عوسمان مستەفا پوور»، مانگی پووشپەڕی ساڵی ٧٠، لە ناوچەی «تەرگەوەڕ»ی ورمێ دەسبەسەر و دواتر بە تۆمەتی «ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی» ڕێژیمی ئێران بە ئێعدام مەحکووم کرا کە دواتر ئەو حوکمە لە دیوانی باڵای وڵات، بە دوو حوکمی ٢٥ ساڵ و ١٠ ساڵ زیندانی گۆڕدرا. دەزگای بەناو دادوەریی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانیی بەسەر «عوسمان مستەفاپوور»، بەهۆی شەڕ و تێکەڵچوونی چەکداری لەگەڵ هێزەکانی سپای پاسداراندا سەپاند. «مستەفاپوور» تەمەن ٥٣ ساڵ و خەڵکی پیرانشارە.

هاوکات «محەممەد نەزەری»، زیندانیی سیاسی، دوای ٢٥ ساڵ لە زیندان ئازاد کرا. «محەممەد نەزەری» لەدایکبووی شاری سایین قەڵای پارێزگای ورمێیە کە ڕێکەوتی ٩ی جۆزەردانی ١٣٧٣ی هەتاوی لە تەمەنی ٢٣ ساڵیدا بە تۆمەتی «ئەندامبوون لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ڕێژیمی ئێران» دەسبەسەر کرا و حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپا. ئەو حوکمە دواتر هەڵوەشایەوە و کەم کرایەوە بۆ بەندکرانی هەتاهەتایی. لەلایەکی دیکەشەوە ڕۆژی دووشەممە، ١١ی سەرماوەز، «زارا محەممەدی»، مامۆستای دەسبەسەرکراوی زمانی کوردی بە دانانی وەسیقەی ٧٠٠ میلیۆن تمەنی، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا. «زارا محەممەدی»، ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی جۆزەردان، لەلایەن لیباس شەخسییەکانەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کرا و هەتا ١٠ی جۆزەردان لە ژووری تاکەکەسی ڕاگیرابوو و دواتر بۆ زیندانی سنە ڕاگوێزرا و شوێنی ڕاگیرانی بە بنەماڵەکەیان ڕاگەیاند. زارا محەممەدی دواتر لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی، ڕایگەیاندبوو کە لە ماوەی ٨ ڕۆژ دەسبەسەرکرانی، لە ژووری تاکەکەسیدا بووە و بۆ دانپێنانی زۆرەملێ لەژێر گوشاردا بووە. ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی خەرمانان، «زارا محەممەدی»، ئەندامی دەسبەسەرکراوی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی بە ناوی «مێهرداد عەلیخانی»، برابووە دادگای ئینقلابی شاری سنە. ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، تۆمەتی «ئەندامیەتی لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران»ـیان داوەتە پاڵ «زارا محەممەدی».

پەیڤ

## هەڵبژاردنی جەللاد

### کەریم پەرویزی

کاتێك کە سەرانی ڕێژیمی کۆلۆنیالیستیی حاکم لە تاران فەرمانی گرانکردنی بەنزینیان دا، وایان دەزانی کە بە نیوەشەو خەڵك کۆ نابێتەوە و ڕۆژی هەینیش هەندێ نارەزایی سانا و سادە بەڕێوەدەچێ و بۆ شەممە دۆخەکە کۆتایی دێ، گەر کەسێکیش ناڕازی بوو بە توندترین شێوە لێیی دەدەن و ئیدی هەموو ئەوانی تر چاوترسێن دەبن و بڕیارەکەیان جێ دەگرێ.

بەڵام کاتێك لە زیاتر لە ٥٠٠ شار و شوێن لە سەرتاسەری ئێراندا خەڵك ڕژانە سەر شەقام و خۆپیشاندان سەرتاسەری پارێزگاکانی گرتەوە، حەپەسان و ئەوکات زانییان چ هەڵەیەکی کوشندەیان کردووە و بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە، خامنەیی جەلاد، فەرمانی کوشتاری بەکۆمەڵی ڕاگەیاند و بۆ شاردنەوەی تاوانەکانیان ئینتێرنێتیان داخست و بەلای خۆیانەوە بە بێدەنگی و بە بێ ئاگاداریی جیهان کەوتنە دەسڕێژی مەرگ لە سەرتاسەری ئێراندا.

تاوانی خامنەیی و باندەکانی لە مانگی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاویدا بە ڕادەیەك گەورەیە کە هیچ ناوێك جگە لە کوشتاری بەکۆمەڵی ناتوانی لێ بنێی. کار لە سەرکوت و داپڵۆسین تێپەڕیوە. لە ڕۆژانی دواییدا کە ئینتێرنێت تۆزە تۆزە کرایەوە و هەواڵ و ڕاپۆرت و ڤیدیۆکان بە جیهاندا بڵاو دەبنەوە، قووڵایی دڕندەیی ڕێژیمێکی ملهۆڕ و تاوانبار دەردەکەوێ، کە بە تانك و دۆشکا و چەکی قورسی بەرەکانی شەڕەوە بەرەوڕووی خەڵکی ئاسایی بوونەتەوە و تەنانەت منداڵ و مێرمنداڵیشیان خەڵتانی خوێن کردووە.

ئەم ڤیدیۆ و وێنانە تەنیا ڕەنگە لە شەڕە نێوخۆییەکانی کۆنگۆ و زەئیر لە ئافریقا، یان لە کاتی هێرشی مۆغۆلەکان بۆ ناوچەکەدا بینرابێتنەوە.

کوشتاری بەکۆمەڵی خەزەڵوەری ١٣٩٨، کۆتایی خەباتی گەلانی ئێران نەبوو، بەڵکوو سەرەتایەکە بۆ قۆناخێکی دیکەی خەبات کە لەودا تەواوی کۆمەڵگای فرەنەتەوەی ئێران بەرەوڕووی تەواویەتی ڕێژیمی دڕندەی حاکم لە تاران دەبنەوە.

ترس لە وەها قۆناخێکە کە خامنەیی و باندەکانی سەریان لێ شێواوە و هەرجارە و بەشێوەیەك قسە دەکەن. یەکیان دەڵێن ئاگام لێ نەبووە و ئەوی دی دەڵێ تەنیا خودا نەجاتی داین و یەکی دیکەیان دەڵێ شەڕێکی جیهانی بوو بۆمان! لەم ڕۆژانەشدا خامنەیی لەوپەڕی

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# پەیامی هاوخەمیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەی سەقز



لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ڕووداوی ناخهەژێنی سەقز پەیامێکی بڵاو کردەوە.
دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:
بەداخەوە ڕووداوی ناخهەژێنی ئاگرکەوتنەوە لە تالاری مانگەشەو لە شاری سەقز کە کوژرانی ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی کورد و بریندارบوونی دەیان هاونیشتمانیی دیکەی لێکەوتەوە، هەموومانی خەمبار کرد.
بەم بۆنە غەمهێنەرەوە بە ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە وێڕای بەداخ بوون لە ڕوودانی ئەم ڕووداوە، هاوخەمی و هاوسۆزیی خۆمان لەگەڵ بنەماڵەی بەڕێزی شەهیدانی ئەو کارەساتە دەردەبڕین و ئاواتخوازی چاکبوونەوەی هەرچی زووتری زام هەڵگرتووەکانین.

**مستەفا هیجری**
**لێپرسراوی گشتی**
**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**١٥ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی**
**٦ی دێسامبری ٢٠١٩ی زایینی**

# کورد پێویستی بە دیاریکردنی سنووری بەرژەوەندیی نەتەوەییە



«مستەفا هیجری» و «باپیر کامەلا» لە دیدارێکدا، هاوڕابوون لەسەر یەک گوتاریی کورد و دیاریکردنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان کە پێکەوە خەباتی بۆ بکرێت.
ڕۆژی پێنجشەممە، ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «مستەفا هیجری»، لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات، سەردانی پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستانیان کرد و لەلایەن هەیئەتێکی ڕێبەرایەتیی ئەو حیزبەوە بە سەرۆکایەتیی «باپیر کامەلا»، سکرتێری گشتییەوە پێشوازییان لێ کرا. لەو دیدارەدا باسێکی چڕ لەسەر دۆخی ئێستای کوردستان لە هەموو بەشەکانیدا کرا. لەسەر دۆخی خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات و دوایین ئاڵوگۆڕەکان باس کرا و لەسەر هاوپێوەندیی کورد لە هەموو بەشەکاندا جەخت کرایەوە. هەروەها تەوەرێکی دیکەی باسەکان، لەسەر دۆخی عێراق و کاریگەریی ڕووداوەکانی بەغدا و شارە شیعەنشینەکان لەسەر ناوچەکە و هەرێمی کوردستان بوو و لەو بەشەدا پێکەوەبوونی هەموو هێزە کوردییەکان بە خاڵی گرینگی سەرکەوتن لە ڕووداوەکاندا دەستنیشان کرا.
باسێکی دیکە بریتی بوو لە دۆخی کورد لە هەموو بەشەکان بەگشتی و هاوچارەنووسییان و کاریگەریی ڕووداوەکانی هەموو بەشەکان لەسەر یەک و هەوڵدان بۆ هێنانەئارای یەک گوتاری هاوبەشی نەتەوەیی کە تێیدا سنوورەکانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی دیاری و دەستنیشان کرابێت و کاری پێکەوەیی بۆ پاراستنی ئەو بەرژەوەندییە باڵایانە بە بناغە دانرا.

# بەبۆنەی ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب چالاکیی تەبلیغی بەڕێوەچوو

ئەندامانی حیزبی دێموکرات لە شاری بۆکان، بەمەبەستی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کەمئەندامانی حیزب، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری بۆکان ،بەبۆنەی ١٦ی سەرماوەز، ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب، بە بڵاو کردنەوەی پۆستێری تایبەت، چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد. ئەو شوێنانەی کە چالاکیی تێدا بەڕێوەچووە بریتین لە: «پارکی ساحلی، پۆمپی بێنزینی ساحلی، مەیدانی میوە و تەرەبار، مزگەوتی جامیعەی شەهرک، مزگەوتی نور، مزگەوتی حاج حەسەن ئیفتخاری، مزگەوتی قودسی میراوا، مزگەوتی محەممەد ڕەسوولەڵڵای میراوا، شەقامی پەیام، شەقامی کارگەر، قوتابخانەی سەیفی». حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ١٣ی سەرماوەزی ١٣٩٧ بە مەبەستی ڕێزگرتن لە تێکۆشانی کەمئەندامانی حیزبی دێموکرات ڕۆژی ١٦ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دیاری کرد.

# وەفدێکی حیزب لە ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینیی «عەبدولحەمید دەروێش» بەشداریی کرد



وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی «عەبدولحەمید دەروێش»، سیاسەتوان و تێکۆشەری ناسراوی کوردستانی ڕۆژئاوا بەشداریی کرد.
ڕۆژی شەممە، ٩ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی، بەرانبەر بە ٣٠ی نۆڤامبری ٢٠١٩ی زایینی، ڕێوڕەسمی چلەی ماتەمینی «عەبدولحەمید دەروێش»، کەسایەتیی ناسراو و خەباتکاری دێرینی کوردستانی ڕۆژئاوا و دامەزرێنەر و سەرکردەی پارتی دێموکراتیکی پێشڤەڕۆی کورد لە سوریە، لە هۆڵی تەواری شاری سلێمانی بە بەشداریی سەدان کەس لە خەڵک و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بەڕێوە چوو.
وەفدێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە سەرپەرستیی «ڕۆستەم جەهانگیری»، بەرپرسی دەزگای چاوەدێری لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداریی کرد. لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ڕاگەیەندرا. دواتر و پاش هەڵکردنی چل مۆم لەلایەن میوانانەوە بە نیشانەی چلەمین ڕۆژی کۆچی دوایی عەبدولحەمید دەروێش، «عەلی شەمدین» ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دێموکراتیکی پێشڤەڕۆی کورد لە سوریە، پەیامێکی بەو بۆنەوە پێشکەش کرد. هەروەها پەیامی بنەماڵەی عەبدولحەمید دەروێش لەلایەن «کانیوار دەروێش»، ئەندامی بنەماڵەی خوالێخۆشبووەوە بە جیا پێشکەش کرا.
لە بەشێکی دیکەدا کورتە فیلمێکی دێکیۆمێنتاری لەسەر ژیان و خەباتی ئەو خەباتکارە دێرینە بڵاو کرایەوە. هەروەها لەنێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو ڕێوڕەسمەدا پەیامی چەند حیزب و لایەنی سیاسی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کرا. وەفدی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بە بۆنەی چلەی ماتەمینی ئەو تێکۆشەرە دێرینەوە، بروسکەیەکی سەرەخۆشیی بە ناوی دەزگای پێوەندییەکانی حیزبەوە پێشکەش کرد.

# دەورەیەکی تری سیاسی لەلایەن دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتەوە بەڕێوەچوو



لە درێژەی کارەکانی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چوارەمین دەورەی ئاستی ٢ی بەشی یەکەمی سیاسیی تایبەت بە پێشمەرگەکان، بەڕێوە چوو.
چوارەمین دەورەی ئاستی ٢ی بەشی ١، لە ڕێکەوتی ٤ی خەزەڵوەری ١٣٩٨ی هەتاوی دەستی پێکرد و لە ڕۆژی دووشەممە، ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی لە ڕێوڕەسمێکدا بە بەشداریی بەشێك لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکان کۆتایی پێهات.
ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
پاشان «تەیموور مستەفایی»، ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی پێشکەش بە بەشداربووانی ڕێوەڕەسمەکە کرد.
«مستەفایی» لە وتەکانیدا، ئاوڕێکی لە خۆپیشاندانەکانی چەند ڕۆژی ڕابردووی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ئێران دایەوە و باسی لەوە کرد کە ئەگەرچی ڕێژیم بە شێوەیەکی دڕندانە خۆپیشاندەرانی سەرکوت کردووە، بەڵام ئەمە دەستپێکی قۆناغێکی نوێیە لە بەرخودانی خەڵکی ئێران و بەتایبەتی کوردستانی ڕۆژهەڵات.
«مستەفایی» هەروەها باسی لەوە کرد کە نارەزایەتیی خۆپیشاندەران ئەگەرچی بە بیانووی گرانبوونی بێنزین و دۆخی نالەباری ئابووری بووە، بەڵام هەر زۆر زوو دروشم و داواکاریی خۆپیشاندەران گۆڕدرا بۆ «نەمانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران» و بەربڵاویی خۆپیشاندانەکان لە بەشێکی زۆری پارێزگاکانی ئێران دەرخەری ئەوەیە کە چیدی خەڵک ڕێژیمی ئیسلامییان ناوێت.
«مستەفایی» لە درێژەی قسەکانیدا، هەوڵی دەزگای پەروەردە و مامۆستایانی لە پێوەندی لەگەڵ پەروەردەی پێشمەرگەکان بەرز نرخاند و داوای لە بەشداربووان کرد کە بۆ خۆپێگەیاندن و ئامادەبوون بۆ ئەگەرەکانی داهاتوو، لەم جۆرە خولانە کەڵک وەربگرن. هەر لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بە چەند خاڵ و تایبەتمەندیی کادرییەکی حیزبی کرد وەک: «بەڕێوەبەری، هەست بە بەرپرسایەتی کردن و خۆپێگەیاندن و...».
«مستەفایی» لە کۆتایی وتەکانیدا وتی: «هەر پێشمەرگەیەک لەنێو کۆمەڵگای خۆی نوێنەرێکی حیزبەکەیەتی و هەر بۆیە پێویستە تێگەیشتنێکی پوختی لە سیاسەتی حیزبەکەی هەبێت».
دواتر پەیامی دەزگای پەروەردە و لێکۆڵینەوە لەلایەن «سینا قاسمی زادە»وە خوێندرایەوە. هەروەها پەیامی دەورە لەلایەن «دڵنیا لوتفی» بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە. بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکە دابەشکردنی خەڵات لەلایەن «تەیموور مستەفایی»ـەوە بەسەر کەسانی یەکەم تا سێهەمی دەورەکە بوو کە بریتی بوون لە: «محەممەد قانع، حیسام ڕەحمانی و دڵنیا لوتفی».

# زارا محەممەدی بە بارمتەی قورس ئازاد کرا



ئەندامێکی دەسبەسەرکراوی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، پاش ٦ مانگ لە دەسبەسەرکرانی، بە دانانی بارمتەی ٧٠٠ ملیۆن تمەنی لە گرتنگە ئازاد کرا.
ڕۆژی دووشەممە، ١١ی سەرماوەز، «زارا محەممەدی»، مامۆستای دەسبەسەرکراوی زمانی کورد و ئەندامی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، بە دانانی بارمتەی ٧٠٠ ملیۆن تمەنی، بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.
«زارا محەممەدی»، ڕۆژی پێنجشەممە، ٢ی جۆزەردان، لەلایەن لیباس شەخسییەکانەوە لە ماڵەکەی خۆیدا دەسبەسەر کرا و هەتا ١٠ی جۆزەردان لە ژووری تاکەکەسی ڕاگیرابوو و دواتر بۆ زیندانی سنە ڕاگوێزرا و شوێنی ڕاگیرانی بە بنەماڵەکەیان ڕاگەیاند.
زارا محەممەدی دواتر لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ بنەماڵەکەی، ڕایگەیاندبوو کە لە ماوەی ٨ ڕۆژ دەسبەسەرکرانی، لە ژووری تاکەکەسیدا بووە و بۆ دانپێنانی زۆرەملێ لەژێر گوشاردا بووە.
ڕۆژی چوارشەممە، ٢٧ی خەرمانان، «زارا محەممەدی»، ئەندامی دەسبەسەرکراوی ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی «نۆژین»، بەبێ ئامادەبوونی پارێزەرەکەی بە ناوی «مێهرداد عەلیخانی»، برابووە دادگای ئینقلابی شاری سنە.
ناوەندە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، تۆمەتی «ئەندامیەتی لە یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران»ـیان داوەتە پاڵ «زارا محەممەدی».
ئەنجومەنی فەرهەنگی- کۆمەڵایەتیی «نۆژین» سەبارەت بە تۆمەتی وەپاڵدراوی زارا، دژکردەوەی نیشان دا بوو و ڕایگەیاندبوو: «لە کاتێکدا بۆ دانپێدانانی زۆرەملێ لەژێر گوشاردایە کە سەر بە هیچ حیزب و لایەنێکی سیاسی نییە و تەنیا تاوانی، ڕاهێنانی منداڵان بە زمانی کوردییە.»
ماوەیەک پێش، کاناڵی تێلێگرامیی بەشی «فارسیـ»ی لێبووردنی نێودەوڵەتی بە بڵاوکردنەوەی بانگەوازێک، داوای لە هاووڵاتییان کردبوو کە بە ناردنی نامە بۆ «محەممەد جەباری»، دادستانی گشتیی سنە، داوای ئازادکردنی بێمەرجی «زارا محەممەدی» بکەن.

# فریشتە چراغی بە لێسەندنی بەڵێننامە لە گرتنگە ئازاد کرا



ڕۆژنامەنووس و چالاکێکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سەرپێڵ زەهاو، بە لێئەستاندنی بەڵێننامە لە گرتنگە ئازاد کرا. ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ی سەرماوەز، «فریشتە چراغی»، چالاکی کوردی خەڵکی سەرپێڵ زەهاو، لە گرتنگە ئازاد کرا. دەوترێت، هێزە ئیتلاعاتییەکان پاش لێوەرگرتنی بەڵێننامە لە «فریشتە چراغی»، سەبارەت بە ڕانەگەیاندنی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەری ئەمساڵ، ناوبراویان ئازاد کردووە. ڕۆژی هەینی، ٨ی سەرماوەز، «فریشتە چراغی»، ڕۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سەرپێڵ زەهاو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو.

## تەقینەوەیەکی بەهێز لە تالاری شایی «مانگەشەو»ی سەقز، چەندین کوژراو و بریندراری لێکەوتەوە

شەوی پێنجشەممە، ١٤ی سەرماوەز، تەقینەوەی گاز لە هۆڵی «مانگەشەو»ی سەقز،١١ کوژراو و ٤٥ بریندراری بەدواوە بوو و ئەو شاییەی کرد بە شیوەن.

ئەو ڕووداوە لە کاتی نانخواردن و لە شوێنی نانخواردندا ڕوویداوە و بە وتەی سەرچاوە خۆجێییەکانی سەقز، «پچڕانی سۆندەی گاز» هۆکاری تەقینەوەکە بووە. هەتا ئێستا شوناسی ١٠ کەس لە کوژراوانی ئەو ڕووداوە ڕوون بووەتەوە و شوناسی کوژراوێک ناڕوونە. ئەو هاووڵاتییانە کە گیانیان لەدەست داوە و شوناسیان ڕوونە، بریتین لە:



١_ مونا حەسەنپوور تەمەن ٣ ساڵ
٢_ مەنیژە ڕەحمانی تەمەن ٤٥ ساڵ
٣_ ماهان بارامی تەمەن ٥ ساڵ
٤_ ئارشام ڕەسووڵی تەمەن ٤ ساڵ
٥_ شەریف ڕەزایی تەمەن ٧٠ ساڵ
٦_ سووژین قادرزادە تەمەن ٥ ساڵ
٧_ هێژین تەمەن ٤ ساڵ
٨_ سەعادەت عەلیزادە
٩_ ئایشە مەحموودی
١٠_ هاجەر پەسەندی

هەروەها ژمارەیەک لە برینداربووەکانی ئەو ڕووداوە بریتین لە:

١_ مەنیژە ئەحمەدی تەمەن ٤٧ ساڵ
٢_ ئیبراهیم فاتمی
٣_ پەریزاد ئەحمەدی
٤_ ڕەحیم کەریمی
٥_ فەریبا سەعیدی
٦_ ئامینە عارفی
٧_ عوسمان بارامی
٨_ شادی خوایی
٩_ عەزیم عەبادی
١٠_ تاهیر ڕەشیدی
١١_ نەسرین فاتمی
١٢_ فەرزانە مستەفایی
١٣_ مستەفا ئەحمەدزاد
١٤_ عوسمان حەسەنپوور
١٥_ سومەیە ساڵحی

هەتا ئێستا هەموو ڕەهەندەکانی ئەو تەقینەوەیە ڕوون نەبووەتەوە و دۆخی هەندێک لە بریندارەکانیش ناجێگیرە.

خاوەنی ئەو تالارە کەسێکە بە ناوی «عومەرە شەل» کە کەسێکی دەوڵەمەند و ئاسن فرۆشی هەیە. پێشتر ئەو تالارە ناوی «پەیوەند» بووە ئەو تالارە سیستمی گەرمایی نەبووە و خاوەن تالارەکە لە کەپسوولی گاز بۆ گەرما کەڵکی وەرگرتووە. بە هۆی ئەوەیکە ڕێژیم لە کوردستان ئیزن نادات شوێنی تایبەت بۆ شایی و هەڵپەڕکێ دروست بکرێت، بۆیە هەندێک کەس کەڵک لە شوێنی دیکە وەردەگرێت کە بۆ مەبەستی دیکە دروست کراوە. بۆ نموونە گاوداریەکان کە کەڵکی لێوەر ناگیرێت یا ساردخانەکان دەکرێنە تالاری شایی؛ ناستانداردبوونی ئەو شوێنانە ڕووداوی دڵتەزێنی لێدەکەوێتەوە. ئەو شوێنانە بە هۆی ئەوەیکە یاساوڕێسای مەهەندیسیی تێدا ڕەچاو ناکرێت لە کاتی ڕووداوێکی بچووکدا خەڵک دەبێتە قوربانی.

## باوکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد

کاک سەید «عوسمان حوسێنی» باوکی شەهید «بەرزان» لە شاری پاوە، بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەی سییەکانیەوە ئێوارەی ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی سەرماوەز کۆچی دوایی کرد. «بەرزان حوسێنی» کوڕی سەید «عوسمان»، ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی لە گوندی «بەلەبزان»ـی سەر بە شاری پاوە لەدایک بووە. شەهید بەرزان ساڵی ١٣٨٠ ڕۆیشتە ئورووپا و بۆ ماوەی ٥ ساڵ نیشتەجێی ئورووپا بووە.

هەر لەوێ پەیوەندیی بە تەشکیلاتی حیزبەوە گرت و وەکوو ئەندام لە ڕیزەکانی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبدا کاری کردووە. شەهید بەرزان ساڵی ١٣٨٦ گەڕایەوە بۆ کوردستان و وەکوو پێشمەرگە لە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا سازمان دراوە. لەو ماوەیەدا پلەی تەشکیلاتیی کادریی وەرگرت و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکە پێسپێردراوەکانی بەڕێوە بردووە.

لە دوایین کۆنفرانسی ناوەندی یەکدا، وەکوو ئەندامی ناوەندی ١ی کوردستان هەڵبژێردرا. ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لەگەڵ تیمێکی پێشمەرگە ڕۆیشتەوە بۆ ناوچەی سەقز و پاش نزیکەی ٢ مانگ، بە سەرکەوتوویی گەڕایەوە. ناوبراو لە بەهاری ساڵی ١٣٩٥ی هەتاویدا، لەگەڵ تیمێکی کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، ڕۆیشتەوە بۆ ناوچەکانی سنە و مەریوان.

پاش جەولەیەکی ١٥ ڕۆژە، بەداخەوە لە ڕۆژی ٥ی پووشپەڕدا لە شاخی «کۆساڵان» کەوتنە بەر پەلاماری دوژمن و ٣ پێشمەرگەی ئازا و گیان لەسەر دەستی حیزبەکەمان شەهید بوون. بەرزان حوسێنی هاوڕێ لەگەڵ ٥ کەسی دیکە لە هاوسەنگەرانی لەو شەوەدا بێسەروشوێن بوون. بەداخەوە پاش ساڵێک بەدواداچوونی ورد، دەرکەوت کە کاک بەرزان حوسێنی پێشمەرگەی ئازا و بەجەرگی حیزب لە ئاگری قینی دوژمندا تێکەڵ کاروانی پڕ لە شانازیی شەهیدانی کوردستان بووە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری سەید «عوسمان» دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## ئەندامێکی حیزبی دێموکرات کوچی دوایی کرد

کاک «عەبدوڵڵا قادری» کوڕی «ئەحمەد» دوای تەمەنێک تێکۆشان، ڕێکەوتی ١ی سەرماوەزی ١٣٩٨ی هەتاوی لە باشووری کوردستان ماڵاوایی لە ژیان کرد. کاک «عەبدوڵڵا قادری» لە ڕێکەوتی ١٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی، لە شاری سەقز دایک بووە. ناوبراو ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی فۆقی دیپلۆمی لە ڕشتەی «ئابووری»ـدا وەرگرت. ناوبراو لە ساڵەکانی ٥٦ و ٥٧ی هەتاویدا چالاکیی تەشکیلاتی دەست پێکرد. لە ماوەی کاری تەشکیلاتیدا هەموو ئەرکێکی خۆی بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەڕێوە دەبرد. کاک عەبدوڵڵا، ساڵی ١٣٥٩ لە لایەن ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئیسلامیی ئێرانەوە دەسبەسەر دەکرێت و بۆ ماوەی ٣ ساڵ بۆ شاری «نەتەنز» دوور دەخرێتەوە. ساڵی ١٣٧٧، دوو منداڵی کاک عەبدوڵڵا پەیوەست بە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوون. دواتر، وێڕای باقی بنەماڵەکەی دێنە نێو ڕیزی حیزبی دێموکرات. کاک عەبدوڵڵا کاتی خۆی لە حیزبی دێموکراتدا لە ئۆرگانی پەروەردەدا کاری کردووە. ناوبراو هەتا دوایین ساتەکانی ژیانی وەفادار بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات مایەوە و بە هەموو توانایی و دڵسۆزییەوە کاری حیزبی بەڕێوە دەبرد. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناو کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی ناسراو و خۆشەویستی خەڵک لە شاری بانە ماڵاوایی لە ژیان کرد. ڕۆژی یەکشەممە، ٣ی سەرماوەز، کەسایەتییەکی خۆشناو بە ناوی کاک «مەحموود» کوڕی «حاجی کەریم»خەڵکی گوندی «بەردەڕەش»ی لای سوتوو سەر بە شاری بانە، ماڵاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و پێشمەرگەدۆست بوو و ماڵەکەی هەمیشە جێگای حەسانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.

تەرمی کاک «مەحموود» لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە خزم و کەسوکار و بنەماڵەی ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی خۆشناوی شارویرانی مەهاباد کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی خۆشناوی ناوچەی شارویرانی مەهاباد، بەهۆی بەساڵاچوویی و تەمەنی زۆرەوە، دڵە نیشتماندۆستەکەی لە لێدان کەوت و کۆچی دوایی کرد.

شەوی ٤ لەسەر ٥ی سەرماوەز، کەسایەتییەکی خۆشناوی خەڵکی گوندی «حاجی خۆش» سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد، بە ناوی «عومەر قەیتەران»، لە تەمەنی ٨٣ ساڵیدا و بەهۆی تەمەنی زۆر و بەساڵاچوویییەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ناوبراو کەسایەتییەکی دیار و بەرچاوی ناوچەکە بووە و کاتی خۆی کادری کۆمیتەی ناوچەی شارویران و بەرپرسی کۆمیتەی ناوچەی شارویرانی مەهاباد بووە.

تەرمی ناوبراو لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاکی پیرۆزی کوردستان ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە هاوبەشی خەمیان دەزانێت.

## دایکی شەهیدێکی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهیدێکی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان لە شاری ورمێ ماڵاوایی لە ژیان کرد. دایە «مسری میرزایی»، دایکی شەهید «ئەسکەندەر عەلیزادە»، خەڵکی گوندی «جۆهنی» سەر بە ناوچەی سۆما ، ماڵاوایی لە ژیان کرد. شەهید ئەسکەندەر عەلیزادە، پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی لە گوندی جۆهنی لە ناوچەی سۆما لە لەدایک بووە. شەهید ئەسکەندەر ڕۆژی ١ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاوی، وێڕای حەوت پێشمەرگەی دیکە، لە شوێنێک بە ناوی «قیفارۆک لە پشت چیای دوگوە» لەلایەن ئەرتشی تورکیەوە شەهید کران. تەرمی دایە «مسری» لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتیمانپەروەری شاری گێڵان کۆچی دوایی کرد

پیاوی ئاشتەوایی و بەخشین، ئیلخانی کەلهوڕ، «شێرزاد شێرزادی» ناسراو بە «شێرزاد خان» لە شاری گێڵان دڵە بەخشندەکەی بۆ هەمیشە لە لێدان کەوت. «شێرزاد خانی شێرزادی» گەورە پیاو و ناوداری شاری گێڵان لە پارێزگای کرماشان، ناسراو لە هەموو شار و گوندەکانی کرماشان و ئیلام، پیاوی دیار و سەرداری مەجلیسە پڕ لە کێشە و گرفتەکان، ماڵاوایی لە ژیان کرد. ئەو کەسایەتییە ناوداره لە درێژایی تەمەنیدا زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی، عەشیرەیی و بنەماڵەیی کە تەنانەت بە یاساش چارەسەر نەکرابوون، چارەسەر کردبوو. شێرزاد خان وەک پیاوخاس و ناودارێک گرێکەرەوەی کێشە قورسەکان بووە و بە پیاوی ئاشتیخواز ناوی دەرکردبوو. کەسایەتییەکی کوردپەروەر، تێکەڵاو بە خەڵک و خاکی بووە و کەمتر کەسێک هەیە کە لە شارەکانی گیەڵان، ئەیوان، قەسر، سەرپێڵ، هاروێناوا، کرماشان، داڵاهوو و هەتا «ئیلام»یش نەیناناسیبێت. هەمیشە دەیوت: «دەبێ ئەمجارە ئێمە ئاڵاهەڵگری کوردستان بین و بۆ کوردایەتی و کوردستان ئەوەی کە لە دەستمان دێت دریغی نەکەین». ناوبراو لە ڕۆژی دووشەمە، ١١ی سەرماوەز، پاش ١٠ ڕۆژ نەخۆشیی ماڵاوایی لە ژیان کرد. تەرمەکەی ڕۆژی سێشەممە کاتژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و بە بەشداریی سەدان کەس لە شاری گێڵان بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری خوالێخۆشبوو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

### درێژەی پەیڤ

زەندەقچوون لە ڕووخانی ڕێژیمەکەیدا دڵی هەموو ئەوانەی لەم ڕووداوانەدا کوژراون، عەفوویان دەکا و خوێنبەها بە بنەماڵەکانیان دەدەن!

وەك بڵێی لوتفێکی گەورە دەکا کە کوشتاری کردووە و کوژراوەکان دەبەخشێ! یانی گەر خامنەیی نەیانبەخشێ، ناچنە بەهەشت!!

بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە، ڕێژیم دووبارە دەیهەوێ شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیس بەڕێوە ببا و بەم شێوەیە دوو مەبەست بپێکێ:

یەکەم کوشتار بکا بە ئەمرێکی ئاسایی، کە کۆمەڵگای ئێرانی پێ ڕابێنێ و بڵێ هەرکات حەزم لێ بوو کوشتارتان دەکەم و ژیانی ئاساییتان لە ژێر دەستەییدا بەردەوام دەبێ.

دووهەم، بڵێ هیچ هیوایەك جگە لە دەنگدان بە جەللادەکانتان نییە. خەڵکی ئێران تەنیا دەتوانن لە سەر سندووق سیمای جەللادەکەیان هەڵبژێرن کە پێیان خۆشە بەدەست کامەیان بکوژرێن.

بەڵام ئەم پیلانانەی ڕێژیم وەکوو هەموو پیلانەکانی دیکەی، بە هەڵوێستی خەڵك پووچەڵ دەکرێنەوە و جارێکی دیکە خامنەیی و باندەکانی تووشی سەرسووڕمان دەکرێنەوە.

## کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

کەسایەتییەکی دڵسۆز بۆ گەل و نیشتمان، هەمیشە خەمخۆر و پاڵپشتی هەژاران، دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت. ڕۆژی یەکشەممە، ١٠ی سەرماوەز، کاک «حوسێن تیزپەڕ» ناسراو بە «حوسێن شقاق»، کوڕی «قاسم» و خەڵکی گوێکتەپەی سەر بە ناوچەی شارویرانی مەهاباد، لە تەمەنی ٥٠ ساڵیدا، بەهۆی نەخۆشییەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد. خوالێخۆشبوو، کەسایەتییەکی دڵسۆز و نیشتمانپەروەر بوو. ئەو بەردەوام بژێویی ژیانی چەندین بنەماڵەی شەهیدانی حیزب و هەژاری لە ناوچەی شارویرانی لە ئەستۆ بووە. کاک «حوسێن» هەمیشە بەرپەرچی سیاسەتە نگریسەکانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی دەدایەوە و ساڵانە چەندین کەسی تووشبوو بە مادده سڕکەرەکانی دەنارد بۆ کەمپی «تەرکی ئێعتیاد» و تێچووەکەی لە ئەستۆ دەگرت. ناوبراو بە باوکی هەژاران ناوبانگی هەبوو. تەرمی کاک «حوسێن» ئێوارەی ڕۆژی یەکشەممە لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکە و بە بەشداریی سەدان کەس لە خەڵکی ناوچەکە، بە خاکی پیرۆزی نیشتمان ئەسپێردرا. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری کاک حوسێن دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر کۆچی دوایی کرد

کاک «ئەیووب مینبەری» خەڵکی گوندی «نییەر» سەر بە ناوچەی ژاوەرۆی سنە، ڕێکەوتی ٤ی سەرماوەز، ماڵاوایی لە ژیان کرد.

کاک «ئەیووب مینبەری»، کەسایەتییەکی دڵسۆز، نیشتمانپەروەر و حیزبدۆست بوو.

ناوبراو لە دەیەی ٦٠ی هەتاویدا، هاوکار و یارمەتیدەری پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو و تا دوایین ساتەکانی ژیانی، بە ڕێبازی حیزبی دێموکرات وەفادار مایەوە.

تەرمی کاک «ئەیووب» لە نییەر و لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

## دایکی دوو شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان کۆچی دوایی کرد

دایکی شەهیدان «مستەفا و محەممەدڕەحیم ئەسەدی» لە گوندی «خۆڵینە»ی هەوشار، دوای تەمەنێکی پڕسەروەری ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ١١ی سەرماوەز، دایە «خاوەر نەعیمی» دایکی شەهیدان «مستەفا و محەممەدڕەحیم ئەسەدی»، خەڵکی گوندی خۆڵینەی سەرچۆمی جەغەتووی هەوشار، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دایە خاوەر ژنێکی نیشتمانپەروەر و حیزبدۆست بوو.

لە هەر شوێن و کۆبوونەوەیەک، پشتیوانیی خۆی لە حیزب دەردەبڕی و بەرگریی لە بیر و باوەڕی ڕۆڵە شەهیدەکانی دەکرد.

ناوبراو کەسایەتییەکی ئازا و بەجەرگ بوو و زۆر جاریش لەلایەن ڕێژیم و بەتایبەت سیخوڕ و بەکرێگیراونی ڕێژیم ئازار و ئەزیەت دەکرا، بەڵام دایە خاوەر هەتا دواساتەکانی ژیانی بە ڕێبازی ڕۆڵە شەهیدەکانی وەفادار مایەوە.

شەهید «مستەفا ئەسەدی» ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی لە گوندی خۆڵینە لەدایک بوو.

دوای هێرشی داگیرکەرانی ڕێژیمی ئاخوندی بۆ سەر کوردستان پەیوەست بە ڕیزی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە بوو. شەهید مستەفا، سەرئەنجام لە ڕێکەوتی ٨ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوی، لە دەرگیرییەکدا دژی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە شوێنێک بە ناوی «سەرتەخت»ـی سەقز تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو. هەروەها شەهید «محەممەدڕەحیم ئەسەدی» لە دەرگیرییەکدا دژی ڕێژیمی پەت و سێدارە لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە ناوچەی «ئالان»ـی سەردەشت، تێکەڵ بە کاروانی شەهیدان بوو. تەرمی دایە خاوەر لەنێو ئاپۆڕای خەڵکی ناوچەکەدا بە خاک ئەسپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەرەخۆشی لە بنەماڵە، خزم و کەسوکاری ناوبراو دەکات و خۆی بە شەریکی خەمیان دەزانێت.

# کەمئەندامان
# جێگەی ڕێزلێگرتنن نەک ڕەشکردنەوە و پشتگوێخستن

**شەماڵ تەرغیبی**

لە ساڵی ١٩٩٢ ی زایینی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ٣ی دیسامبر بەرامبەر لەگەڵ ١٢ی سەرماوەزی وەک ڕۆژی جیهانی کەمئەندامان ناودێر کرد، ئامانج لە دیاریکردنی ئەم ڕۆژە، وەک ڕۆژی کەمئەندامان بردنەسەری ئاستی زانیاریی گشتیی خەڵک سەبارەت بە کێشە جۆراوجۆرەکانی کەمئەندامان لە بوارەکانی، سیاسی، ئابووری، کولتووری، کۆمەڵایەتی و هەروەها وەبیرهێنانەوەی توانایییە شاراوەکانی ئەم توێژە و ئەرکدارکردنی دەوڵەتەکان بۆ قەرەبووکردنەوەی پێداویستییەکانیان و گرینگی پێدان لە هەمبەر پرسەکانی کەمئەندامان و پشتیوانیی لە کەرامەت، ماف و پێداویستەکانی ئەم توێژەیە.

هەنووکە پتر لە ٥٠٠ میلیون کەس لە جیهاندا بە هۆکاری کەمایەسی لە سیستمی ڕۆحی، مێشکی و جەستەیی کەمئەندامن.

دیارە هەندێک ئاماری دیکەش بوونیان هەیە کە باس لەوە دەکەن کە لە هەر ٦ کەس لە جیهاندا یەک کەس کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەتە کە بەو پێیە زیاتر لە ١ میلیارد کەس لە خۆ دەگرێ دوایین بەراوردەکان دەریان خستووە کە نیزیک بە ٣ میلیارد کەس لە جیهاندا دەرگیرن لەگەڵ کەمئەندامییەکاندا.

ئەم کەسانە لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن بەهۆی ڕواڵەتیان و کەمتواناییان لە ڕاپەڕاندنی کارەکان لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی جیددی بەرەوڕوون؛ کێشەگەلی وەک قەبوڵ نەکردنیان لەلایەن کۆمەڵگە وەک تاکێکی کاریگەر، کێشەگەلی شەخسی و تاکەکەسی، کێشەگەلی ئابووری، بێبەشبوون لە زۆرێک لە مافە سیاسییەکان و .... بەکورتی کەمئەندامان لە بەشێکی بەرچاو لە مافە مەدەنی، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابوورییەکان بێبەری دەبن.

کەمئەندامان گەورەترین کەمینەی جیهان پێک دێنن کە زۆربەی هەرە زۆریان دەکەونە چینی کەمداهات و هەژاری کۆمەڵگاکان کە هەلی کاریان زۆر بە کەمی بۆ دەڕەخسێ.

کۆی ئەم پرسگەلەش جۆرێک لە قەیران یان بوحرانی هۆوییەتی و شوناسی بۆ تاکی کەمئەندام پێک دێنێت. شێوانی هۆویەت، مەهارەتی بڕیاردانیان لێ دەستێنێت و تووشی بێ ئاسۆیی و ناهۆمیدیی وا دێن کە دەستیان بۆ هیچ کارێک ناڕوات و هیچ کارێکیان لە دەست ڕاناپەڕێت.

ناچار بێ ئەوەی خۆیان بزانن دەکەونە سەر شەپۆلی ڕووداوەکان و لە ڕەوتی ژیاندا تەکانێک لەخۆ نادەن و خۆیان بە دەستی قەزا و قەدەر دەسپێرن.

ئەم ڕەوتە سەخت و دژوارە بەتایبەت ئەو کاتە زیاتر بەرجەستە دەبێتەوە کە لەگەڵ گوێنەدان و بێ‌ئێعتنایی کەسانی دەوروبەر بەرەوڕوو ببنەوە کە ئەو کاتە خۆیان لە بازنەی ئەحواڵی مەدەنی هیچ لایەکدا نابیننەوە.

دواجاریش لەرزۆکی و ڕاڕایی لە نێو گێژاوێکی ڕۆحی وا پاڵیان پێوە دەنێت کە نەتوانن نوقتەیەکی مەلمووس و کۆنکرێت بۆ لەنگەرگرتنێکی ئەگەر زۆر کەمیش بێ، بۆ خۆیان دیاری بکەن. کەواتە کەشێکی سەختی سایکۆلۆژی باڵیان بەسەردا دەکێشێ کە هەست بکەن دوورن لە ئینسان و ئینسانییەت.

زۆرترین هۆکارەکانی زیادبونی ساڵانەی ڕێژەی کەمئەندامان لە ئاستی جیهانیدا بریتین لە: شەڕ و تێکهەڵچوونەکانی (چ لە ئاستی هەرێمی وچ لە ئاستی نێوخۆیی وچ لە ئاستی جیهانی و بانناوچەیی)، برسیەتی، نەخۆشییە جۆراوجۆرەکان بەتایبەت لە وڵاتانی پاشکەوتوودا، گرفتە ئابووری و سیاسییەکان لە وڵاتانی نیمچەپێشکەوتوو، ڕووداوەکانی هاتوچۆ، پیسی ژینگە و کەڵکوەرگرتنی ناتەندرووست لە دەرمانەکان لە وڵاتانی لەحاڵی گەشەسەندندا.

لە ئێراندا و بەپێی هەندێک لە ئامارە فەرمییە حکوومەتییەکان زیاتر لە ١٢ میلیۆن کەس خاوەن پێداویستی تایبەتن بەڵام دەزگای بێهزیستی و ناوەندی ئاماری ڕژیم حاشا لە بوونی وەها ئامارێک دەکەن و دەڵێن حەشیمەتی کەمئەندامانی ئێران نیزیک بە ١ میلیۆن و ٣٠٠ هەزار کەسە! جیاواز لە نەبوونی ئاماری درووست و ورد لەسەر حەشیمەتی ئەم توێژەی کۆمەڵگای ئێران، ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری چینی کەمئەندام لە ئێران کە زۆر جار لەگەڵ بەرخورد و دژکردەوەی نالۆژیکی لێپرسراوانی حکوومەتیش بەرەوڕوو دەبنەوە ساڵانە زیاتر لە ٦٠ هەزار کەس بە حەشیمەتی کەمئەندامانی ئێران زیاد دەبێت کە نرخی بێکارییان نیزیک بە ٧٠٪! لەم ڕاستایەدا و پاش بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتگەلی تایبەت لەمەڕ نەبوونی خزمەتگوزاری تایبەت بۆ ئەم کەسانە لەلایەن دامودەزگا حکوومەتییەکان، ڕێکخراوەکانی کەمەینی مافی مرۆڤی ئێران و ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لە ڕاپۆرتێکدا ڕەخنەیان لە کۆماری ئیسلامی گرتبوو کە هیچ چەشنە ئاوڕێکی جیددی لە کەسانی خاوەن پێداویستی تایبەت نەداوەتەوە و ژیان و گوزەرانی ئەو کەسانەی وەک زیندانیگەلێک وەسف کردبوو کە لە ماڵی خۆیاندا زیندانی کراون.

بەگشتی ئەوەیکە هەیە، بوونی چینێکی پەراوێزخراوە لە کۆمەڵگای ئێراندا کە نەتەنیا ئاوڕ لە پێداویستییەکانیان نادرێتەوە و پشتیوانییان لێ ناکرێ بەڵکوو بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆش هەوڵ بۆ بنپێخستنی داخوازە ڕەوا و ئینسانییەکانیان دەدرێ.

ئەم بارودۆخە نەشیاوە کە بەرۆکی کەمئەندامانی ئێران بەگشتی گرتووە لەو ناوچە و هەرێمانەی کە نەتەوەکانی جوغرافیای ئێرانیان پێک هێناوە دژوارتریشە!

هەرێمگەلی وەک کوردستان و خوزستان و بەلوچستان کە جیا لە ئاسەوارەکانی شەڕی ماڵوێرانکەری ٨ ساڵە، بەهۆی جیابیرییان و لەچوارچێوەی سیاسەتی کۆلۆنیالیستی کۆماری ئیسلامی بەردەوام چەوسێندراونەتەوە.

بۆنموونە لە زۆربەی شارەکانی کوردستاندا ئێستەش ئاسەوارەکانی شەڕ هەر دەبینرێن و ناوە بە ناوە هەواڵی تەقینەوەی یەکێک لە پاشماوەکانی ئەم شەڕە نگریسە بە ڕووی منداڵانی کوردستان، ناخی پڕ لە ئازاری هەموو مرۆڤێکی خاوەن ویژدان دەهەژێنێ. جیا لەوەش پاک نەکردنەوەی ناوچە سنوورییەکان لە مین و بەپێچەوانەوە هەوڵدان بۆ ئالوودەترکردنی ئەو ناوچانە بە بیانووی پاراستنی سنور و ڕێگری کردن لە دزەی دەرەکی بووەتە مۆتەکەیەکی خۆفناک کە ژیانی لە خەڵکی ئاسایی ئەو ناوچانە تاڵ کردووە. کەم گوند و شاری کوردستان هەیە کە بە دەیان قوربانی مینی تێدا نەژی کە وەک کەمئەندام لە سوچێکی ماڵدا ماونەتەوە؛ یان بە تەقەی ڕاستەوخۆ و بەئەنقەستی سەربازانی ئەهریمەن دەبنە هۆی گیانلەدەستدان، کەمئەندام بوونی بەشێک لەو چینە زەحمەتکێشەی کە بە کۆڵبەر ناسراون و بژێوی ژیانی ڕۆژانەیان لەو ڕێگەیەوە پەیدا دەکەن.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئێمەی کورد لە ڕوویەکی دیکەشەوە دەبێ خوێندنەوە بۆ ئەم مژارە بکەین یان بەواتایەکی تر دەبێ هەموو کات ئەوەمان لەبەر چاو بێت کە لە ڕەوتی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەماندا هەبوون کۆمەڵە کەسانێک کە لە پێناو ڕزگاری گەل و نیشتمان و باوەڕە بەرزە مرۆڤتەوەرانەکاندا گیان و جەستەی خۆیان کردووەتە پردەبازی ئازادی. بەشێکیان بە گیان سەلماندوویانە کە ئیرادەیان بە چۆکدا نایەت و شەهید بوون و بەشێکیان جەستەی خۆیان کردووەتە سەلمێنەر و بەڵگەی حەقانییەت و ڕەوایی خەبات؛ «کەمئەندامانی سەنگەر»!

ئەو توێژەی کە کەوتنە بەر تیری دڵڕەشی و تیرۆری جینایەتکارانی ڕێژیم و بەشێک یان چەند ئەندامی جەستەیان لەدەست داوە کە بەداخەوە ژمارەشیان کەم نییە.

ڕەنگە بەرچاوترین کەسایەتی نێو ئەم توێژە بۆ ئێمەی کورد کە نەیتوانیوە بە زۆرێک لە حەز و خولیاکانی بگات و لەم مافە ئینسانییەش بێبەش بووە، تێکۆشەری دێرین و کەسایەتی ناسراوی نەتەوەکەمان مامۆستا مەلا «حەسەن شیوەسەڵی» بێت، کە بە کەمئەندامی بەڵام بە باوەڕمەندی بە ڕەوایی ماف و ئازادییەکانی نەتەوەکەی ژیانێکی نەک ئاسایی بەڵکوو پڕ لە نەهامەتی و ئێش و ئازار تێپەڕ دەکات. زیاتر لەوەش ئەو تایبەتمەندییە تاڵەی جەستەیی شوێنەواری نەرێنی لەسەر دڵ و دەروونی داناوە کە ناچار بێت لەگەڵ هەلومەرجێک هەڵبکات کە تەنیا کەمئەندامان دەتوانن هەستی پێ بکەن و لە نێوەڕۆکی پڕئازاری ئەو حاڵەتانە تێ بگەن.

زۆربەی کەمئەندامان وێڕای هەر کەسێکی ئاسایی خاوەن خێزان و منداڵن کە بەهۆی کەمئەندامیی جەستەیی و نالەباریی باری دەروونی، نە دەتوانن بەشێوەی ئاسایی و بەدڵی خۆیان بە بنەماڵەکانیان ڕابگەن و نە ئەو کارە بۆ دابینبوونی بژێوی ژیانی بنەماڵەیان بکەن کە پێشتر کردوویانە و ئەوەش بە نۆرەی خۆی ئازاردەری دڵ و دەروونیانە. بەو حاڵەش تەسلیمی ئەو هەلومەرجە دژوارە نەبوون و سەربەرزانە درێژە بە تێکۆشان و ژیانیان دەدەن.

چەند تاڵە کاتێک کە هاوڕێ و هاوسەنگەرێک یان تەنانەت کەسێکی دیکە لە دیدە و دیتن بێبەش دەکرێ، دوونیای ڕوون و دیمەنی منداڵەکانی نابینێ و ناچار ڕوو و ڕواڵەتی جگەرگۆشەکانی لە زێهنی خۆی و عالەمی خەیاڵدا وێنا دەکا.

پێی نەبێ، پێ هەڵگرتن فێری منداڵەکەی بکا، یان دەستی نەبێ بەسەر ڕۆڵەکانیدا بکێشێ ئەوە ئەو کەمئەندامانەن ئەو دەردە دەچێژن و لەگەڵ ئەم ئازارانە هەڵدەکەن.

ئەوەیە کە حەسەن شیوەسەڵی و شیوەسەڵییەکان دەکاتە مامۆستا، هێما، ڕەمز، سیمبۆل و وێنایەک لە ئازایەتی و مردن بۆ ژیان. دەیانکاتە مامۆستایەک بۆ ئازادژیان، سەروەرژیان و خۆڕاگری.

ئەم تایبەتمەندییانە ئەو کاتە زیاتر بەرجەستە دەبنەوە کە گوێ لە وتە و پەیڤە کەسکە ژیانبەخشەکانی مامۆستا دەگری؛ کاتێک کە گوێی لە ڕاگەیەندراوی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکرات لەمەڕ دیاریکردنی ڕۆژی ١٦ی سەرماوەز وەک ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب دەبێ و دەڵێ: « ئەو ڕاگەیاندنە لەو بارەیەوە گرینگ بوو کە دیواری بێدەنگی لە دەوری هەندێک بابەتدا تێک ڕووخاند.

لەمێژ بوو تەلیسمی بێدەنگی بەسەر فەزای حیزبیدا زاڵ ببوو.

زۆر لێو مۆری سکوتیان لێدرابوو. بە هیچ نەگرتن و بێ ئیعتنایی و بێدەنگی لە ڕاست ئەوانەی تیری مەینەتی ڕۆژگاریان لێدراوە لە ویژدان و قامووسی ئەو ئینسانەی دۆستی ئینسانەکانن خەتی سوور و هەڵوێستێکی نامۆ و ناڕەوایە.

ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە کەمئەندامان قفڵی سکوت و بێدەنگی شکاند و تەلیسمی کۆدە داخراوەکانی پووچەڵ کردەوە.»

یان کاتێک کە دەڵێ: « ئەمن کەمئەندام نیم!!! بەڵکوو بێئەندامم، ئەمن ساڵها پێش تەقینەوەی ئەو بۆمبەی کەمئەندام بووم، پێش هەموو جێگایەک شەویلکەی لای چەپم شکاوە، قەوسی پێم شکاوە، ڕانم شکاوە، دەستم لە دوو جێ شکاوە و نیوەفەلەج ببوو، شانم شکاوە و زۆر جێگای دیکەی بەدەنیشم گوللەی دوژمنی وێکەوتووە کە بەشێک لە وێنە جۆراجۆرەکانی بریندارbوونم لە ئارشیوی حیزبدا ڕاگیراون، بەڵام شانازی دەکەم کەمئەندام بم.»

هەر کام لەو پەیڤانە دەرخەری گۆشەیەکی بچووک لە دەریای بێبنی گەورەیی و مەزنایەتی مرۆڤێکە کە بە عەقڵانییەتەوە، لەڕووی شعووری بەرزی سیاسی و لە ڕۆچنەی ئیرادەیەکی پۆڵایینەوە چاو لە ژیان دەکات و مانایەکی نوێ بە ژیان دەبەخشێ کە پێمان دەڵێ: « کەمئەندامان جێگەی ڕێزلێگرتنن نەک ڕەشکردنەوە و لەقەڵەم خستن».

**بەرز و بەڕێز بێ ١٦ی سەرماوەز**
**ڕۆژی کەمئەندامانی حیزب**

> **لە ڕەوتی شۆڕشی ڕزگاریخوازانەماندا هەبوون کۆمەڵە کەسانێک کە لە پێناو ڕزگاری گەل و نیشتمان و باوەڕە بەرزە مرۆڤتەوەرانەکاندا گیان و جەستەی خۆیان کردووەتە پردەبازی ئازادی. بەشێکیان بە گیان سەلماندوویانە کە ئیرادەیان بە چۆکدا نایەت و شەهید بوون و بەشێکیان جەستەی خۆیان کردووەتە سەلمێنەر و بەڵگەی حەقانییەت و ڕەوایی خەبات؛ "کەمئەندامانی سەنگەر"!**

> **" ئەمن کەمئەندام نیم!!! بەڵکوو بێئەندامم،**
> **ئەمن ساڵها پێش تەقینەوەی ئەو بۆمبەی کەمئەندام بووم، پێش هەموو جێگایەک شەویلکەی لای چەپم شکاوە، قەوسی پێم شکاوە،**
> **ڕانم شکاوە، دەستم لە دوو جێ شکاوە و نیوەفەلەج ببوو، شانم شکاوە و زۆر جێگای دیکەی بەدەنیشم گوللەی دوژمنی وێکەوتووە کە بەشێک لە وێنە جۆراجۆرەکانی برینداربوونم لە ئارشیوی حیزبدا ڕاگیراون،**

# وێکچوواندنێکی گەمژانە

**خالید دەروێژە**

بە دوای خرۆشانە بەرفراوانە جەماوەرییەکەی گەلانی بندەستی ئێران دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کە ئاکامی وڵامنەدانەوەی لانیکەمی بە ویست و داخوازییە ڕەواکانیان بوو، لێدوانی سەیر و سەمەرەی سەرانی ڕێژیم کە لە چوارچێوەی هزری چەقبەستوو و لە باڵەخانەی شیشەیی بیر و بۆچوونی ئیدئۆلۆژیک و دواکەوتووانەیانەوە سەرچاوە دەگرێت، نە تەنیا ڕەوتی ڕووداوەکانی بە ئاراستەی هێورکردنەوەی دۆخەکە پاڵ پێوەنەنا بەڵکوو هەروەک سیاسەتی هەڵە و لە ناکاوی گران کردنی بێنزین، بێنزینیان بە ئاگری ڕق و تووڕەیی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا کرد. یەکێک لە ناحەزترین و دزێوترینی ئەم لێدوانانە، لێدوانی عەلی فەدەوی، جێگری فەرماندەی سپای پاسدارانی ڕێژیمە کە لە وێکچوواندنێکی گەمژانەدا بەوپەڕی ڕووهەڵماڵراوییەوە ئەم ڕووداوە بە عەمەلیاتی کەربەلای چوار دەشوبهێنێت. ئاکام و دەسکەوتەکانی ڕێژیم لەو ئۆپراسیۆنە چی بوون کە ناوبراو بە شانازییەوە باسی لێوە دەکات؟ ئایا هیچ ویژدانێکی زیندوو و بەرپرسیار دوای ڕوانینێکی تەنانەت ڕواڵەتیش لە ڕووداوەکە، کە کوژران، بێسەروشوێن و بریندارbوونی ١٢ هەزار ڕۆڵەی فریوخواردووی ئەم وڵاتەی لە ماوەی کەمتر لە شەو و ڕۆژێکدا لێ کەوتەوە نەدەبوو زمانی لە گۆ کەوتبا و لێگەڕابا ڕەوتی ڕۆژگار بە لەبیرکردنی ئەسپاردبا؟ ئایا کوشتنی سەدان کەس ،بریندارکردن و دەستبەسەرکردن و بێسەروشوێنکردنی هەزاران کەسی ڕاپەریوی ئەم خرۆشانە کە تەنیا تاوانیان هاواری مافە ڕەواکانیان بوو، هۆکاری وێکچوونی ئەم دوو ڕووداوەیە؟ کۆماری ئیسلامی لە درێژەی سیاسەتە شەڕەنگێزییەکانی بۆ ئاودێری داری قەڵافەتە بێزراوەکەیان بە خوێن، گەڵاڵەی هێرشبەرانەی بۆ سەر ڕێژیمی بەعس بە ئامانجی خەیاڵی داگیرکردنی بەسرە لە بەفرانباری ١٣٦٥ی هەتاوی لە ژێر ناوی عەمەلیاتی کەربەلای چوار دەست پێکرد، لەم ئۆپراسیۆنەدا کە هەموو ئامادەکارییەکی پێشوەختەی بۆ کرابوو، لەگەڵ ئاشکرابوونی گەڵاڵەکە لای بەعسییەکان، سەرانی بە خوێن تینووی ڕێژیم و لە سەرووی هەموویانەوە خومەینی و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و ڕەزایی و باقی فەرماندەرانی سپا، مکووڕ بوون لە سەر بەڕێوبردنی و لە ئاکامدا هەر وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا، لەگەڵ دانی تێچوویەکی زۆری گیانی و ماڵی کە تا ئێستاش بە ڕوونی باسی لێوە ناکرێت، کۆماری ئیسلامی دۆڕان و شکستێکیتری لە لاپەڕەی دۆڕاوەکانی تۆمار کرد. ئەم شکستە هەر وەک دواتر لێکەوتەکانی دەرکەوتن، دەست هەڵبڕینی خومەینی بە نیشانەی شکست و دواجار خواردنەوەی جامی ژەهری بە دوای خۆیدا هێنا. وڵامی ئەم وێکچوواندنە لە گۆشەنیگای فەدەوییەوە چی بێت بۆ خۆی دەبێ وڵام بداتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە و پێویستە هەڵوێستەی لە سەر بکرێت ئاماژە بەو واقعییەتانەیە کە، هەر وەک چۆن لە کەربەلای چوار، هەزاران ئێرانی بوون بە سووتەمەنی شەڕێکی ئیدئۆلۆژیک لە پێناو هێژمۆنیخوازی دەسەڵاتدارانی تاران، هەر ئاواش لەم خرۆشانە جەماوەرییە بە هەزاران خۆپیشاندەری ئێرانی بوون بە قوربانی سەپاندنی دەسەڵاتی سەدە نێونجییەکانی ڕێژیم. بەو جیاوازییە کە لە کەربەلای چوار لەگەڵ بەعس گیانیان لێ ئەستێندرا و لەم خۆپیشاندانە لەگەڵ دوژمنی ڕاستەقینە و سەرەکیان. هەروەک چۆن دۆڕانی ئێران لە ئۆپراسیۆنی کەربەلای چوار سەرەتایەکی بنەڕەتی بۆ شکست لە ئۆپراسیۆنەکانیتر و دواجار ملکەچبوون بە قەبووڵی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێکەوتەوە هەر بەم شێوەیەش ئاگری ژێر خۆڵەمێشی ئەم گڕکانە جەماوەرییە سەرەتایەک بۆ کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامی دەبێت. ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێک دەنگی شکانی ئێسکەکانی سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕش لە لوبنان و یەمەن و سوریە و عێراق تا دەگاتە بناگوێیان لە جەماران هەر وەک شکستە ئابڕووبەرانەکەی کەربەلای چوار، دەبیندرێن و لە گوێی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێراندا دەزرینگێتەوە.

ئەمڕۆ خەڵکی ئێران بە گشتی و نەتەوە بندەستەکانی بەتایبەت، بەپێچەوانەی ڕیزی پرشوبڵاو و دارمانی زیاتری ڕۆژ لە دوای ڕۆژیان، یەکگرتووانە و یەکدەنگ هاواری تێپەڕبوون بەسەر ڕێژیمدا دەڵێنەوە و کۆماری ئیسلامی لە تەواوییەتی خۆیدا دەکەنە ئامانجی ڕقی پیرۆز، وێکچوونی ئەم خرۆشانە جەماوەرییە لەگەڵ کەربەلای چوار لە دیدی ڕێژیمەوە هەر چییەک بێت خەڵکی وەزاڵەهاتوو و بێزار لە سیاسەتە دژەگەلییەکانی ڕێژیم دەرەنجامی شکست و دۆڕانی وەک یەکی ڕێژیمی لێ چاوەڕوان دەکەن و بە کردەوەش بۆ ئەسپاردنی ڕێژیم بە زبڵدانی مێژوو قۆڵی هیممەتیان لی هەڵماڵیوە.

# گرانکردنی بێنزین و دەرهاویشتەکانی

**جاقڵ**

وەزیری سەنعەت، کانزا و بازرگانی ڕێژیم لە نوێترین لێدوانیدا باسی لە گرانبوونی نرخی پڕمەسرەفترین کاڵاکان لە ئێران لە پاش گرانکردنی بێنزین کردووە و وتوویەتی: «لە ماوەی ٩ ڕۆژدا نرخی ٥٢٪ی پڕمەسرەفترین کاڵاکان لە یەک تا چوار لەسەد گران بوون؛ هەڵبەت نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە ئەم گرانبوونە کاریگەری و شوێندانەری ڕەوانی و دەروونیشی لێدەکەوێتەوە!»

هاوکات لە حەوتووی ڕابردوودا بازاڕی کەلوپەلە یەدەکییەکانی ماشین کەوتە ژێر کاریگەری گرانکردنی بێنزین و کەلوپەلەکانیان لە ١٠ بۆ ١٥٪ گران کرد کە لەوانە دەکرێ ئاماژە بە سەرسیلەندر، واشەر سەرسیلەندر و دیسکی سەفحە کەلاج بکەین؛ بۆ نموونە نرخی دیسک لە ٨٥٠ هەزار تمەنەوە گەیشتوەتە یەک میلیۆن تمەن! ڕۆژنامەی «همشهری» لە زاری ئەندامێکی هەیئەتی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی فرۆشیارانی پێداویستییە بێهداشتییەکانیش نووسیویەتی: «بازاڕی کەلوپەل و پێداویستییە بێهداشتییەکانیش هاوشێوەی بازاڕەکانی تر، کەوتووەتە ژێر کاریگەری نرخی بێنزین و ڕووداوەکانی یەک حەوتووی ڕابردوو و گرانی بەرۆکی گرتووین؛ ئەگەر ئەم ڕەوتە بەردەوام بێ، مایەپووچی لەم سەنعەتەدا پرسێکی بێئەملاوئەولایە!» هاوکات لە دوای خۆپیشاندانەکان، نرخی پێداویستییەکانیش لە بازاڕەکانی کوردستان و ئێراندا گرانتر بوو، بەڵام ڕێژیم هەڕەشە دەکات کە نابێ هیچ شتێک گران بێت. بەپێی دوایین هەواڵە پێوەندیدارەکان لە شارەکانی کوردستان، جیا لە دۆخی ئەمنییەتیی شارەکان، نرخی خۆراکیش بەرز بووەتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم هەڕەشە لە بازاڕییان دەکەن کە نابێ هیچ کەلوپەلێک گران بکرێت. بۆ نموونە لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە شاری سەقز یەک کیلۆ تەماتە بە ١٢ هەزار تمەن فرۆشراوە و لە شارەکانی تاران و کەرەج نرخی هەر کیلۆ تەماتە سەرووی ١٢ هەزار تمەنی تێپەڕاندووە! هەڵبەت لە مارکێت و فرۆشگە لاکچێرییەکاندا نرخەکان چەندین قات زیاتر لەم ڕێژەیەن و ئەم نرخانە کە بەردەوام بەرز و نزم دەبنەوە هی بازاڕە ئاساییەکانە کە خەڵکی کەمداهات ڕووی لێ دەکەن.

ئەمانە تەنیا چەند نموونەیەکن لەو کەتوارەی کە پێی دەوترێ «گرانی» و یەکێکە لە ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی گرانکردنی بێنزین و بڕیاردەر و هۆکارەکەشی ڕوونە کە سەرانی کۆماری ئیسلامین؛ چوونکە ئەوان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی بودجەی خۆیان و ناتوانایییان لە دابینکردنی بودجەی ڕۆژانەی ئیدارە حکوومەتییەکان، بەتایبەت بۆ ساڵی داهاتوو، دەستیان بۆ گیرفانی بەتاڵی خەڵکی خۆیان بردووە تاکوو بە تاڵانکردنی، بتوانن خۆیان بژیێنن.

«گرانی» یەکێکە لە ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی گرانکردنی بێنزین و بڕیاردەر و هۆکارەکەشی ڕوونە کە سەرانی کۆماری ئیسلامین؛ چوونکە ئەوان بۆ قەرەبووکردنەوەی کەمیی بودجەی خۆیان و ناتوانایییان لە دابینکردنی بودجەی ڕۆژانەی ئیدارە حکوومەتییەکان، بەتایبەت بۆ ساڵی داهاتوو، دەستیان بۆ گیرفانی بەتاڵی خەڵکی خۆیان بردووە تاکوو بە تاڵانکردنی، بتوانن خۆیان بژیێنن لەپاش تەحریمەکانی ئامریکا بۆ سەر کەرتی نەوت، بەرەبەرە ڕێژیم درکی بەو ڕاستییە کرد کە تەحریمەکان تەنیا هەندێ کاغەزی دڕاوی بێکەڵک نین! بەڵکوو ئەمانە بڕیارنامەگەلێکن کە سەرپێچی کردن لێیان دۆخێکی نەشیاو پێک دێنێت بەڵام چوونکە هیچ کات ئامادە نەبوون کە مل بۆ ویستی خەڵکی خۆیان و کۆمەڵگای جیهانی کەچ کەن، ڕوویان لە تاڵانکردنی زیاتری خەڵکانی ئێران کردووە و بە دانی بڕیارێکی لەو چەشنە و بێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە خەڵک بەتایبەت توێژە کەمداهاتەکان چیان لێ بەسەر دێ بڕیارێکی لەو شێوەیان دەرکرد.

«حیشمەتوڵا فەلاحەت پیشە»، سەرۆکی پێشووی کۆمیسیۆنی ئەمنیەتی میللی و سیاسەتی دەرەکی مەجلیسی ڕێژیم سەبارەت بەم پرسە وتوویەتی: «فرۆشی نەوتی ئێران تا ٢٠ قات کەمی کردووە کەواتە گرانکردنی نرخی سووتەمەنی بەتایبەت بێنزین بە ئامانجێکی سیاسییەوە هاتووەتە گۆڕێ». بەوتەی کارناسان، یەکێک لە کاریگەرییەکانی بڕیارێکی لەو چەشنە کە لە داهاتوویەکی نیزیکدا خەڵکانی ئێران وەک کەتوارێک بە چاوی خۆیان دەیبینن، دروست بوونی دوو بازاڕە لە وڵاتدا: یەکەم بازاڕێکی ڕەسمی و دووهەم بازاڕێکی نارەسمی یان بازاڕی ڕەش. دەرهاویشتەیەکی تری گرانکردنی بێنزین ئەوەیە کە بەو هۆیەوە کە تێچووی بەرهەمهێنانی هەموو کاڵا و خزمەتگوزارییەکان لە ئابووریی ئێراندا بەستراوە بە نرخی سووتەمەنییەکانە، نرخی پێداویستییەکانی ژیان لەژێر کاریگەری نرخی بازاڕی ئازاددا زیاتر دەبێ. کەواتە چوونەسەری نرخی سووتەمەنییەکان لە کورتمەودادا کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر نرخی هەڵاوسانی وڵات دەبێت؛ یەکەم توێژێک کە دەکەونە ژێر کاریگەری ئەم گرانییە هەوساربپچڕاوەش، توێژی کەمداهات و هەژاری کۆمەڵگەن کە زیاتر لە ١٨ میلیۆن خانەوار واتە ٦٠ میلیۆن کەس لە خۆ دەگرێ؛ دوابەدوای گرانبوون و خراپتربوونی دۆخی ژیانی ئەم کەسانە، دیاردەگەلی کۆمەڵایەتی لەوانەش: ئێعتیاد، تەڵاق، ژنانی سەر شەقام، منداڵانی کار، دزی، قەتڵ، قۆڵبڕی، توندوتیژی و .... زیاد و زیاتر دەبن و ئێران دەبێتە وڵاتێک کە ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەیت پێتوایە زامبی هێرشی کردووەتە سەری. ئەمە ئەو بەرجەوەنە تاڵەیە کە دەبێ ئەمڕۆ ئێمە وەک کەتوارێکی تاڵ بیبینین. لە پاش گرانکردنی بێنزین و دەسپێکی ئێعتراز و خۆپیشاندانەکان، کۆماری ئیسلامی لە یەکەم کاردانەوەی خۆیدا هێڵی ئینتێرنێتی پچڕاند تاکوو ئاسانتر و بێ ئەوەیکە دنیای ئازاد بە کردارەکانی بزانێت، سەرکوت و کوشتارەکانی دەست پێ بکات؛ یەکی سەرماوەز حەوتەمین ڕۆژی پچڕانی پێوەندی خەڵکانی ئێران لەگەڵ دنیای ئازاد بوو. پچڕانی ئینتێرنێت لە ئێران کە دوابەدوای نارەزایەتی دەربڕینی خەڵک بە بڕیاری گرانکردنی بێنزین هاتە ئاراوە، ڕاستەوخۆ کەرتە ئابوورییەکان، ئیداری و حکوومەتییەکان، کەرتی خسووسی و بەگشتی کۆمەڵگای ئێرانی خستە ژێر کاریگەری خۆیەوە؛ تەنیا چەند ڕۆژ پاش پچڕاندنی ئینتێرنێت سەرۆکی ناوەندی سەڕافانی ئێران لەمبارەوە وتی: «سەڕافییەکان لە پشوودانی زۆرەملێدان! بەوتەی ناوبراو بەهۆی نەبوونی ئینتێرنێت، چالاکی سەڕافەکان ڕاوەستاوە؛ هەلومەرجی سەڕافەکان بەجۆرێکە کە هیچ کڕین و فرۆشتنێک ڕوو نادات کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی داتەپینی ئابووری». بەڵام جیا لە خەسارەکانی پچڕاندنی ئینتێرنێت کە وەبەر پەیکەری گشتی کۆمەڵگای ئێران کەوتووە، بەشێک لە دەرهاویشتە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی گرانکردنی بێنزین بەم چەشنەیە کە دەکرێ وەک کەتوارێکی تاڵ بۆ ئێستە و داهاتووی ئێران لەبەرچاو بگیردرێ:

بردنەسەری نرخی بێنزین، تێچووی کەڵکوەرگرتن لە ماشینی شەخسی دەباتە سەرێ. کۆمەڵگای ئێران دوو چینە، چینی کەمداهات و هەژار و چینی دەوڵەمەند. ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە بردنەسەری نرخی بێنزین، وەک بەرپرسانی ڕێژیم ئیدیعای بۆ دەکەن، دەوڵەمەندەکان ناچار دەکات پارەیەکی زیاتر بدەن تاکوو چینی کەمداهات بژین، ئەمە واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ماڵیاتێکی ڕانەگەیەندراو دەخرێتە ئەستۆی چینی دەوڵەمەند، بەڵام لەو لاشەوە تێچووی کەڵکوەرگرتن لە کەرەستەکانی گواستنەوەی گشتی زیاد دەبێ. ئەم چوونەسەری نرخە بە خێراییەکی باوەڕنەکراو بۆ کرێی هاتوچۆ و گواستنەوە دەگوازرێتەوە و نرخ و تێچووی ڕاگواستنی موسافر و بار زیاتر دەبێ. بە گرانبوونی تێچووی هاتوچووی نێو شار و نێوان شارەکان لەگەڵ یەکتر چینە کەمداهاتەکانی کۆمەڵگا دەکەونە ژێر گوشارێکی بێوێنەوە کە ڕەنگە تا ئێستاش ئەزموونیان نەکردبێ. گوشاری ئاماژەپێکراو بۆسەر چینە کەمداهات و هەژارەکان تەنیا لە کەرتی هاتوچۆ و گواستنەوەدا کورت نابێتەوە. لە هەلومەرجی ناتەندروستی ئابووریی ئێراندا هەرچەشنە زەبرێکی ئابووریی نوێ دەبێتە هۆکارێک بۆ خێراتربوونی بەرزبوونەوەی هەڵاوسان کە ئەمە ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەبێ جیاوازی دادەنێت؛ بەڵام لەو نێوانەشدا ئەمە بە واتای بێبەشتربوونی زیاتری چینی هەژاری کۆمەڵگایە. چوونکە بەگرانبوونی بێنزین زنجیرەیەک درووست دەبێت لە چوونەسەری نرخەکان لە بازاڕدا! جیا لەم ئاسەوارە ئابووری و گشتییەی کە باس کرا پێویستە ئاماژە بە لایەنێکی تری ئەم ڕووداوە بکرێت کە ئەویش لایەنی شەخسی و دەروونی تاکەکانە! ئاسەوارە ڕەوانی و دەروونییەکانی گران کردنی بێنزین لەلایەن ڕێژیمەوە ڕەنگە زۆر مەترسیدارتر بێت لە ئاسەوارە ئابوورییەکانی. بەوتەی کارناسان، یەکەم دەرەنجامی دەروونی گرانییەکان بەتایبەت بێنزین بریتییە لە زیادبوونی ڕێژەی ترس و دڵەڕاوکێی کۆمەڵگە، کە پاش ماوەیەک و کاتێک بوو بە کێشەیەکی درێژخایەن دەتوانێ کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەسەر ڕەوان و دەروونی تاکەکان دابنێت. کاتێک قەیرانە کۆمەڵایەتییەکان و نەمانی بەرجەوەنی ڕوون بۆ ئابووری هاتە گۆڕێ، گرفتەکە دەبێتە قەیرانێکی تاکەکەسی، تاک هەست دەکات کە هیچ سەقامگرتوویەکی نییە و ناتوانێ درێژە بە پڕۆژە درێژخایەنەکانی بدات. ئەمە دەبێتە هۆی زیادبوونی ڕێژەی سترێس کە ئەم سترێسەش دەبێتە هۆی ئەوەیکە تاک هەوڵ بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ خۆدەربازکردن بدات؛ کاتێک کە ئەم ڕێگایە نەدۆزرایەوە تاک ڕوو لە توندوتیژی دەکات. بەکورتی «شکانی ڕۆحی» وێڕای «ترس لە داهاتوو» و «دڵەڕاوکێی بەردەوام» پێکەوە دەبنە هۆی بەرهەمهاتنی توندوتیژی.

کاتێک ئەم توندوتیژییە لە پاڵ توندوتیژییە حکوومەتییەکان لە ڕابردوو و ئێستە دابنرێت دەبینین کە خەڵک تووشی چ دۆخێکی مەترسیدار دەبنەوە. ئەمە گۆشەنیگایەکی بچووکە لەو کەتوارە تاڵەی کە قەرارە خەڵکی ئێران لە داهاتوویەکی نیزیکدا ئەزموونی بکەن.

> **دوابەدوای گرانبوون و خراپتربوونی دۆخی ژیانی ئەم کەسانە، دیاردەگەلی کۆمەڵایەتی لەوانەش: ئێعتیاد، تەڵاق، ژنانی سەر شەقام، منداڵانی کار، دزی، قەتڵ، قۆڵبڕی، توندوتیژی و .... زیاد و زیاتر دەبن و ئێران دەبێتە وڵاتێک کە ئەگەر لە دوورەوە سەیری بکەیت پێتوایە زامبی هێرشی کردووەتە سەری.**
> **ئەمە ئەو بەرجەوەنە تاڵەیە کە دەبێ ئەمڕۆ ئێمە وەک کەتوارێکی تاڵ بیبینین.**

# کورد لەمێژە نرخی ئازادی دەدات

**نەوید کەرەمی**

کوژران، بێسەروشوێنبوون، دەربەدەری و ماڵوێرانییەکانی کورد بەهۆی گرانکردنی بێنزین، دۆلار، وشکەساڵی، هەرەسهێنانی کەرتی کشتوکاڵ، پەرەسەندنی بێکاری و گرانی لە کوردستان، لێشاوی ماددەهۆشبەرەکان و تووشبوونی لاوەکانمان بەو مادده ماڵوێرانکەرە، تەنیا بەشێکی زۆر چووکەن لەو کارەساتانەی کە ئێمەی کورد ساڵهای ساڵە کە لەگەڵیاندا بەرەوڕووین.

هەر لە نیوەی دووهەمی سەدەی هەژدەهەم بەملاوە، لەو کاتەوە کە کورد هەستی بە بێبەشی، نایەکگرتوویی، پارچەپارچەیی و چەوسانەوەی نەتەوەکەی کردووە، دەستی داوەتە شۆڕش و بەپێی ئیمکان و دەرفەت بۆ کۆتاییهاتن بەو بێبەشی و مافخوراوی و پارچەپارچە بوونە ڕاپەڕیوە و تەنانەت لەو پێناوەشدا گیانی بەخشیوە.

هەر لە شۆڕشەکانی شێخ سەعیدی پیران و سمکۆی شکاک و شۆڕشەکانی ئارارات و کۆماری کوردستان و بارزانییەکان و شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری و ... هتدەوە بگرە هەتاکوو دەگاتە شۆڕشەکانی ئەم سەردەمەی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان لە باشوور، باکوور، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا کە لە لایەن حیزبەکانەوە نوێنەرایەتی دەکرێن، هەر هەموویان لە پێناو یەک ئامانجی سەرەکی، واتە کۆتاییهێنان بە چەوسانەوە و بەشخوراوی و پارچەپارچەکراوی کورد و گەیشتن بە سەروەری و دەسەڵات و کیانی سەربەخۆی کورد سەریان هەڵداوە و ئێستاش بەردەوامن.

لەمێژە کورد پێشمەرگەئاسا گیانبازی و خۆبەختکردنی لە پێناو یەکڕیزیی نەتەوەکەی و سەربەخۆیی نیشتمانەکەی بە سەرفرازی و ئەوپەڕی شانازی داناوە و دادەنێت، لەمێژە بۆ کوردستان نە شەقام دەناسین و نە شاخ و نە سنوور، بە ژیان و خوێنی خۆمان بەڵێنی وەفاداری و بەردەوامی بە نیشتمانەکەمان دووپات دەکەینەوە کە هەتاکوو مسۆگەربوونی هەموو مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و ڕزگاری هەموو خاکی کوردستان درێژەدەری ڕێبازی شەهیدەکانمان و وەفادار بە گەل و خاکەکەمان دەبین. گەر دوژمنان لە ئارارات تراژێدیا بخوڵقێنن، یان کۆماری کوردستانمان لێ بستێنن، یان دەیان شەنگال و کۆبانیمان بەسەردا بێنن، بەڵام هەتاکوو کوردێک دەمێنێت ناتوانن بیری سەربەستی و ئازادیمان لە بیر بەرن و ناتوانن پێش بە ئیرادەی شۆڕشگێڕیمان بگرن.

ئەو بڕیار و ئیرادەیەی کورد کە بووەتە هۆی ئەوەی کە دوژمنان و داگیرکەران هەر دەنگهەڵبڕین و خۆپیشاندانێک کە لە کوردستاندا بەڕێوە دەچێت دەکەن پیلانی ئەمنیەتی و فتوای حەڵاڵ بوونی خوێنی خەڵکی بێتاوانی کورد دەدەن، گوێیان لە ئاست ئازار و ئەشکەنجە و هەرجۆرە داواکارییەکی کورد ئاخێنراوە و هیچ نابیستن، ئەوان لە ڕاستیدا بڕیاریان داوە کە بە قیمەتی کوشتنی هەموو کوردەکان بەردەوام بن لە داگیرکردن و بەتاڵانبردنی کوردستان، هەر بۆیە ئێمەی کوردیش بڕیارمان داوە کە خوێن بدەین بەڵام زوڵم و کۆیلایەتی و سەرشۆڕی قەبووڵ نەکەین.

ئەو ڕاستییە مێژووییەیە کە دەبێتە هۆکار هەتاکوو نارەزایەتی و خۆپیشاندانێکی ئاسایی کە تەنیا لەبەر گرانبوونی بێنزین وەڕێ دەخرێت، لە کوردستاندا بەچاوی سیاسی ببینرێت و تەنیا لە ڕێکەوتی ٢٥ی خەزەڵوەر هەتاکوو ١٢ی سەرماوەز لەو نارەزایەتییانەی کە لە شارەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بەڕێوە چوون بە هۆی سەرکوت و دەستڕێژی ڕاستەوخۆی چەکدارانی ڕێژیم بەڕووی خۆپیشاندەراندا زیاتر لە ٣٦ کەس کوژراو، دەیان بریندار و زیاتر لە ١٥٠ کەسیش هەر بەو هۆیەوە قۆڵبەست و زیندانی کراون، ئەو کردەوە دڕندانانەی تیرۆریستانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەو ئامانجەیە کە بتوانن بە خولقاندنی فەزایەکی لێوانلێو لە ترس و خۆف و تۆقاندن لە کوردستاندا ئەمجارەش دەنگی خەڵک کپ بکەنەوە و بۆ ماوەیەکی دیکەش درێژە بە دەسەڵات و داگیرکاری خۆیان بدەن، بەڵام خەیاڵیان زۆر خاوە، کورد نە هیچکات بێدەنگ بووە و نە هیچکاتیش بێدەنگ دەبێت.

تەنیا ئەوکاتەی کە بە هەموو مافە ڕەواکانمان بگەین و کوردستان لە ژێردەستەیی و زوڵمی داگیرکەر ئازاد ببێت، ئەو کاتەیە کە چیدیکە هیچ کوردێک بەدەست دوژمنی داگیرکەرەوە نەچەوسێتەوە، ئەوسا هەموومان بە سەربەرزی و سەرفەرازی و برایانە لەسەر خاکی کوردستاندا دەژین، بەڵام هەتا ئەوکاتە لەنێو ماڵەکان، سەر شەقامەکان و لەسەرهەرچیا و بەندەنێکی کوردستان یان لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا بین، ئامادە و بەپێوەین بۆ گیانبەختکردن لە پێناو کوردستاندا. ئێمە بونیاتنەرانی نیشتمانین.

# کەمئەندامان خۆڕاگرتر لە چیاکانی کوردستان

## ( پێشکەش بە مەزنترین مرۆڤەکانی گەل )

کامیل ئازەربوون

دیارییەکی پڕ لە سەروەری ڕۆژانی سەنگەر و هاوڕێی شەهیدانمان و وەبیرهێنەری ڕۆژانی دژواری خەبات لە سەنگەری بەرگری کردن لە وڵاتن، کە هەموو کات خۆڕاگری و ئەزموون و مانەوە و سووربوون لە سەر ڕێبازیان بۆ لاوان بۆتە هێمای کەسایەتییەکی جەنگاوەر و وەک ماموستایەک بۆ یەکڕەنگ بوون لە بیرکردنەوە و کۆڵنەدان لە خەبات چاو لێدەکرێن کە لە هەموو قوناغەکانی ژیانیاندا خەریکی بەربەرەکانێن لەگەڵ ئازاری بێپسانەوەی جەستەیی و هەبوونیان شانازییەکی گەورەیە بۆ نەتەوەکەمان و هەر دەم جێگای ڕێزن بۆ گەل و نیشتیمان؛ کەمئەندامانی سەنگەر!

کەمئەندامان کێن؟ کەمئەندامان هەر ئەو پێشمەرگە ئازا و چاونەترسانەی دوێنێن کە بە بوونی ناو و نازناویان ترسیان دەخستە دڵی ڕەشی دوژمنانی گەل و نیشتمان و هەموو کات ئازایانە و بە دڵێکی پۆڵایین لە سەنگەرەکانی بەرگری لە ماف وکەرامەتی گەلەکەیان لە ڕیزی پێشەوەدا بەشداریان کردووە لە شەڕ بە دژی داگیرکەرانی وڵات و هەتا ئەو کاتانەی توانای بەرگری کردنیان ماوە، بەرگریکار بوون و دوای ئەوەی بە هۆی برینە سەختەکانیان نەیانتوانیوە لە سەنگەری بەرگری بمێنن و درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن بە نابەدڵی سەنگەرەکانی خەباتی چەکداریان جێهێشتووە و دەستیان بە خەباتێکی نوێ کردووە؛ وەک باسکردن و گێڕانەوەی ئەو ئازایەتییانەی خۆیان و هاوسەنگەرەکانیان کە چۆن لە هێرشی دوژمنان و پاسداراندا هێرشەکانیان تێک دەشکاند و دوژمنیان بێهیوا دەکرد و کەلاکی دوژمنیان لە کێو و لە دەشتان دەخست یان چۆن لە شەوی تاریکدا و لە ناو دڵی دوژمندا پایەگای دوژمنانیان دەکردە ئامانجی خۆیان و لە تۆڵەی هاوڕێیانیاندا کە شەهید و بریندار دەبوون هەموو شەوێک پایەگایەک و مۆڵگەیەکی ڕێژیم دەگیرا و دەکەوتە دەستی هێزی پێشمەرگە و لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا داستانی حەماسەتی ئەم شەوە بە دەنگی ئەحمەد شێربەگی بە گوێی خەڵکی کوردستان دەگەیشت و بەم قارەمانەتییە مۆمی هیوایان لە دڵی سەدان لاو و خەڵکی زوڵملێکراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەڵگیرساندووە و بە هۆی ئەو قارەمانەتییەی ئەوان ڕۆژانە دەیان ڕێبواریان بۆ ڕێگای پڕ لە سەروەری شەهیدان و خۆیان دەناردەوە سەنگەر . زۆربەمان گوێبیستی گێڕانەوەی ئەو حەماسەتانە بووین کە لەلایان پێشمەرگە دێرینەکان و کەمئەندامانەوە بۆیان گێڕاوینەتەوە و کاتێک کە گوێبیستی گێڕانەوەی بەشداری و شێوەی بەرەنگاربوونەوەی ئەم خەباتکارانە لە بەرامبەر دوژمنانی گەلەکەمان و ئەو زەبر و خەسارانەی کە ئەوان و هاوسەنگەرانیان لە دوژمنیان داوە دەبین مرۆڤ وا هەست دەکات لە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەدایە و گڕکانەکانی هەستت زیندوو دەکاتەوە و تەزوو بە لەشی پڕ لە حەماسەتتدا دەهێنن .

جوامێری و خۆنەویستی ئەم مرۆڤانەیە ئێمەی گەیاندووەتە ئەمڕۆ و هەموو کاتێک مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ خۆی بە قەرزداری خۆنەویستی ئەم کەسانە دەزانێت و وەک خەزێنەیەکی گەورەی نەتەوایەتی چاو لەم کەسانە دەکرێت و لە ڕاستیدا ئەوانن گەورە و ڕێپێشاندەری ڕاستەقینەی شۆڕش . ڕەنگە خۆنەویستی پێناسەیەک یان ناوێکی شیاوی ئەم هەموو خۆبەخشی و جوامێری ئەم مرۆڤانە نەبێت و ئێمە نازانین چۆن ئەم مرۆڤانە پێناسە بکەین و لە ئاست گەورەیی و خۆبەخت کردنی هەمیشەیی ، و یان هەموو کات ئازارکێشانی ڕۆحی و جەستەیی ئەواندا لە پێناو نەتەوەکەیان و ئازادی وڵاتەکەیان وشە کەم دێنین ، جا لێرەیە قەدر و بەهای ئەم مرۆڤانە بۆ ئێمە سەد هێندە دەبێت و لە ئاست گەورەییاندا سەرمان و جەستەمان کرنۆش دەبات بۆ مەزنایەتییان و گەورەییان و دیسان سەرمان بەرز دەبێتەوە بە هۆی بوونیان لە نێوماندا و هەموو کات کەڵک وەردەگرین لە ئەزموونەکانیان لە بەرەوپێشچوونی خەباتی بەردەوامماندا و بوونیان بۆتە پێناسە بۆ خەباتی ڕەوای گەلەکەمان، بۆنیان بۆنی سەنگەر و پێشمەرگە و شەهیدانە بۆ ئێمە. ئێمەی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە مێژووی خەباتی گەلەکەماندا جەنگاوەرانە بەربەرەکانیمان کردووە لەگەڵ بیرێکی فاشیستیانە و خۆبەحەقزان کە بە دوور بوونە لە هەموو یاساکانی مرۆڤایەتی و نێونەتەوەیی و هەموو جوامێرێک لە کاتی شەڕکردن و کاتی دانوستاندا و هەموو کات بە شێوەیەکی دڕندانە و دوور لە جوامێری بە شێوەی قێزەونانە و ترسەنۆکانە کەسایەتییە سیاسییەکانی نێو ڕیزی خەباتی ڕەوای گەلەکەمانیان بە تایبەتی ڕێبەران و کەسانی کاریگەر و بە توانای ناو شۆڕشیان کردووینەتە ئامانجی کردەوە تیرۆریستییەکانی خۆیان و بە فکری خۆیان بۆ سڕینەوەیان و بۆ پەککخستنی خەباتی گەلی کورد دەستیان لە هیچ چەشنە کردەوەیەک نەپاراستووە .

هەر لەم شێوە ئاکارە قێزەونانەی یەک لە دوای یەکەی دوژمنانی گەلەکەمان لە وڵاتی ئێران بەداخەوە شۆڕشگێڕی بەتوانا و کاریگەر و پێشمەرگەی ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ماموستا حەسەن شیوەسەڵیان کردە ئامانجی بیری ڕەش و نەگریسیان و لە تەقینەوەیێکدا بەداخەوە بەرێزیان کرا بە ئامانج و بەداخەوە بوو بە هۆی لە دەستدانی دەستەکانی و هەر دوو چاوی و بریندار بوونی بەشێکی زۆری لەشی بەڵام دوژمنان وەک هەموو کات بێ ئاگا بوون لەوەی بەم شێوە کردەوانە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵات ناوەستێت و بە گڕ و تینتر درێژە بە خەبات دەرێت و کەسانی وەک ماموستا حەسەن شیوەسەڵی و هاوڕێیانی دەبن بە چرای داگیرساوی ڕێگای ئازادی کوردستان و هەموو کات بۆ لاوان دەبن بە ڕێنیشاندەری خەبات و لاوانیش کەمئەندامان وەک هێما بۆ درێژەدانی خەباتی ڕەوا و چرایەک بۆ دیتنی ڕێگا و ڕێبازی پیرۆزتان سەیر دەکەن؛ کەمئەندامانی سەنگەر شانازی گەلێکن و گەل بە هەبوونی ئێوە خۆی پێناسە دەکات و کوردستان سەربەرزە بە هەبوونی ڕۆڵەی وەک ئێوە جوامێر، فیداکار، بە ئیرادە و خۆنەویست.

ئێوە دیسان وەک ڕەمزی بەرخودانی گەلەکەمان دەبنە پێناسە و ڕێبینی ڕێگای پڕ لە سەروەری، نازانین چ ناوێکی دەبێ لەسەرئێوە ئازیزان دابندرێت کە پڕاوپڕ بێت لە تاریفی گەورەییتان ، خۆنەویستانی مێژوویی؟

خولقێنەرانی داستانێکی جوانمێری و قارەمانیەتی؟ تۆمارکەری داستانی گیانبازی و بەرخودان هەتا دواهەناسە بۆ پاراستنی خەڵک و وڵات؟ یاخود گۆرانییەکی پڕ لە جۆش وخرۆش، یان نا ، شیوەنی دڵدارێک بۆ ئەویندارەکەی؟ یاخود شاکارێکی مرۆڤایەتی ؟ ڕەنگە بکرێ هەموو ئەمانە لە یەک شتدا کۆ بکرێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئێوە ئازیزانن کە خۆڕاگرتر لە چیا و بەهێزتر لە مەرگن ئەم ڕووداوە داستانێکی خەیاڵاوی و بێ بنەما و دروستکراوی مێشکی کەسێك نییە، بەڵکوو ڕووداوێکی ڕاستەقینەی مێژووییە.

لەوانەیە زێدەگۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین سەدان داستان و ئەفسانەی جۆراوجۆری کوردی بە شێوازی بەیت کە تێکەڵاویکە لە هەڵبەست و پەخشان و گۆرانی هەن، کە هەر کامیان لە شوێنی خۆیدا بەرهەمێکی کەموێنەیە.

بەناوبانگترینی ئەمانە بریتین لە مەم و زین، خەج و سیامەند، گەنج خەلیل ، شاکە و مەنسور ، قەڵای دم دم، زەنبیل فرۆش، شۆڕمەحموود و مەرزینگان، لاس و خەزاڵ، شێخی سەنعان و دەروێشی عەودی؛ بەڵام ئەوەی داستانەکەی ئێوە جیا دەکاتەوە ، خۆشەویستییەکەتانە و گیان بەخشین لە پێناوی ئەم خۆشەویستییەیە کە ئەویش وڵاتە و خاکی پیرۆزی کوردستانە، ڕاستەقینەبوونی ڕووداوەکەیە، پڕ لە سۆز و خرۆش بوونییەتی، ناسراوبوونی تاک تاکی ئەو کەسانەیە کە بەجۆرێک پەیوەندییان بە داستانە قارەمانانەکەی ئێوەوە هەیە و هەروەها دیاریبوونی کات و شوێنی ڕووداوەکانە... هەر بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٣٩٧ هەتاوی وەک وەفا وئەمەگناسی و پێزانین ، هەر وا بۆ کەمبوونەوەی ئازارەکان و ژانەکانی جەستەتان ئەو حیزبەی کە خۆتان بوون بە پێناسە بۆی و خەباتتان لە نێویدا کرد بۆ ستاندنی مافی ڕەوای گەلەکەمان ڕۆژێکی وەک ڕێز لێنان، وەفا و هەست پێکردن بە بەرپرسیارەتی لە بەرامبەر خەباتی بەردەوامتان لە شازدەی سەرماوەزی هەموو ساڵێکدا دیاری کرد وەک کردەیەکی بچووک لەهەمبەر گەورەیی ئێوەی خۆشەویستدا و لەم ڕۆژەدا تایبەتیتر ڕێز لە خەباتی بێپسانەوەتان دەگیرێت.

لە کۆتاییدا هیواخوازین برینەکانتان سارێژ بێت و چیتر ئازار نەچێژن و هیوای ژیانێکی بەختەوەرانەتان بۆ خوازیارین و تەمەن درێژیتان ئاواتمانە بەڵێنیتان پێدەدەین و دڵنیاتان دەکەینەوە ڕێگاتان پڕ لە ڕێبوارە و ئێوە هەر دەم بۆ ئێمە ماموستای قوتابخانەی کوردایەتی و وەدەستهێنانی ماف بۆ گەلی کوردن ئێوە هەر دەم خۆڕاگرتر لە چیاکانی کوردستانن و بەهێزترن لە مەرگ .

**کەمئەندامان هەر ئەو پێشمەرگە ئازا و چاونەترسانەی دوێنێن کە بە بوونی ناو و نازناویان ترسیان دەخستە دڵی ڕەشی دوژمنانی گەل و نیشتمان و هەموو کات ئازایانە و بە دڵێکی پۆڵایین لە سەنگەرەکانی بەرگری لە ماف وکەرامەتی گەلەکەیان لە ڕیزی پێشەوەدا بەشداریان کردووە لە شەڕ بە دژی داگیرکەرانی وڵات و هەتا ئەو کاتانەی توانای بەرگری کردنیان ماوە، بەرگریکار بوون و دوای ئەوەی بە هۆی برینە سەختەکانیان نەیانتوانیوە لە سەنگەری بەرگری بمێنن و درێژە بە خەباتی چەکداری بدەن بە نابەدڵی سەنگەرەکانی خەباتی چەکداریان جێهێشتووە و دەستیان بە خەباتێکی نوێ کردووە**

**جوامێری و خۆنەویستی ئەم مرۆڤانەیە ئێمەی گەیاندووەتە ئەمڕۆ و هەموو کاتێک مرۆڤێکی شۆڕشگێڕ خۆی بە قەرزداری خۆنەویستی ئەم کەسانە دەزانێت و وەک خەزێنەیەکی گەورەی نەتەوایەتی چاو لەم کەسانە دەکرێت و لە ڕاستیدا ئەوانن گەورە و ڕێپێشاندەری ڕاستەقینەی شۆڕش**

**هەوری ئاسمان بێ خەڵاتم باشە**
**با لەشم خاشە بکێشن باشە**
**گوتی وا ژینی درێژ پێشکەشی**
**گۆشتی مردارەوە بوو هەر بەشی**
**خۆت**
**ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن**
**نەک پەنا بۆ قەلی ڕوو ڕەش بردن**
**لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مژی**
**چۆن بژی شەرتە نەوەک چەندە بژی**

**سوارە ئێلخانی زادە**

# ماموستا ڕەبیعی، قوربانیی جیابیری

ڕاسان



جیاوازی، جیابیری، ئازادژیان، سەربەستی، بڕیار، خۆڕاگری، فرەیی، جۆراوجۆری و ... چەمك و دەستەواژەگەلێکن کە دەسەڵاتی تۆتالیتێر بە هیچ شێوەیەك ناتوانێ بوونیان قبووڵ بکات.

حەقیقەتێك کە لە نێوان بازنەی دەسەڵاتداریی پاوانکراوی خۆیدا، پرسی تاساندنو سڕینەوەی ئەندێشەی دژبەر و جیاواز، وەکوو بەشێك لە پێکهاتەی خۆی دەچەسپێنێت و وەکوو گەرەنتییەك بۆ مانەوەی جێبەجێی دەکا.

بەمجۆرە مێژووی قوربانیکردن و قوربانیبوون شکڵ دەگرێ و مێژوویەکی سوور و خوێناوی کە شەوەزەنگ و تاریکی بەرهەمیەتی، بەدی دێت.

مەلا محەممەد ڕەبیعی، یەکێك لە مەزنترین قوربانیانی جیابیری لە سیستمی یەکانخوازیی کۆماری ئیسلامی بووە؛

کۆماری ئیسلامییەک کە جیا لە خۆی و ئایدیۆلۆژیا چەقبەستووەکەی هیچ بیرکردنەوە و ئایدیایەکی تری قبووڵ نییە و بەردەوام هەوڵی پاکتاوکردن، سڕینەوە و لەنێوبردنی داوە. مەلا محەممەد ڕەبیعی بۆ نەتەوەکەی کەسایەتییەکی نەتەوەیی خاوەن ڕۆڵ و بە باندۆر بوو، هاوکاتیش بۆ هێژموونیی خۆسەپێنەری دەسەڵاتدار، وەکوو هەڕەشەیەك لە قەڵەم دەدرا. وەک کەسانی نیزیک لەو دەڵێن ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ کات بە پێی حەزی دەسەڵاتداران و پیاوەکانی بجووڵێتەوە و لە پێناو بەرژەوەندیی ئەواندا، حەقیقەت چەواشە بکات و هزر و ئەندێشە و بیرکردنەوەی خۆی ڕادەستی بارەگای حاکم بکات بۆیە بووە قوربانیی تێرۆر و تێرۆریزمی سازماندراوی کۆماری ئیسلامی.

کرماشان، چ وەك ناوچەیەکی ستراتژیك و چ وەك گەورەشارێکی کوردستان بۆ دەسەڵاتە ناوەندییە یەك لە دوای یەکەکانی ئێران، بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی گرنگییەکی تایبەت و ستراتێژیکی هەبووە و هەیە.

ڕێژیم وەک باوەڕێکی قووڵ کە بەم مەسەلە هەیەتی ویستوویەتی لە کرماشاندا بە نانەوەی دووبەرەکیی مەزهەبی لە نێوان کوردەکانی پێڕەوی ئایینزای شێعە، سوننی و یارسانەکان، واتە کۆنترۆڵکردنی ئەوان لە لایەن یەکترینەوە، جێپێیەك بۆخۆی بدۆزێتەوە.

لە بەرامبەر هەوڵەکانی ڕێژیمیشدا، کەسایەتییە نەتەوەیی و ئایینییە سەربەخۆکانی ناوچەکە تێکۆشاون کە بە ڕۆشنگەری و ئاگاییبەخشینی بەردەوام بە خەڵك و پێناسەیەکی مرۆڤانە و کراوەتر لە پێکەوەژیان و پێکەوەهەڵکردنی باوەڕ و بیروبۆچوونە جیاوازەکان، لەگەڵ یەکتر و دروستکردنی هەست و تێگەیشتنێکی هاوبەش لەسەر بنەمای نەتەوەخوازی و وڵاتدۆستی، بەرەنگاری پیلانەکانی ڕێژیم ببنەوە. بێ هیچ دڕدۆنگییەك، یەکێك لە سیما هەرە دیارەکانی ئەم ڕەوتە لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەتایبەت کرماشان، ماموستا ڕەبیعی بووە.

ماموستا لە لایەکەوە وەکوو ئیمام و ڕێبەری ئایینی سوننە مەزهەبەکان، ڕۆڵێکی هەرەگرینگی لە دۆستایەتی، یەکیەتیی و یەکانگیریی سوننە و شێعە و یارساندا گێڕاوە، لەلایەکی دیکەشەوە بە خوێندنەوەی دروستی خۆی لە ئایین، پێشی لە گەشەکردنی بناژۆخوازیی مەزهەبی کە دەیتوانی خزمەت بە ئامانجەکانی ڕێژیم بکا گرتبوو.

ڕەنگە لایەنێکی دیکەی کەسایەتیی ماموستا ئەوە بێت کە بەهۆی ئاشنایەتی وردی لە جوولانەوە و بزاڤی گەلەکەی و هەروەها ئاگاداربوون لە مێژوو و فەرهەنگی نەتەوەکەی هەوڵی بۆ تێگەیاندنی کەسانی دەوروبەری خۆی دەدا؛ ئەمەشی وەک هەوڵێک بۆ پێکەوەلکاندنی کوردەکان و نەهێشتنی جیاوازی مەزهەبی و زاراوەیی دەکرد.

ڕوونە ئەم تایبەتمەندییە بەرجەستانە لە ناخی کەسایەتییەکی ئایینی بەبڕشت، جێگەی تەحەممول کردن لەلایەن دیکتاتۆرێکی وەک کۆماری ئیسلامی نەبوو بۆیە لە ١٢ی سەرماوەزی ساڵی ١٣٧٥ی هەتاویدا پیلانی تێرۆر و حەزفی فیزیکی ماموستای جێبەجێ کرد.

امانجی ڕێژیم لەم کردارە چەپەڵە دوو شت بوو: یەکەم نەهێشتن یان نەمانی کەسایەتییەکی وەک ماموستا کە ڕێنوێنیدەر و ڕێپیشاندەر بوو و دووهەم لەو ڕێگەوە هەوڵ بۆ لێکترازاندنی یەکیەتی و یەکگووتاری کورد لە پارێزگایەکی وەک کرماشان بدات.

بەڵام لە پاش ٢٣ ساڵ لەم تێرۆر و ڕەشەکوژییە نگریسە، ئێستەش دەبینین کە قوتابییانی ئەو لە کرماشان و دەوروبەری بە فەخر و شانازییەوە سەیری باوەڕ و بۆچوونەکانی دەکەن؛ ماموستا بووە قوربانی «جیابیری»، بەڵام ئەوەیکە بە تێرۆری ماموستا بۆ ڕێژیم نەهاتە دی، سڕینەوەی «جیابیری» بوو، چوونکە «جیابیری» بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانی مرۆڤ؛ پرسێک کە کۆماری ئیسلامی ناتوانێ درکی پێ بکات.

# حیزبی دێموکرات
# ژیرانە بڕیاری سەبارەت بە ڕووداوەکانی کوردستان و ئێران دا!

محەممەد سلێمانی

گەلانی ئێران بەگشتی و گەلی کورد بەتایبەتی زۆر بە ڕاشکاوی دژی حکوومەتی ئاخوندی هاتنە سەر شەقام و نارەزایەتی و بێزاری خۆیان لەهەمبەر سیاسەتی ستەمکارانەی تاران دەربڕی و زۆر بوێرانە دروشمی ڕووخانی ڕێژیمی ئێرانیان دەگووتەوە. بەداخەوە نرخی خۆپیشاندانەکانی کوردستان و بەشەکانی تری وڵات، یان باشترە بڵێین نرخی ئازادی و گەیشتن بە مافە ئینسانییەکان لە ئێران، بە هۆی سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕێژیمی داپڵۆسێنەری تاران گەلێك بەرچاو بوو. بە دڵنیاییەوە سیاسەتی تۆقاندن و سەرکوتی بیری ئازادی سیاسی و گۆڕینی ڕێژیمی ئێران، بێگومان ناتوانێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر زەمینەی ئەو شۆڕشە مافویستییەی گەلانی پێکهێنەری وڵات هەبێت و بۆ دوورمەودا بێدەنگیان بکات. ڕفتار و کرداری کۆنەپەرستانەی تاران لە ماوەی ٤٠ ساڵ حوکمڕانیدا، جگە لە ستەمی سیاسی و چەوساندنەوەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادبیر و، لە ناوبردنیان بە شێوەی جۆربەجۆر بە هۆی هێزە تایبەتییەکانی حکووومەتی ئاخوندی، کارێکیان نەکردووە کە لە بەرژەوەندی کۆی دانیشتووانی وڵاتدا بێت، بە هەموو پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینزاکانەوە. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك هێزێکی دیار و کاریگەری گۆڕەپانی سیاسی و مێژوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، زۆر حەکیمانە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو دواییەی کوردستان هەڵوێستی گرت و وێڕای ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی لە ئێراندا، پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و بەشەکانی تری ئێران دەربڕی. حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییدا، زۆر ژیرانە خوێندنەوەی بۆ ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و ناوچەییەکان کردووە و لە پەیوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو دواییەی وڵاتدا، بەتەواوی ڕەچاوی بارودۆخی تایبەتی خەڵکی کوردستانی کردووە و هەر لەو ڕوانگەیەوە هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و سواری شەپۆلی هەستۆکی و هاوسۆزی نەبوو. ئەوە نەریتی هێزێکی بەرپرس و نەتەوەییە. وەختێك لە وڵاتێکدا خەڵك دەڕژێنە سەرشەقامەکان و خۆپیشاندان بەدژی حکوومەت ئەنجام دەدەن کە هەست بە گوشاری سیاسی و ئابووری لە ڕادەبەدەر لە سەر خۆیان دەکەن، ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان و بەشەکانی تری ئێران بەدڵنیاییەوە ئەوەندەی بە دەست گرانی شتوومەکی ژیانی ڕۆژانەیان هاواریان لێ هەڵستاوە، بە دەرەجەی یەکەم هۆکاری سیاسی و دارمانی کەرتی ئابووری و دروست بوونی پاڵەپەستۆی بەرچاو لە سەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، ئەو بارگرژییەی بە دوای خۆیدا هێناوە. ئەگەر ئەو شۆڕشە ئازادیخوازییە بۆ ماوەیەك هێور بکرێتەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە لە درێژمەودادا، زیاتر خۆی ڕێك دەخا و کاریگەرانەتر بە دژی تاران لە داهاتوودا خۆیان ڕێک دەخەن. دروشمی ڕوونی خەڵك ڕووخانی ئەو ڕێژیمەیە و هەتا لەناوبردنی، دەست لە تێکۆشان و ڕاپەڕین و چالاکییە مەدەنییەکان هەڵناگرن. بێگومان هۆکاری بنەڕەتی هەر خۆپیشاندانێك کە لە ئێران بەڕێوە دەچێت، دەلیلی سیاسی و نەبوونی ئازادی و مافی نەتەوایەتییە! گەلانی ئێران بە تەواوی لە ژێر تەوژمی سیاسی و ستەمی نەتەوایەتیدا دەژین و ئازادی ڕادەربڕین بوونی نییە و خەفەقان بە جۆرێك بە سەر ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا زاڵ بووە کە شوێنەواری گەلێك نالەباری لە سەر ئاستی گەشەکردن و بەرەوپێشبردنی ئازادانە هەیە و تەنیا شتێك دەرفەتی چالاکی هەیە کە بە سوودی تاران بجووڵێتەوە. لە بەر ئەو هۆکارانەیە کە ئاماژەیان پێدراوە، حکوومەتی ئاخوندی ئێران دەمێکە هەست بە نائارامی حوکمڕانی دەکا و هەرلە بەر ئەو هۆکارەش زۆر دڵڕەقانە بەرەوڕووی دەسەڵاتی سیاسی. چوونکە ئەو ڕێژیمە لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵ حوکمڕانی بەسەر گەلانی ئێراندا، کارێکی ئەوتۆی نەکردووە کە لە بەرژەوەندی ژیان و ئاسایشی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکدا بووبێت. کاتێك سەیری ڕووداوەکانی ئەو چەند ساڵەی ئێران دەکەین، ئەوکات بەشتر لەوە دەگەین کە شانی گەلانی ئێران. گەلانی وڵات لەوەی زیاتر دەرەقەتی ئەو هەموو گوشارە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییە نایەن و بە ڕێگای خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕیندا، هەوڵ دەدەن گوشارەکان تۆزێك لە سەر خۆیان سووکتر بکەن، بەڵام حکوومەتی ئاخوندی بەتەواوی بڕیاری خۆی داوە و هەنگاوێك یان بڕیارێك هەر ئەوە نەتیجەکەی دەبێت کە ئێستا لە بەرچاومانە و گەلانی وڵات بێزارییان دەردەبڕن و داوای گۆڕانکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دەکەن. خۆپیشاندان و نارەزایەتی دەربڕینی بەشەکانی ئێران، زەمینەی لە مێژساڵەی هەیە و زۆر هەڵەیە ئەگەر بگووترێ بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی بێنزین، خەڵك خۆپیشاندەران بوونەوە و بە تەقەی ڕاستەوخۆ هەوڵی بڵاوەکردنی گەلانی وەزاڵەهاتوویان دەدا. لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە ئەمنییەکاندا ژمارەیەکی بەرچاو لە خەڵك شەهید و بریندار بوون کە ڕێژەی شەهیدەکانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی حکوومەتی ئاخوندی جگە لە سیاسەتی هەژارکردن و پەرەپێدان بە ستەمی سیاسی و نەتەوایەتی و لەژێرپێنانی مافە سەرەتاییەکانی گەلانی وڵات، شتێکی ئەوتۆی نەکردووە کە بتوانێت پشتیوانی شەقامی ئێران بە قازانجی ڕێژیمەکەیان ڕابکێشیت. بە هۆی سیاسەتی بە دەرناکات، کە سوود بە ئاسوودەیی و ئاسایشی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵك بگەیەنێت. بەدژی کۆی سیاسەتی شکستخواردووی حکوومەتی ئاخوندی، خۆپیشاندان لە شارە گەورەکانی ئێران و کوردستان دەستیان پێکرد و ئامانجی ئەو نارەزایەتییە ناکرێ لە بە دژی دەسەڵاتی ناوەندی خرۆشاون. خۆپیشاندانەکانی ئەوجارەی شارەکانی ئێران و کوردستان، لە ڕووی کرداری و ئامانج و شوعاردا جیاوازی فرەیان لەگەڵ بێزاری دەربڕینەکانی ڕابردوو هەیە و خەڵك داوای ماف و ئازادییەکانی خۆی دەکا و بەکردەوە دەنگی «نا»یان

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەک هێزێکی دیار و کاریگەری گۆڕەپانی سیاسی و مێژوویی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران، زۆر حەکیمانە سەبارەت بە ڕووداوەکانی ئەو دواییەی کوردستان هەڵوێستی گرت و وێڕای ڕەچاوکردنی بارودۆخی سیاسی و نەتەوەیی لە ئێراندا، پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی کوردستان و بەشەکانی تری ئێران دەربڕی.**

تری وڵات، زیاترە. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حکوومەتی ئاخوندی بەچاوی دوژمنکارانە سەیری ڕووداوەکانی کوردستان دەکا و دەستی هێزەکانیان ئاواڵە کردوە کە بە توندترین شێوە سەرکوتی دەنگی نارەزایەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەن. سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی ئەوجارە بە دڵنیاییەوە ڕیشەی لە نارەزایەتییەکانی تەواوی هەڵە و شەرانگێزی دەسەڵاتی تاران و سەرهەڵدانی قەیران بەدوای قەیراندا، بارگرانییەکی زۆری لەسەر ژیان و گوزەرانی خەڵك دروست کردووە. کەرتە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان بەتەواوی بەسەریەکدا ڕووخاون و، هەر بەو هۆیەشەوە ڕێژەی بێکاری بەرزبۆتەوە و نرخی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خەڵك بە ڕادەیەك هەڵکشاوە، کە ئیدی بەرزکردنەوەی نرخی بێنزیندا کورت بکرێتەوە. لەبەر ئەوەی داواکاری و خواستی خەڵکی خۆپیشاندەر و نارازی زۆر لەوەی ڕادیکاڵتر و بەرچاوتر بوو، گەلانی ئێران داوای مافی سیاسی و ڕوخانی حکوومەتیان بەرز کردبوویەوە و بە دەنگێکی زوڵاڵ داوای دەست لە کار کێشانەوەی دەسەڵاتدارانیان دەکرد. حکوومەتی ئاخوندی وەك دەسەڵاتێکی بەدژی حکوومەتی تاران بەرزکردۆتەوە. هەر لە بەر ئەو هۆکارەشە کە خامنەیی بڕیاری بە هێزە چەکدارەکانی داوە بە توندترین شێوە سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانە بکرێ، کە بەداخەوە خەڵکێکی زۆر شەهید و بریندار کران و ژمارەیەکی بەرچاویش گیراون. چوونکە ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە بە پشتیوانی لە لایەنێك لە نێو قوڵەکانی ڕێژیمدا ڕێك

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ماوەی تێکۆشانی سیاسی و نەتەوەییدا،**
**زۆر ژیرانە خوێندنەوەی بۆ ڕووداو و پێشهاتە سیاسی و ناوچەییەکان کردووە و لە پەیوەندی**
**لەگەڵ ڕووداوەکانی ئەو دواییەی وڵاتدا،**
**بەتەواوی ڕەچاوی بارودۆخی تایبەتی خەڵکی کوردستانی کردووە و هەر لەو ڕوانگەیەوە**
**هەڵوێستی خۆی ڕاگەیاند و سواری شەپۆلی هەستۆکی و هاوسۆزی نەبوو.**
**ئەوە نەریتی هێزێکی بەرپرس و نەتەوەییە**

ڕابردوودا هەیە و بەو جیاوازییەی کە نێوەڕۆکی داواکارییەکان بە تەواوی سیاسی و داوای گۆڕانکاری بنەڕەتی لە سیستمی سیاسی وڵات دەکەن و تێدەکۆشن دەسەڵاتی ئاخوندی لە سەر کار لاببردرێت. خەڵك بەگشتی هیوای خەڵك توانای کڕینی لە دەست داوە. بەو دواییانە و لە ژێر چاودێری خامنەییدا، بڕیار لە سەر بەرزکردنەوەی نرخی بنزین درا وەك تازەترین گوشاری ئابووری و کۆمەڵایەتی لە سەر خەڵك، بۆ ئەوەی کەمیی بوودجەی ساڵی داهاتوو لە گەندەڵ و دیکتاتۆر باوەڕی بە چەمکی پێکەوەژیان و ئازادییە سیاسی و نەتەوایەتییەکانی گەلانی پێکهێنەری ئێران نییە و لە بنەڕەتدا فرەنەتەوەیی بوونی وڵاتی ڕەدکردۆتەوە و هەوڵیان داوە بە ڕێگای ستەمی سیاسیدا و بەو جۆرە نەخراوە کە هەست بە مەترسی لە سەر حکوومەتەکەیان نەکرێت، بەڵکوو ستەم و زوڵمی لەڕادەبەدەری گەلانی سەر ئێرانی بەو ئاکامەی گەیاندووە کە یەکگرتووانە هەوڵی لادانی حکوومەتی ئاخوندی بدەن. خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان و

**خۆپیشاندانی شارەکانی کوردستان و بەشەکانی تری ئێران بەتەواوی سیاسییە و بەدژی دەسەڵاتی تاران پەرەی گرتووە و هەر چەندە سەرەتا بە شێوەی خۆڕسک سەری هەڵدا، بەڵام لە ڕەوتی درێژەکێشانیدا توانی خۆی ڕێک بخا و شوعار و خواستەکانیان ڕوونتر باس بکەن**

بەژیانێکی ئاسوودە و گەش لە سایەی حکوومەتی تاراندا بە تەواوی لە دەست داوە و ئامانج لە ڕاپەڕینی شارەکان، لادانی حکوومەتی ئاخوندییە لە سەر سەر حیسابی گەلانی هەژارکراوی ئێران پڕبکەنەوە. ئەو هەموو گوشارە سیاسی و ئابوورییەی کە حکوومەتی ئاخوندی وەك پەستان خستوویەتە سەر کە خۆیان دەیانهەوێت، وڵات ئیدارە بکەن و لە سەر چارەنووسی گەلان بڕیاری گەمژانە بدەن. بەڕێوەبردنی خراپی وڵاتێك لە چەشنی حکوومەتی ئاخوندی، بەشەکانی تری ئێران بەتەواوی سیاسییە و بەدژی دەسەڵاتی تاران پەرەی گرتووە و هەر چەندە سەرەتا بە شێوەی خۆڕسک سەری هەڵدا، بەڵام لە ڕەوتی درێژەکێشانیدا توانی خۆی ڕێک بخا و شوعار و خواستەکانیان ڕوونتر باس بکەن. ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلانی ئێران بە دووبارەکردنەوەی «شوعار» گەلێك کە بەتەواوی دیمەنی سیاسی هەڵگرتووە، حکوومەتی ناوەندی داماو و شۆک کرد. لە ساڵانی ڕابردوودا نارەزایەتییەکان زیاتر بۆ پشتیوانی و سەرخستنی یەکێک لە مۆرەکانی نێو قوڵەکانی بەشداربووی دەسەڵاتی ئاخوندی، کە بە بەرنامە و قەول و بەڵێنی ناڕاست خەڵکیان لە خۆیان کۆ دەکردەوە و دەڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمیان دەوتەوە و هەرگیز، بەدژی نیزام و هاوقۆڵەکانیان لە گوڵ کاڵتریان نەدەوتەوە. هەروەك بینیمان، خەڵك بە ڕوونی و دیاریکراوی بەدژی ڕێبەری مەزهەبی عەلی خامنەی و ڕێژیمەکەی بە دەنگی بەرز دروشمی بڕووخێ ڕێژیم و بمرێ خامنەی دەڵێنەوە و کە حکوومەتی سەربازی ئێران بە سەرچاوەی گەندەڵیی سیاسی و ئیداری و ئابووری وڵات دەزانن. ئەگەر خوێندنەوەی ڕاست و دروست سەبارەت بە خۆپیشاندانەکانی ئەو جارە بکرێ، بێگومان دەسکەوتی گەورەی سیاسی و نەتەوەیی دەبێت. کاتێك نەتەوەی فەرمانڕەوا شوعاری بمرێ ڕێبەر و بڕووخێ حکوومەتی ئاخوندی بە دەنگی زۆر بەرز لە تاران و شارە گەورەکانی تری ئێران دەبیستن، مانای ئەوەیە کە ڕێژیم بەتەواوی متمانە و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری خۆی لەدەستداوە و سەقامگیری لە مەترسیدایە و بە هێزیش ناتوانن داهاتوویان جێگیر بکەن. ئەگەر لە ڕابردوودا لە بەر هۆکاری جیاجیا و هەلومەرجی نێوخۆیی، گەلانی ئێران دەستیان بەدەمی خۆیان گرتبوو و دانیان بەخۆیاندا دەگرت کە نەڕژێنە سەرشەقام و بێزارییەکانیان دەرنەبڕن بەدژی حکوومەتی ناوەندی بەڵام دەرکەوت ئەو جار هەموو لایەك سەبری بەسەر چووە و ئیدی بێکاری و هەژاری و نایەکسانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لە لایەن کاربەدەستانی ورد و درشتی دەسەڵاتی تارانەوە بەسەر خەڵکی ئێرانیاندا فەرز کردووە، بەسەر چووە و ئەمڕۆ هاتوونەتە مەیدان و هەڵوێستی خۆیان ڕاگەیاندووە کە ئێران جێگای ئاخوندەکان نییە و حکوومەتێکی ئازاد و یەکسانیان دەوێ کە مافی گەلانی وڵات بە تەواوی تێیدا ڕەنگ بداتەوە. ڕێژیمی تاران خەڵکی ناڕازی و بێکار و هەژاری وڵات و داواکاری و شوعارەکانیان بە پیلانگێڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لە قەڵەم دەدات، بۆ ئەوەی شەرعیەت بە کاری توندوتیژی هێزە ئەمنییەکانیان بدەن و دەست لە خۆپیشاندەران نەپارێزن. ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە شۆڕشی گەلانی ئێران بەدژی حکوومەتی دیکتاتۆری شا سەری هەڵدا و پاشان بوو بە ڕاپەڕینێکی سەرانسەری و گەلانی وڵات یەکدەنگ هاتنە سەر شەقامەکانی شارە گەورە و گرینگەکانی وڵات، هێزە نەیارەکانی حکومەت دەوری باشتریان لە ئێستا نەبووە. بەڵام ئیرادە و خۆڕاگری خەڵکی تەسلیمی کردن و بە ناچاری ملیان ڕاکێشا. دیارە هەلومەرجەکە لە کوردستان بە هۆی تایبەتمەندی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە هەیەتی، سروشتییە کە زەمینەی خەبات و ڕاپەڕینی جەماوەری بەربڵاوتر هەستی پێدەکرێت. ئەگەر خەڵکی کوردستان دەستپێشخەری ڕاپەڕینی سەرانسەری بکات، ڕێژیم زۆر بێڕەحمانەتر لە شوێنەکانی تر بۆ بێدەنگ کردنیان دەکەوێتە خۆی. ئەگەر بێت و خرۆشان و بێزارییەکان بە گشتی شارەکانی دیکەی وڵات بگرێتەوە و بەربڵاوتر پەرە بگرێ و کۆی شار و ناوچەکان بەشداری تێدا بکەن، ئەو کات ئەو دەرفەتە هەیە کە خەڵکی کوردستانیش ڕاپەڕێ و کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاخوندەکان بێنێت.

# ڕاهێنەری فێرگەیەک بۆ فێربوون

مریەم عەلیپوور

بەشی سێهەم

سێ سەرچاوەی دەسەڵات:
a. زانیاری
b. سامان و دارایی
c. زۆر (هێز)

سەقامگیرترین و بەردەوامترین دەسەڵات ئەو دەسەڵاتەیە کە لە ڕێگای زانست و لێهاتوویی وەدەست دێت. هەر کەس دەبێ بۆ خۆی وڵامی خۆی و هاوسەنگی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ ئەو پرسیارانەدا بدۆزێتەوە.

مۆرتن ئێمیل بێرگ (١٩٤٤) Morten Emil Berg و هاوژینەکەی ئێلێن ڕیبە Ellen Ribe (١٩٥٥) کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی نۆرویژن لە کتێبێکیاندا بە ناوی «Coaching» دەڵێن: «ڕاهێنەری (Coaching) وەک فێرگەیەکی چکۆلە وایە بۆ فێربوون».

کاتێک ئێمە دەمانهەوێت خانوویەک دروست بکەین سەرەتا بناغەی خانووەکە زۆر گرنگە. ئێمە مرۆڤەکانیش بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان پێویستە خۆمان لە نێو ئەو فێرگە چکۆلەدا ببینینەوە کە وەک بناغەی خانووەکە وایە.

## چەمکی ڕاهێنەری

وشەی چەمک تەنیا تایبەتمەندی بنەڕەتی دیاردە یان شتێک نیشان نادات بەڵکوو مەبەست هەموو دیاردەکە یان شتەکەیە. واتە هەموو لقوپۆ و پێناسەکانی ئەو دیاردە بەشێوەیەک شی بکرێتەوە کە نەتوانین هیچ شک و گومان لە زەینی خۆماندا دروست بکەین. چەمکی ڕاهێنەری وەک هەر هەموو چەمکەکانی دیکە، ئاستەمی (دژواری) و تێگەیشتنی خۆی هەیە. فاکتەرەکانی تێگەیشتن لە مێتودی ڕاهێنەری گرێدراوی بارودۆخی سیستمی پەروەردە و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەیە. هەر بۆیە بۆ تێگەیشتنی باشتر لە چەمکی ڕاهێنەری و بەپێی پێویستی بابەتەکە و بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە و دەرخستنی لایەنەکانی ڕاهێنەری، بۆچوون و تێڕوانینی چەند کەسایەتی شارەزا و ناودار لە درێژەی ئەو زنجیرەوتارەدا دەخەمە ڕوو.

## ڕاهێنەری چییە؟

ڕاهێنەری (Coaching) یانی: هاوکاری نێوان دوو یان چەند کەس یان دەگەڵ یەک کارکردنی کەسەکان. یەکێک لەوان حەزدەکات خۆی پێ بگەیەنێ و گەشەبکات و شت فێر بێت، کەسێکی دیکەش یارمەتی دەدات بۆ خۆپێگەیاندنی. ڕاهێنەری وەک ناوێک ئاماژەکردنە بە ڕۆڵ و کاراکتەر، کاریگەری، هەڵسوکەوتی جیاواز، ڕازیبوون، خووڕەوشت و داخوازی چ بۆ تاک (شەخسی) و چ وەک تاک لە نێو ڕێکخراودا.

نووسەر و کارگێڕی (مدیر) لێزان و بەناوبانگی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کەن بلانچارد Ken Blanchard (١٩٣٩) لە کتێبی «The One Minute Manager» (خولەکێک بەڕێوەبەری)دا دەڵێت: «ئەو کەسانەی کامەران و سەرکەوتوون، کە خاوەنی خوو و ڕەوشتی باش و کارتێکەرن.»

من پێم وایە ئەو وتەیەی Blanchardلە هەموو قۆناغەکانی پرۆسەی ژیاندا، هەموو دیسیپلینەکانی کەسی (شەخسی) و هەبوونی ئامانج بۆ سەرکەوتن لەخۆدەگرێت. بۆ ئەوەی سەرکەوتوو و کامەران بی، دەبێ هەموو خوو و ڕەوشتەکانی خۆت بە باشی بناسی و بتوانی ئاڵوگۆڕیان بەسەردا بێنی. بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانت بگەی و سەرکەوتوو بی، دەبێ تێڕوانین و بۆچوونێکی ڕێک و لۆژیکیانەت هەبێ لە بەرامبەر ژیان، کۆمەڵگە و ڕاهێناندا. لە درێژایی پرۆسەی ڕاهێنەریدا خوو و ڕەوشت وەک بەشێکی بناغەیی، بەردەوام گرنگی خۆی هەیە. لێرەدایە کە ئەو وتارە لەسەر ڕاهێنەری و فێرکاری دەتوانێ ڕێکارنامەیەکی باش بێت بۆ خۆڕاهێنان. هەروەها ڕۆدیارد کیپلینگ




**وێنەی ٤**
**ڕاهێنەری وەک مێتودێک بۆ فێربوون لە ڕێگای سێ پرسیاری بنەڕەتی.**
**لە قۆناغی ئێستادا چۆنین؟ لە داهاتوودا دەمانهەوێت چۆن بین؟ چۆن بە قۆناغی داهاتوو بگەین؟**

Rudyard Kipling (١٩٣٦ - ١٨٦٥) نووسەر و وەرگری خەڵاتی نوبێلی ویژە(ئەدەبیات) کە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ئینگلستانە دەڵێت: من شەش خزمەتکاری ڕاستگۆم هەیە کە هەموو شتێکیان فێری من کردووە و ناوەکانیان: «چی، بۆچی، کەی، چۆناوچۆن، لەکوێ، کێ یە».

هەر یەک لەو وشانە میتافۆرێکن بۆ پرسیارکردن و مەبەست ئەوەیە کە ئێمە مرۆڤەکان لە ڕێگای پرسیارکردن دەتوانین شت فێر بین و زیاتر بکەوینە ناو قووڵایی بابەتەکانەوە.

ئەو پێناسانەی لەسەر ڕاهێنەری خراونەتە ڕوو تا ڕادەیەک زۆربەی لایەنە سەرەکییەکانی بابەتەکە دەگرێتەوە و بیرە سەرەکییەکانی دەردەخەن. پێناسەی یەکجار زۆر لەسەر ڕاهێنەری هەیە و ئەوەی زۆربەی ڕاهێنەرەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە کە دەڵێن:

- هونەری ڕاهێنەری ئەوەیە کە کارامەیی و شارەزایی ئەوەت هەبێت بە شێوەیەکی ئاسان و سادە شان بدەیە بەر فێربوون، گەشەکردن و جێبەجێکردنی کار و ئەرکێک کە لەسەر شانتە.
- ڕاهێنەری مێتودێکە بۆ زووتر فێربوونی زانست و گەیشتن بە ئامانج و دەسکەوتی باشتر. بەتایبەت لە نێو ڕێکخراوێکدا کە بەڕێوەبەر و ئەندامان پێکەوە باش ناگونجێن و باش ئەرکەکانیان بەجێ ناگەیەنن.
- ڕاهێنەری هێز و توانا دەدات بە مرۆڤەکان بۆ ئەوەی فێر بن یان بتوانن دان بەوەدا بنێن کە دەسکەوتەکانیان لاوازە یان کەمە، نە ئەوەیکە پێیان بگوترێ یان داوایان لێ بکردرێت کە وا بکەن.
- ڕاهێنەری یانی یارمەتیدان و گەشەدان بە پێوەندییەک بۆ سەرکەوتنی مرۆڤەکان لە کار و ژیانی ڕۆژانەیاندا.
- ڕاهێنەری مێتودێکە بۆ بەرەوپێ بردنی کۆمەڵگە و گەیشتن بە دوارۆژێکی باش.
- ڕاهێنەری مێتودێکە بۆ ئامادەکردن و ڕاهێنانی هەر تاکێکی کۆمەڵگە و پەروەردان بە کەسایەتی مرۆڤەکان چ فکری و چ جەستەیی و چ سۆزداری (عاتیفی).

## پێناسەی ڕاهێنەری و داری ڕەگەزنامە

داری بنەماڵە یان بە واتایەکی تر داری دیاریکردنی بنچینە. لێرەدا مەبەست دەستنیشان کردنی بنچینەی ڕاهێنەرییە. کاتێک باسی ڕاهێنەری وەک هونەرێک دەکەین، دەتوانین بڵێین، ڕاهێنەری دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی هونەری بیرکردنەوەمان لا دروست بێت. من پێموایە ڕاهێنەری هەر ئەوەش نییە بەڵکوو بنەما و پرەنسیپی زانستی خۆی هەیە و پێویستی بە فێربوون هەیە.

Berg و Ribe لە کتێبی «Coaching» بەو شێوەی خوارەوە ڕاهێنەری پێناسە دەکەن و دەڵێن: ‹‹ڕاهێنەری مێتودێکە کە لە ڕێگای دیالۆگێکی کردەوەخوازی (پراگماتیسم)، دەتوانێ یارمەتی کەسانی تر بدات بۆ ئەوەی هەم هۆ (ئەنگیزە) بۆ فێربوونیان لا پێک بێت و هەم چالاکانە تێبکۆشن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان، چ ئامانجی تاکەکەسی (شەخسی) بێت و چ ئامانجی ڕێکخراوەیی.››

کەواتە بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە بەگشتی بەو شێوە دەتوانین ڕاهێنەری پێناسە بکەین و بڵێین: «ڕاهێنەری پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی مەبەستدارە لە پێناو گەشەدان و پێشکەوتنی هەر تاکێکی کۆمەڵگە، ئەوەش هەموو لایەنەکانی کەسایەتی مرۆڤ وەک: بیرکردنەوە، شارەزایی، ژیری، جەستەیی، زانستی، دەروونی، ڕەفتار و کردەوە و ... هتد لەخۆ دەگرێت». ڕاهێنەری پرۆسەیەکە لە ڕێگای چالاکانەگوێدان، پرسیارکردن، وڵامدانەوە و وتووێژی باش دەتوانین ببین بە خاوەنی کۆمەڵێک دەستکەوت و گەشەکردنی فکری وەهەروەها ڕەوشت وهەستی باش. ئەوانەش هەموو یارمەتیدەرێکی باشن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان چ کەسی (شەخسی) و چ ڕێکخراوەیی. لە بەشەکانی دیکەدا زیاتر ئاماژە بە مێژووی ڕاهێنەری و پێناسەکەی دەکەم.

کەواتە بەپێی ئەو پێناسانەی سەرەوە و بە کەڵکوەرگرتن لە وێنەی بنەماڵەیەک، ئەگەر بمانهەوێت ڕاهێنەری لەسەر شێواز یان فۆرمی داری ڕەگەزنامە پێناسە بکەین دەتوانین بەو شێوەیە ڕاهێنەری پێناسە بکەین و بڵێین: «ڕاهێنەری کچی فەلسەفە و دەروونناسییە، خوشکی ئامۆژگارێکی (اندرزگو) پیشەگەرە، ئامۆزای ڕاوێژەرییە (مشورت)، خاڵۆزای ڕێنوێنییە (راهنما). ئەو خزم و کەس و کارە پێناسەی هەر کام لە لکە جۆراوجۆرەکانی وانەیی (درس) و پیشەیی (شوغڵ) لەسەر بنەمای زانست و زانیاری چ لە خوێندنگەکان و چ لە کۆمەڵگەدا دەکەن. ڕاهێنەری جووڵانەوەیە. کەسێک وەک فێرخواز لە جووڵەدایە، لە کارکردندایە کە کۆمەڵێک کار بۆ ئامانجێکی تایبەت ئەنجام دەدات. لە جووڵەدایە بۆ کردنەوەی دەرگا بەرەوڕووی وەرگرتنی وزە، توانایی و لێهاتوویی.

## ڕاهێنەری لەسەر بناغەی کام ڕوانگەی مرۆڤایەتی دامەزراوە؟

بنچینەی ڕاهێنەری لەسەر بنەمای




**وێنەی ٥ داری ڕەگەزنامە یان داری بنەچەی ڕاهێنەری**

ئەرێنی سروشتی مرۆڤایەتی یان هەستی باشی ئادەمیزاد دانراوە و بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە. کلیلی تایبەتمەندی ڕاهێنەری وەک مێتودێک پرسیارکردنە. ئەو مێتودەش لەسەر سێگوشەی پرسیا کردن دانراوە وەک:

لە قۆناغی ئێستادا چۆنین؟ لەداهاتوودا دەمانهەوێت چۆن بین؟ چۆن بە قۆناغی داهاتوو بگەین؟




**وێنەی ٦ڕاهێنەری لە سەر سێگوشەی پرسیار کردن، قۆناغی ئێستا، گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو یانی شوێنی باشتر کە ئامانجی فێرخوازییە و چۆنیەتی گەیشتن بە قۆناغی داهاتوو.**

## تایبەتمەندییەکانی ڕاهێنەرێک:

دروونگەریەتی: ڕاهێنەر دەبێ دروونگەریەتی هەبێت، یانی چوونە ناو ناخی خۆیەوە بۆ ئەوەی ڕاشکاوانە و بەبێ پێچ و پەنا ڕوانگە و بۆچوون، دژکردەوە و کاردانەوەکانی خۆی لەگەڵ فێرخواز لە کاتی دانوستاندندا باس بکات. باش کۆنترۆڵی بە سەر قسەکانیدا هەبێت، قسە لەڕوو بێت و بزانێت چ چاویلکەیەک لە چاوی کات لە کاتی دانوستاندندا.

یەکدڵی: دڵپاک، بێریایی و ڕاستگۆبوون، تێگەیشتنی بۆ ڕوانگە و بۆچوونەکانی فێرخواز هەبێت و بە گرنگیان بزانێت. وەک خەزێنەیەکی (گەنجینە) بایەخدار پڕ بێ لە یارمەتی بەنرخ.

پێوەندی و هاوکاری: هاریکاریکردن بە شێوەی هەرەوەزی بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر بیرۆکە و ڕێگاچارەی بەکەڵک و بەنرخ. دروست کردنی پێوەندییەکی باش کە ببێتە هۆکاری بڵاوبوونەوەی وزەی ئەرێنی.

## بنەمای ئەرێنی ڕاهێنەری

مەبەست لە ڕاهێنەری ئەوە نییە کە بچی لە نێو کتێب و نووسراوەکاندا بگەڕێی و وڵامێکی ڕوون و ئاشکرا بۆ ململانێ و ڕووبەڕووبوونەوەکان بدۆزیەوە. بەڵکوو مەبەست لە ڕاهێنەری هەبوونی زانستی لێکدانەوە و ڕوونکردنەوەیە، بەتایبەت لەو کاتانەدا کە مرۆڤ تێدەکۆشێ بۆ تێگەیشتن لە دۆخەکە، دەستنیشانکردنی ئامانج و گیروگرفتەکان لەگەڵ هەر هەنگاوێکی فێربووندا بتوانێت ڕێگاچارەیان بۆ بدۆزێتەوە. مەبەست لە ڕاهێنەری بیرکردنەوەی باشتر، هەڵسەنگاندنی باشتر، هەڵسوکەوتی باشتر، بەجێهێشتنی شوێنێک لە پێناو گەیشتن بە شوێنێکی باشتر و هەبوونی پلانی کاری باشترە.

ئەرێنی: وشەی ئەرێنی هاوتای وشەی positiv(پوزیتیڤ) کە وشەیەکی ئینگلیزییە و مانای خۆشبینی و تێڕوانینی ئەرێنیت هەبێ.

هەستی ئەرێنی: وشەی هەست چەندین مانای هەیە وەک هەست پێکردن(بە مێشک)، پێزانین، خۆشەویستی، سۆز، بڕواکردن، ویستن و حەزکردن. هەموو ئەوانە چ ئەرێنی (positiv) بن و چ نەرێنی(negativ) کاریگەری دەبێت لەسەر ڕەوشت و هەڵوێستی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا. هەربۆیە یەکێک لە داواکان لە مێتۆدی ڕاهێنەریدا هەبوونی هەستی ئەرێنییە. کاتێک هەستێکی باش و ئەرێنیت هەبێ خەڵکیشت باشتر دێتە بەرچاو. هەر وەک دەڵێن دەوروبەرمان ڕەنگدانەوەیەکە لە ڕەوشت و کردەوەی خۆمان. جۆری تێڕوانینی ئێمە لە خۆمان دەستنیشانی هەڵسوکەوتمان دەکات. هەستی ئەرێنی دەبێتە هۆکار بۆ هەبوونی ڕەوشتی ئەرێنی.

ڕەوشتی ئەرێنی: خوو و ڕەوشتی باش، نیشانەی هەبوونی هەست و دەروونێکی باشە. نیشانەی هەبوونی کولتورێکی بەرز و ڕووناکبیرییە. هەبوونی خووی بەرز و مرۆڤدۆستییە، خوو و ڕەوشتی ئەرێنی هۆکارێکە بۆ بیرکردنەوە یان دیاریکردنی ئامانجگەلێکی ئەرێنی. ئەو کەسانەی خوو و ڕەوشتی باشیان هەیە هیچ کات برین لەسەر دڵ و دەروونی کەسانی دیکە دروست ناکەن. پەندێکی پێشینیان هەیە کە دەڵێ: «هەر برینێک تیر دروستی بکات مەڵهەمی هەیە بۆ تیمارکردنی، بەڵام برینێک کە زمانی خەڵک دروستی بکات هیچ شتێک چارەی (عیلاجی) ناکات.››

پێویستە مرۆڤ لە کاتی قسەکردن و بەکارهێنانی وشەکاندا هۆشیار بێت، لەوانەیە وشەیەک لای تۆ هیچ نەبێت بەڵام لە هەمانکاتدا ئازاری کەسانی دیکە بدات. قسە وەک تیر وایە کە لە کەوان دەرچوو تازە ناگەڕێتەوە. دەبێ زۆر ئاگادار بی کەی قسە بکەی و چیش بڵێی. چۆن باسی خەڵکانی دیکە بکەی ئەواش باسی تۆ دەکەن. ئەوەی

درێژە لە لاپەڕەی ٩

# «ڕەگەزپەرەستی و دوژمنایەتیی گەلان»

**ئەرەستوو دەڵێ: "مرۆڤ هەر لە بنەڕەتدا خراپە. چونکە سەرەڕای ئەوەی بە سەدان و هەزاران قوتابخانە و فێرگەو زانکۆ هەیە و لەوانەدا وانەی چاکەو خۆشەویستی و مرۆڤایەتی دەڵێنەوە، بەڵام بێ ئەوەی فێرگەیەک هەبێ بۆ گوتنەوەی وانەی خراپە و فێڵ و دەهۆ بە مرۆڤەکان بڵێتەوە هەر خراپەکان لە چاکەکان زۆرترن".**

دیاکۆ ڕۆژهەڵاتی

ئێستاش لە هەزارەی سێهەمدا و دوای ئەو هەموو باس و خواست و کتێب و زانکۆ و تێچووەی مرۆڤ تەرخانی کردووە بۆ چاکبوون، دیسان لایەنە خراپەکانی مرۆڤ بەرچاو و دیارترن و جوانییەکانی ژیان بە دەستیانەوە گیرۆدەیە و ئاکاری ناحەزان و بیردزێوەکان، باریان بارە و دەنگیان زاڵە و بەردەوام مایکەکانی دنیایان لە بەردەمدایە و دەنگیان دەڕوات. ئەوانە بە هەزاران ڕەنگ خۆیان دەنوێنن و بۆ داگیرکردن و دزین و بەلاڕێدابردنی مرۆڤەکان و خوێنڕشتن و کاولکاری، بە دەیان جۆرە ڕەنگ و شێوە، کارە ناحەزەکانی خۆیان دەنەخشێنن و جوانیان دەکەن و مرۆڤە دڵپاك و ساویلکەکانیان پێ فریو دەدەن و دەیانکەنە کۆیلە و ملکەچی بڕیارە ناحەزەکانی خۆیان و وەك کەرەستەی شەڕ و دەستەچیلەی ئاگر، کەڵکیان لێوەردەگرن و مەبەستە دزێوەکانی خۆیانیان پێدەپێکن.

ئەوەندەی لە فیلم و کتێب و بەسەرهاتەکاندا باسی دادگەری و مافی مرۆڤ و خۆشەویستی و پێکەوەژیان و جوانی و ئازادی و ئارامی کراوە، یەك بە هەزاری ئەوانە باسی وێرانی و دزی و کۆمەڵکوژی و پاکتاوی ڕەگەزی نەکراوە، کەچی بەداخەوە دەرکەوتەکانی بەپێچەوانەیە و خەرمانی مرۆڤایەتی پڕە لە نووسەنەکە و پێکوڵ و چقڵ و دان و دانەوێڵەکانی بزرن و هەر کردەی مرۆڤگەلی زانایە و بردەی شەیتانە دەمامکدارەکان. ئێستاش دنیا پڕە لە قوتابییەکانی ئاتاتورك و تەیموور و چەنگیزخان و هیتلێر و ئیستالینەکان و خومەینییەکان و وانە ئەهریمەنییەکانی ئەوان، قوتابیان زۆر زۆرترە لە فێرگەکانی سوقڕات و جوردانۆبرۆنۆ و ئیسپینوزا و خەییام و ئەبووعەلاموعەڕری خانی و شکسپییەر و گاندی و ماندێلا و پێشەوا.

کوا کەسانێکی وەکوو عەلی خامنەیی و بەشارئەسەد و ئەردۆغان شوێنکەوتەی بیری کەسانێکن کە لە جوانییەکانی ژیان دوان و ئارامی و پێکەوەژیانیان بە سەرکەوتوویی و ئاسوودەیی مرۆڤایەتی زانیوە؟ ئەوانە خوێنڕشتن و وێرانی و پاکتاوی ڕەگەزی، بە سەرپەڕی ژیانی مرۆڤەکان دەزانن و لەو پێناوەدا هەموو هەوڵێکیان خستۆتە گەڕ و لە هیچ کردەوەیەکی ئەهریمەنیانە ناپڕینگێنەوە و ئەو کارە دزێوانەش بە ڕەوا و باش و بەجێ دەزانن و شانازیان پێوەدەکەن و وەك سەرکەوتوویی و دیاری باشی مرۆڤایەتی دەیانقەبڵێنن. ئەم وڵاتانە بۆ ئەوەی ڕووی ئاسوودەیی بە خۆیانەوە ببینن هیچ پێویستییەکیان بەم جۆرە دەمڕاستانە نییە، بەڵکوو پێویستیان بە کەسانێکی دڵسۆز و لەخۆبردووی وەکوو ماندێلا و گاندی و

> **دنیا پڕە لە قوتابییەکانی ئاتاتورک و تەیموور و چەنگیزخان و هیتلێر و ئیستالینەکان و خومەینییەکان و وانە ئەهریمەنییەکانی ئەوان، قوتابیان زۆر زۆرترە لە فێرگەکانی سوقڕات و جوردانۆبرۆنۆ و ئیسپینوزا و خەییام و ئەبووعەلاموعەڕری خانی و شکسپییەر و گاندی و ماندێلا و پێشەوا**

پێشەوا هەیە کە بەرژەوەندی گەلەکانیان لە سەرووی بەرژەوەندی خۆیانەوە دانێن و بەو کارەشیان ئاشتی و ئارامی پێشکەشی گەلانی ناوچەکە بکەن. ئەوەش لە کاتێکدا دێتە دی کە لەم وڵاتانەدا هیچ کەسێك هەست بە بندەستەیی و پلە دوویی نەکات و یاسا سەروەر بێ و کەس خۆی لە کەسی دیکە بە دەمڕاست و ئاغا نەزانێت و هەموولایەنێك لە ئاستی هاونیشتمانێتیدا، بە یەك چاو سەیر بکرێن و ڕێز لە بەرژەوەندی و ویستی هەموولایەك بگیردرێت.

> **لە ژیانی مرۆڤەکاندا، چەمکی پێکەوەژیان کۆڵەکەیەکی گرینگەو ئەگەر ئەم چەمکە جوان جێگیر بێ و بتوانرێت ڕێز لە بەرانبەرەکان بگیردرێت و ئەو کارەی سروشت لەگەڵ مرۆڤەکانی کردووە و ئەوانی لە ڕەگەز و ڕەنگ و شێواز و زمانی جیاواز خوڵقاندووە، جوان بنرخێندرێت، ئەوە زۆربەی زۆری کێشەکانی ژیانی مرۆڤەکان دەگاتە لێواری ئارامی و ئاسوودەیی باڵ بە سەر ژیانی گەلان و تاکەکاندا دەکێشێت**

بە دڵنیاییەوە لە ژیانی مرۆڤەکاندا، چەمکی پێکەوەژیان کۆڵەکەیەکی گرینگەو ئەگەر ئەم چەمکە جوان جێگیر بێ و بتوانرێت ڕێز لە بەرانبەرەکان بگیردرێت و ئەو کارەی سروشت لەگەڵ مرۆڤەکانی کردووە و ئەوانی لە ڕەگەز و ڕەنگ و شێواز و زمانی جیاواز خوڵقاندووە، جوان بنرخێندرێت، ئەوە زۆربەی زۆری کێشەکانی ژیانی مرۆڤەکان دەگاتە لێواری ئارامی و ئاسوودەیی باڵ بە سەر ژیانی گەلان و تاکەکاندا دەکێشێت؛ بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی ئەم ناوچەیە هەتا دەروونیان دەگرێت، لێوڕێژن لە ڕەگەزپەرەستی و چاوچنۆکی و خۆبەزلزانی و خوێنخۆری و ئەو بیرکردنەوە و ڕوانینەیان بۆ چەمکەکانی ژیان، کارێکی کردووە، بە جێی ژیانی ئاسوودەیی و ئارامی و فەرعانە، دەبێ بینەری وێرانی و ئاوارەیی و کۆڕەوی و بێ ماڵ وحاڵی و کوشتوبڕی بەردەوام بین و بەم کار و کردەوانەیان ژیانیان لە مرۆڤەکان کردۆتە دۆزەخ و بەجێگای ئەوەی، هەل بڕەخسێندرێت بۆ مرۆڤەکان ئەو ماوە کورتەی سروشت بۆ ژیان دەرفەتی پێداون چێژ لەو هەلە ببینن، دەبێ بە ژیانی کۆڵەمەرگی و بێدەست و لاقی و ئاوارەیی و جەرگسووتاوی تێپەڕێنن. ئەوان ـ دەسەڵاتدارەکانی ئەم سەردەمە. بە ناوی ئازادی و ئاشتی و ئارامی و خوداوە، سەریان لە مرۆڤەکان شێواندووە و ئەم بە دەستی ئەو بە کوشت ئەدەن و ئەو بە دەستی ئەم سەر دەبڕن و ماڵی ئەم بەو وێران دەکەن و بەو ئەم دەسووتێنن. ئەوانەی لە جیهاندا خۆیان بە ڕێبەری دادپەروەری و فەرزان و ئازادیخواز و دادگەر دەزانن، بوونەتە هەوێن و ماکەی گرژی و ئاڵۆزی و وێرانی و کوشت و کوشتار و بەردەوام، بێڕێزی بە ئازادی و دادگەری و مرۆڤایەتی و دیموکراسی دەکەن. ئەوەی جێی سەرنج و سەرسوڕمانە لە زۆربەی ئەم وڵاتانەی کە دەسەڵاتدارەکانیان شیری شەڕیان هەڵکێشاوە و بەردەوام لە تەپڵی خوێن و وێرانی دەکوتن، هەر بە چەند ساڵ کەرەتێك شانۆیەك بە ناوی هەڵبژاردن و دەنگدان بەڕێوەدەچێ و بەو شێوەیە، بە ناوی دەنگی گەل و هەڵبژاردن کڵاوێکی گەورە دەکەنە سەر چەمکی هەڵبژادن و بە مەیلی خۆیان مافی تاك و خەڵك پێشێل دەکەن و بە پێوداننگی دیکتاتۆری دەیپێون. هێز و دەنگی بەرپرسانی ئەم وڵاتانە لە سەرووی یاساوەیە و بۆ بەرژەوەندی خۆیان پاساو بۆ یاساکانیان دێننەوە و چۆنیان پێخۆش بێ وایان بەڕێوە دەبەن. زۆر یاسای دزێوی نەنووسراو هەیە بەردەوام بۆ بەرژەوەندی خۆیان کاریان پێدەکرێ و زۆر یاساش هەیە نووسراوە و باسکردنیشیان تاوان و بقەیە.

> **ئەوەی ئێستا لەم ناوچەی ئێمەدا دەبیندرێت، سەرهەڵدانی دۆخێکی زۆر ئەستەم و دژوار و مەترسیدارە و دەسەڵاتدارەکانی بەردەوام خەریکی چەقاندن و ناشتنی تۆو و نەمامی دووبەرەکایەتی و قین و بوغزە و جار لەگەڵجار ئاگری ئەم قین و دووبەرەکییەش، لە پەرەسەندندایەو گەلانی گیرۆدەی ئەم بیرە ئەهریمەنییە، بەردەوام خەنجەر لێک دەسوون و هەموویان هەریەکەو بە شێوەیەک، بە خوێنی سەری یەکتری تینوون**

ئەوەی ئێستا لەم ناوچەی ئێمەدا دەبیندرێت، سەرهەڵدانی دۆخێکی زۆر ئەستەم و دژوار و مەترسیدارە و دەسەڵاتدارەکانی بەردەوام خەریکی چەقاندن و ناشتنی تۆو و نەمامی دووبەرەکایەتی و قین و بوغزە و جار لەگەڵجار ئاگری ئەم قین و دووبەرەکییەش، لە پەرەسەندندایەو گەلانی گیرۆدەی ئەم بیرە ئەهریمەنییە، بەردەوام خەنجەر لێك دەسوون و هەموویان هەریەکەو بە شێوەیەك، بە خوێنی سەری یەکتری تینوون. یەکێك لە بیری تۆڵەی برادایەو یەکێك لە بیری تۆڵەی بابدایەو یەکێك لە بیری ناموسیدایە و یەکێك لە ئاگری تۆڵەی خوێنی دایکیدا دەسووتێ. ئێستا بەناوی شیعەگەری و سوننیگەری و تورکایەتی و فارسایەتی و عەرەبیگەری ناوچەکەیان کردۆتە شەڕگەیەکی گەورە و بەردەوام خوێنی یەکتری دەڕێژن و هاواری ئەڵڵاهووئەکبەریان لێ بەرز دەبێتەوە. ئەم ئاگرەی ئەمانە هەڵیان ئایسیاندووە بەر بۆتە ماڵ و گیانی کوردی بێدەرەتان و بێدەوڵەت و کردوویانەتە دەستەچیلەی ئاگرەکەیان و هەر ڕۆژەو لەلایەکەوە کەڵپەی گورگێکی برسی ئاژێنی گیانی دەبێ و زامێکی نوێی تێدەکات.

کوشتن، سەربڕین و تەقاندنەوەی عەرەبی سوننی، ڕەگەزپەرەستی، کوشت و کوشتار و وێرانی و خۆسەپاندن و ئاوارەکردن و پاکتاوی ڕەگەزی، تورکی ڕەگەزپەرەست، شەڕفرۆشی و ئاژاوەنانەوە و هەناردەکردنی بیری شیعەگەری لەلایەن فارسە نژادپەرەست و خۆبەزلزانەکانەوە، بەلایەکیان بە سەر گەلانی ناوچەکە هێناوە با بەدەواری شەڕی نەکردبێت. ئەمانە سەرچاوەی شەڕ و ئاژاوە و کوشتار و ئاوارەیین لە ناوچەکەدا و کوردیش سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لە بەرەی دژەشەڕدایە و داوای مافی ڕەوای خۆی دەکات و وەك هەمیشەی ژیانی، چاوی لەماڵ و خاکی کەس نەبڕیوە، ماڵ و خاکەکەی بۆتە هێلانەکەی بەرپێی ئەم شەڕەگایەو زەرەرمەندی سەرەکییە لەم ئەزمەو خوێنڕێژییەدا. دەبێ هەموولایەك ئەوە بزانین ئەم شێوە بیرکردنەوەی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە کارێکی کردووە دوژمنایەتی گەلانی ئەم وڵاتانەی دەسەڵاتدارەکانی خەریکن بۆ بەرژەوەندی ئایین و نەتەوەی خۆیان، ئەوانیتر دەسڕنەوە، گەیوەتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار و ئەگەر تەگبیرێکی ژیرانەی بۆ نەکرێت کوشت و کوشتار دەبێتە گەورەترین ئامانجی مرۆڤەکانی ئەم ناوچەیەو ئەوەش کارێك دەکات، کەس هەست بە ئارامی نەکات و دووکەڵی ئەو کردەوە شەڕنگێزیانەش دەچێتە چاوی هەموولایەك و کەس ناتوانێت خۆی لێ قوتارکات. تاوانی ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسانەی لە ناوچەکەدا بڕیاردەرن و بەرپرسایەتی گەورەیان هەیە و دەبێ بە خۆیاندا بچنەوە و لە کەری شەیتان بێنەخوارێ و لە چاوچنۆکی و زێدەخوازی خۆیان کەم کەنەوە و بێنەوە سەر ڕێگەی ڕاست. چونکە بە دڵنیاییەوە ئەو دەسەڵاتدارانەی بیانهەوێت گەلانی دیکە پاکتاو بکەن و خۆیان ببنە خانیخانان و ئەوانەی دیکەش بکەنە تۆزی بانان، ئەوە تووشی دژکردەوەی توند دەبن و کەس دەست لە سەر دەست دانانێت بۆ مردن و لەنێوچوون و توانەوە.

ئەم کەسانەی کە بە ناوی جۆراوجۆر و لە ڕێگای جیاجیاوە بە هەر هۆیەکەوە بێ، خۆیان بە سەر خەڵکدا سەپاندووە، بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ ڕێگایەکەوە ئامادەش نین دەستبەرداری کورسی و دەسەڵاتەکانیان بن و هەر تاوەی لە لایەن دەستوپێوەندییەکانیانەوە یاسایەك بۆ مانەوەی خۆیان بە سەر خەڵك و ئازادیدا دەسەپێنن و بازنەی دەسەڵاتەکەیان بەربەرینتر دەکەنەوە. بە هیچ کولۆجێك ناتوانن تیمارکەری ئەم زامانە بن و هیچ چارەسەرییەکیشیان بۆ کێشەکان لەلا نییە، بێجگە لە ئەزمەنانەوە و قەیرانخوڵقاندن و چنگ و ددان نیشاندان. ئەمانە هەوێنی ئاژاوە و خوێنڕشتن و دووبەرەکی گەلانن و هەتا ئەمانە هەبن ئەستەمە ئارامی و ئاسوودەیی باڵ بە سەر ئەم ناوچەیەدا بکێشێت.

درێژەی لاپەڕەی ٨

باش بزانە قسەیەک کە خەڵکانی تر بریندار بکات، زەینی تۆش نائارام دەکات و تۆش بە شێوەیەک لە شێوەکان تووشی دڵنیگەرانی دەبیت و هێمنی و ئارامیت لێ دەشێوێ. من پێموایە هێندێک جار خەسار و ئازاری وشە و بیرکردنەوە دەتوانێت هەندێ خەسار و ئازاری شتێک بێت کە بە کردەوە لەگەڵ مرۆڤ دەکرێت.

بیروڕای ئەرێنی: بیرکردنەوە لەو بابەتە باشانەی کە تۆ حەز دەکەی ڕووبدات یان خوازیاری پێیان بگەی، دەتوانی ڕاهێنانیان بۆ بکەی بۆ ئەوەی بیرکردنەوەکانت ئەرێنی بێت. ئێمە مافی هەڵبژاردنمان هەیە و بۆخۆمان شێوەی بیرکردنەوەکانمان هەڵدەبژێرین، کەواتە زۆر گرینگە بڕیار بدەین تێڕوانین و لێکدانەوەمان لەسەر هەموو ئەو هەڵسوکەوت و ڕووداوانەی کە ڕۆژانە لە گەڵیان ڕووبەڕوو دەبینەوە ئەرێنی بن. سروشتی ئێمە مرۆڤەکان وایە کە ناتوانین بەردەوام خاوەنی بیرکردنەوەیەکی جێگیر یان نەگۆڕ بین، لەبەر ئەوەی ڕۆژ بە ڕۆژ هزر و بیری ئێمە لە گۆڕان و پێگەیشتن(کامڵ بوون) دایە.

هەر وەک هێنری دەیوید تورو (١٨١٧ – ١٨٦٢) Henry David Thoreau فیلسوف و نووسەری بەناوبانگ و سروشتگرای ئەمریکایی دەڵێت:

«هیچ شتێک گۆڕانی بەسەردا نایات، ئەوە ئێمە مرۆڤەکانین کە دەگۆڕێین.››

بیرکردنەوە ئەرێنیەکان هۆکارن بۆ دروست بوونی هەست و سۆزی ئەرێنی لای مرۆڤەکان.

درێژەدان بە بیرکردنەوەی ئەرێنی لەسەر ئامانجەکان و ویستەکان هۆکارن بۆ پێگەیشتنیان.

ئامانجی ئەرێنی: یانی هەبوونی ئامانجی باش بۆ خۆپێگەیاندن و گەیشتن بە قۆناغێکی باشتر. هەبوونی ئامانجی ڕوون و دیاریکراو بۆ پێشکەوتن، هۆکارن بۆ ئەرێنی بیرکردنەوە و هەنگاوهەڵێنانەوە بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکان. کەواتە زنجیرەی ڕاهێنەری هۆکارە بۆ دروست




**وێنەی ٧ڕاهێنەری وەک پرۆسەیەکی فێرکردن بۆ گەیشتن بە ئامانج، وەک زنجیرێک پێوەندی بەو چوارگوشەوە هەیە.**

بوونی مرۆڤێکی ئەرێنی (بڕوانە وێنەی٧. )

مرۆڤێکی ئەرێنی: مرۆڤێکی ئەرێنی ئەو کەسەیە کە بەردەوام لە هەوڵی فێربوون و پێشکەوتندایە. بەردەوام بیرۆکەی ئەرێنی هەیە و وزە و بیری ئەرێنیش دەدا بە خەڵکانی تر. لە باتی ئەوەی کاتی خۆی و بیرکردنەوەکانی بە کێشە کۆن و چارەسەرنەکراوەکان تەرخان کات زۆرترین کاتی تەرخان دەکات بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە و داهێنانی بیرۆکەی باش هەم بۆ خۆی و ژینگەی دەوروبەری و هەم بۆ کۆمەڵگەکەی. لە ناو کولتورێکی دواکەوتوودا چەق نابەستێت و دەرگای گۆڕانکاری بەڕووی خۆی و بیرکردنەوەکانیدا دەکاتەوە. هەرچەند هەموو گۆڕانێک بەتایبەتی لەسەرەتاوە بەرهەڵستی دەکرێ، بەڵام ئەوە ئێمەین بڕیار دەدەین کە ملکەچی ئەو بەرهەڵستانە بین و واز لە گۆڕانکارییەکە بێنین. مرۆڤێکی ئەرێنی، هەستەکان، ڕەوشتەکان، ئامانجەکان و بیرکردنەوەکانی ئەرێنییە. مارکۆس ئۆرلیۆسMarcus Aurelius (١٨٠ - ١٢١) کە وەک نموونەی ڕاستەقینە بۆ شکۆی پاشایەتی ڕۆم پێناسە دەکرێ و یەکێک لە لایەنگرانی فەلسەفەی رەواقییە دەڵێت: «ژیانی هەر کەسێک ئەو شتەیە کە هزر و بیرکردنەوەکانی (ئەندێشەکانی) بۆی دروست دەکەن». شێوازی بیرکردنەوەکانی ئێمە لەسەر شێوەی ژیان کردنمان ڕەنگدانەوەی دەبێت و ڕادەی توانایی ئێمە دەردەخات. بەویستی خۆمانە یان خۆمان بڕیار دەدەین کە ڕق، تووڕەیی، کینە، تۆڵەسەندنەوە ..... و هتد بەسەر دەروونماندا زاڵ نەبن. نابێ وا بیر بکەینەوە کە هەموو کاتێک بارودۆخەکان بە ویستی ئێمە بن. هەموو مرۆڤەکان وەک یەک هەڵسوکەوت ناکەن و تێڕوانینی وەک یەکیان بۆ بابەتەکان و ڕووداوەکان نییە. هەموو کەسێک و هەموو شتێک دەتوانێ گۆڕانی بەسەردا بێت. بۆ ئەوەی ببی بە مرۆڤێکی ئەرێنی و ئەرێنی بیر بکەیەوە هەوڵ بدە لە هەموو تواناکانت کەڵک وەرگری و لەسەر هەستە ئەرێنییەکانت ڕاهێنەری بکەی، دڵنیا بە ئامانجی باشی دەبێت. بۆ ئەوەش تەنیا شتێک پێویستە، ئەویش بڕیاردان و سووربوون لەسەر بڕیارەکەیە.

## لە زاری پارێزەرانی وڵاتەوە

# دیمانەیەک لەگەڵ «جەمشید ڕەزایی»، پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان

**وتووێژ: بێهزاد قادری**

بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژە هزر و بیری زانایان و فیلسووفەکانی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردووە، چەمکگەلێکی وەک «فیداکاری، بەرخودان و خۆبەختکردن» لە پێناو ئامانج و ئارمانجشارێکی مرۆیی. بەو مانایە کە ئەم چەمکانە لە زەینی کۆمەڵگە، لە تاکەکانی کۆمەڵگەیەک نەخش دەبەستن و بۆ گەیشتن پێیان ئامادەن، بێ هیچ چاوەڕوانییەک گیانی خۆیانی بۆ فیدا بکەن و لەو ڕاستایەدا سەختی و دژواری و کەموکوڕی ناناسن و بەردەوام ڕێ دەبڕن.

لەنێو گەلی کوردیشدا بوونی ئەم جۆرە کەسانە پرسێکی سەلمێندراوە، بەو واتایە کە چ لە ڕابردوودا و چ لە ئێستادا بەشێک لە خەڵکی کوردستان بەهۆی گەیشتن بە لووتکەی بیرکردنەوە و مانای ڕاستەقینەی ژیان، گیان و ماڵی خۆیان فیدای گەیشتن بە ئازادی، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و یەکسانی و دادپەروەری کردووە و ئارەزوومەندانە ژیانێکی پڕاوپڕ لە کەندولەند و هەوراز و نشێو هەڵدەبژێرن. مرۆڤگەلێک کە چاوەڕێی ڕوودانی ڕووداوێک یان هەلکەوتنی کەشوهەوایەکی گونجاو و لەبار ناکەن و خۆیان خولقێنەرانە دەیئافرێنن. ئافرێنەرانی جوانی لەنێو گەلی کورددا بە «پێشمەرگە» دەناسرێن. ئەمجارەش لەگەڵ پێشمەرگەیەکی تری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناوی «جەمشید ڕەزایی» لە شاخەکانی کوردستان، ئەم وتووێژەمان پێک هێناوە و پێشکەشتانی دەکەین:

- بەر لەوەی بێیتە ڕیزی شۆڕشەوە، هەست و بیر و باوەرت سەبارەت بە کوردستان و پێشمەرگە چۆن بوو؟

بە حوکمی ئەوەی کە لە بنەماڵەکەماندا پێشمەرگەمان هەبووە و بنەماڵە شەهید بووم، دوو وشە بۆ من زۆر ئاشنا و پیرۆز بووە، یەکەم شەهید و دووهەم پێشمەرگە. مام و خاڵێکم شەهید بوون و مامێکیشم پێشمەرگە بووە.

ڕۆژانە لەنێو بنەماڵەمدا باسی پێشمەرگە دەکرا و پێشمەرگە لە لام وەکوو سیمبولی ئاشتی و پێکەوەژیان و لەنێوبەری زوڵم و زۆرداری بوو. دواتر لەگەڵ وشەی کوردستان ئاشنا بووم. دەمزانی وڵاتێک بووەتە چوار پارچە و زوڵم لە خەڵکەکەی دەکەن، هەر بۆیە هەوڵم دا کە دژی ئەو زوڵم و زۆرییە کار و چالاکی بکەم؛ چونکە بنەماڵەم هەموو ئەو بەدبەختییانەیان کێشابوو، هەموو ئەوانەم هەست پێ دەکرد.

- ئێستا کە خۆت پێشمەرگەیت، چ هەستێکت هەیە و هەستت بۆ کوردستان چۆنە؟

ئێستا کە پێشمەرگەم دەزانم کە پێشمەرگە چەندە سەختی دەکێشێت و چەندە کێشەی هەیە و دەبێ لەگەڵ هەموو دۆخێکدا بسازێت.

تا بەرە و نەوەکانی دوای ئێمە ئەو نەهامەتییانە نەبینێت و شاهێدی شەهیدبوونی ڕۆڵەکانی گەلەکەی نەبێت و لە وڵاتی خۆی کە کوردستانە بە هەموو کەموکوڕییەکانییەوە و لەژێر دەسەڵاتی خۆی ژیان بەسەر ببات، تا ئەو کاتەش دەست لە خەبات هەڵناگرین.

- هەر کام لەم وشانە (نیشتمان، پێشمەرگە و ڕاسان) لە ڕوانگەی خۆتەوە پێناسە بکە:

ئەگەر باس لە «ڕاسان» بکەم، دەبێ بڵێم کە ڕاسان پرۆژەیەکی نوێ لە بەرەنگاریی خەڵکی ڕۆژهەڵات دژی زوڵم و زۆرە کە بە داواکاریی خەڵک و بە ئیرادەی خەڵک و بە بڕیاری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەستی پێکرد و زیندووکەرەوەی خەباتی کوردستانی ڕۆژهەڵاتە.

«پێشمەرگە» کەسێکە کە بوون و نەبوونی خۆی بە بۆنەی گەیشتن بە ئامانجی مەزنی خۆی و وڵاتەکەی، پێشکەش دەکات.

«نیشتمان» دایکە، گلێنەی چاومە و بوونی منە.

- گەورەترین ئاواتی ژیانت چییە و بۆچی ئەو ئاواتە، گەورەترین ئاواتی ژیانتە؟

بە بڕوای من، هەر کەسێک کە تێکەڵاوی کاری سیاسی بوو، دوو ژیانی هەیە: یەکەم، ژیانی شەخسی و دووهەم، ژیانی سیاسی. من لە ژیانی سیاسیمدا ئاواتم ئەوەیە کە ڕۆژهەڵات ئازاد بکرێت و خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات دەوڵەت و دەسەڵاتداری خۆی هەبێت و منیش لە سەربانی قوتابخانەکانی «تەنگیسەر»، ئاڵای پیرۆزی کوردستان هەڵ بکەم. لە ژیانی شەخسیمدا ئاواتم ئەوەیە بگەڕێمەوە نێو بنەماڵەکەم و بە ژیانێکی ئارام و دوور لە دەسەڵاتی داگیرکەر، ژیان بەسەر بەرم.

- بە بۆچوونی تۆ، چ شتێک دەتوانێت واتا بە ژیانی مرۆڤی کورد ببەخشێت؟

بوونی دەوڵەتی کوردی و بوونی زانست و ئیرادەی پێشکەوتووخوازانە، دەتوانێت ژیانی تاکی کورد بگۆڕێت و باشتری بکات.

- وەک پێشمەرگەیەک، چ قسەیەکت بۆ هاووڵاتییانت لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە؟

داوا لە هەموو هاووڵاتییانم دەکەم کە بۆ دوو شتی سەرەکی هەوڵ بدەن: یەکەم، زانست و دووهەم، گەیشتن بە مافی نەتەوەیی خۆیان. هەروەها پێیان دەڵێم کە ڕاسان دەتوانێت بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد و گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانی ڕێگەچارەیەکی زۆر باشی هەبێت.

- وەک شۆڕشگێرێک، چ وتەیەکت بۆ هاوسەنگەر و هاوڕێ پێشمەرگەکانت هەیە؟

داوا دەکەم کە ئەرکی پێشمەرگایەتیی خۆیان بەجوانی بەرێوە بەرن؛ ڕەمزی سەرکەوتنی ئێمەی پێشمەرگە ڕاپەڕاندنی درووست و بەجێی ئەرکەکانمانە وێرای هەوڵدانمان بۆ یەکبوون و تەباورەبابوونمان. کۆماری ئیسلامی هەموو هەوڵی ئەوەیە کە ڕیزەکانی ئێمە تێک بشکێنێ، بۆیە ئێمە دەبێ بە ڕۆحێکی یەکگرتووانە دژی ئەم تاکتیکەی ڕێژیم بوەستینەوە.

- وەک نیشتمانپەروەرێک، چ پەیامێکت بۆ خۆفرۆشان و خائینانی خاک و گەل هەیە؟



پەیامی من بۆ ئەوانەی کە دەستیان بە خوێنی ڕۆڵەی کورد و پێشمەرگە سوور بووە ئەوەیە کە دادگای هەرێمی کوردستانی ڕۆژهەڵات، بڕیاریان لەسەر دەدات. بەڵام ئەوانەی کە بە هەر شێوەیەک ڕوویان لە نەیاران کردووە، پەیامم ئەوەیە کە هەتا درەنگ نەبووە، بگەڕێنەوە باوەشی نیشتمان. نیشتمان باوەشی ئاوەڵایە و ڕۆڵەکانی خۆی لە ئامێز دەگرێتەوە و وەکوو دایکێک وایە کە لە هیچ دۆخێکدا دەستهەڵگری ڕۆڵەکانی نییە.

- ئەگەر کوردستان ئازاد بکرێت و بگەڕێیتەوە کوردستان، چ بەرنامەیەکت بۆ ژیانت هەیە؟

ئەگەر توانایی جەستەییم هەبوو لە ڕۆژهەڵاتیش هەر لە هێزی پێشمەرگەدا دەمێنمەوە، هەم بۆ خزمەتکردن و هەم بۆ دابینکردنی ژیانی شەخسیم.

## تووبا ئەلیاسی: ژنان سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن سزای ئەوان دوای دەستبەسەرکران سزایەکی قورستر و مەترسیدارترە، وەک دەستدرێژی جینسی و پاشان دوای ڕزگار بوون ئەو هەموو تابۆ ناحەزە کولتوریانە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە، بەڵام ئەوان بوێرانە ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان دەگێڕن و تێدەکۆشن لە ڕوخانی ئەو ڕێژیمەدا جێپەنجەیان دیار بێت.

**وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی**

لە دەستپێکی سەرهەڵدانە جەماوەرییەکەی خەڵکی ئێران و کوردستان لەهەمبەر دۆخی نالەباری ئابووری و هەروەها سەهمییەبەندی و گرانبوونی ٣ بەرابەریی بێنزین، ژنان وەکوو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە، لە بەرابەر ئەم ستەمەدا وەستانەوە. گرتە ڤیدیۆ و هەروەها وێنە بڵاوکراوەکان لە خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکان نیشان دەدەن کە ژنانیش هاوهەنگاو لەگەڵ پیاوان لەم نارەزایەتی و خۆپیشاندانانەدا ڕۆڵیان گێڕاوە و لە زۆر شوێنیشدا، ڕۆڵی لیدریی نارەزایەتییەکانیان لە ئەستۆ گرتووە. لە ماوەی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتداری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران کە بەدەوام هەوڵ دراوە ژنان لە پەراوێزدا بمێننەوە و ڕۆڵی ژنان کەمڕەنگ بکرێتەوە، ژنان بە باشی دەرکیان بە ستەمی چەند بەرابەریی ڕێژیمی ئاخوندی بەرانبەر بە خۆیان کردووە و بە ڕاپەڕین و بەشداریی بەرچاو لە بزووتنەوە جەماوەرییەکاندا، دەیانەوێت ڕۆڵی کارای خۆیان بگێڕن. لە پێوەندی لەگەڵ ڕۆڵی ژنان لە خۆپیشاندانەکان و ئەم ئاڵوگۆڕانەی کە لە کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا ڕوو دەدەن، وتووێژێکمان لەگەڵ خاتوو «تووبا ئەلیاسی» چالاکیی بواری ژنان پێکهیناوە کە سەرنجتان بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین

**١.لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی کوردستان و ئێران ڕۆڵ و بەشداریی ژنان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

لە پێشدا پێم خۆشە ئەوە بڵێم کە ڕۆڵ و چالاکیی ژنانی کوردستان و ئێران پێوەندی بە ئاڵوگۆڕێکی جدییەوە هەیە کە لەو ساڵانەی ئەخیردا ژنانی ناوچەکە بە گشتی دەستیان پێ کردووە. وای دەبینم کە ژنان وردە وردە بەو ڕاستیە گەیشتوون کە نەبوونی حزووری ڕاستەخۆی ئەوان لە مەیدانی بەڕێوەبەری دەستەڵاتی سیاسیدا کەمایەسیەکی گەورەیە و دەبێتە هۆکار بۆ پێشێلکردنی زیاتری مافەکانی ئەوان و سەپاندنی یاسای دژە مرۆیی و بەتایبەت دژە ژنان. هەر لە بەر ئەو ڕاستیانەشە دەبینین کە ژنان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە بەشداری چالاکانەی خۆیان لە نارەزایەتییەکان، چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی، وەڕێخستنی کەمپەینی تایبەت بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنان و هتد ڕۆڵیان بەرچاوە. دیارە ژنانی کورد و بوێری و ئازایەتی ژنانی ڕۆژئاوا بۆ ڕزگاری نیشتمانەکەیان سەرمەشق و ئولگوویە بۆ هەموو ژنانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و شانازیەکی بێوێنەیە بۆ کورد بە گشتی و ژنانی کورد بە تایبەتی.

بگەڕێینەوە سەر ڕۆڵی ژنانی کوردستان و ئێران، ئەوە ڕاستیەکی حاشا هەڵنەگرە کە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێران لە پێش هەموو چین و توێژەکانی کوردستان و ئێران زیاتر بوو بە مایەی بێمافی و ستەمی چەند قات بۆ ژنان. هەربۆیە ژنان لە مێژە بەو ڕاستیە گەیشتوون تا ڕێژیمێکی سەرکوتکەری وەک کۆماری ئیسلامی لە سەر کار بێت بەو ئیدۆلۆژییە مەزهەبییەوە کە هیچ کات وەک مرۆڤ چاو لە ژن ناکات، ئەوان ناتوانن خاوەن ژیانێکی سەردەمیانە و مرۆییانە بن. هەر لە بەر ئەو ڕاستیانەشە، ژنان زۆر لە مێژە بە ئەرکی سەرشانی خۆیان زانیوە بێنە مەیدان و دەنگی خۆیان وەک مرۆڤ نەک تەنیا وەک ژن بخەنە پاڵ دەنگی نارازیی تەواوی خەڵک و بە دژی حکومەتی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە. بە بڕوای من ژنان سەرەڕای ئەوەی کە دەزانن سزای ئەوان دوای دەستبەسەرکران سزایەکی قورستر و مەترسیدارترە، وەک دەستدرێژی جینسی و پاشان دوای ڕزگار بوون ئەو هەموو تابۆ ناحەزە کولتوریانە کە ڕووبەڕویان دەبێتەوە، بەڵام ئەوان بوێرانە ڕۆڵی بەرچاوی خۆیان دەگێڕن و تێدەکۆشن لە ڕوخانی ئەو ڕێژیمەدا جێپەنجەیان دیار بێت. ئەمەش بۆ خۆی گرینگە، چوون ژنان ئەوە دەزانن لە داهاتووی ئەو وڵاتەدا بەشداری بەرچاوی ئەوان لە بەڕیوەبەری سیاسی وڵاتدا پێوستە ئەگینا ماف و ویستەکانی ئەوان لە بەرچاو ناگیرێ.

**٢.خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانە دەتوانێت ئاڵوگۆڕێک لە بزووتنەوەکانی ژنان لە ئێران و کوردستان لە داهاتودا پێک بهێنێت؟**

بە بڕوای من یەکەم خۆپیشاندانەکانی ئەو دواییانە نەک تەنیا لە بزووتنەوەی ژنان، بەڵکوو ئەکرێت وەک وەرچەرخانێک چاوی لێ بکرێت لە نێو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان و ئێراندا بەگشتی. چوونکە بۆ یەکەمین جارە کە خەڵکی لە نزیک بە تەواوی پارێزگاکانی هەموو ئێران و کوردستان یەک دەنگ هاتنە سەر شەقام و دروشمی مەرگ و نەمانیان بە دژی ڕێژیمی ئێران دا. دووەم، ژنان و مێرمنداڵان بەشداری چالاک و بەرچاویان هەبوو، هەتا بوون بە بەشیک لە قوربانیانی خۆپیشاندانەکان. ئەگەر بمەوێ بچمەوە سەر پرسیارەکەتان پێم خۆشە ئەوە بڵێم من زیاتر فوکوسم دەخەمە سەر بزوتنەوەی ژنانی کوردستان. ڕاستە کە ژنانی کوردستان بە هۆی کۆمەڵگایەکی پیاوسالارەوە و هەروەها بەهۆی سیستمی دژە مرۆیی و بە تایبەت ئەو هەموو یاسای هاڵاواردنی ڕەگەزییە کە جمهووری ئیسلامی سەپاندوویەتی بە سەر کۆمەڵگای ئێران و کوردستاندا ژنان تووشی توندوتیژی بەرچاوی ڕەگەزی دەبنەوە. بەڵام نابێت لە بیرمان بچێت، ژنی کورد جیاواز لە ژنی بۆ نموونە نەتەوەی باڵادەستی فارس کێشەی گەورەتر و زیاترە و لەم کاتەدا زیاتر لە بیری ڕزگاری نیشتمانەکەیەتی و هەر لە بەر ئەوەشە دەبینین هەر ئێستا بە هەزاران کچی خوێنگەرم و بوێری کوردستان ڕوویان لە خەباتی شاخ کردووە و چەکیان لە شانە بۆ ڕزگاری نیشتمان. ئەمە بۆ خۆی وای کردووە کە ژنی کورد لە ئێستادا زیاتر پەیوەست بێت بە بزووتنەوەی نەتەوەییەوە تا بزوتنەوەی تایبەت بە ژنان. هەر ئەوەش وای کردووە پیناسەی ژنی کورد بۆ ئازادی و مافەکانی ڕەنگە جیاوازی هەبێت لە گەڵ پێناسەی ژنێکی فارس. هەربۆیە من پێم وایە ئاستی تێگەیشتنی ژنی کورد ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە و دەیانەوێ بە کردەوە بەشداری ئازادیی نیشتمانەکەیان بن چ لە ڕێگای بەشداری کردنیان لە بزووتنەوە نارازییەکان یان کۆڕ و کۆمەڵە فەرهەنگی و مەدەنییەکان یان بوون بە پێشمەرگە بۆ داکۆکی لە نیشتمانەکەیان. چون بۆیان دەرکەوتووە لە نیشتمانێکی ئازادکراودا ئەوان زیاتر دەتوانن بگەن بە مافە مرۆییەکانی خۆیان. دیارە ئەوە بەو واتایە نییە کە ژن بوونی خۆیان لە بیر کردبێت و هاوکات خەبات بۆ نەهیشتنی توندوتیژی ڕەگەزی بوونی هەیەو ژان لەم بوارەشدا چالاکی دەنوێنن.

**٣.ئایا ژنان بە نیسبەت ڕابردووەوە خۆیان ئامادە کردووە لە هەموو بوارەکانی کۆمەڵگا و لە هەموو پانتاکاندا ئامادە بن و دەورێکی ئەوتۆیان هەبێت لە خەملاندن و پەرەپێدانی کولتورێکی سیاسی، فەرهەنگی لە کوردستانادا؟**

ڕەنگە لەم بەشەدا بۆ وڵامدانەوەی پرسیارەکەتان، من زیاتر تێڕوانینەکانم پێوەندی بە خوێندنەوەیەک هەبێت کە لە سەر ڕووداوەکان هەمە، ئەگینا من لە مێژ ساڵە دوورم لە کۆمەڵگای کوردستان و ئاسان نییە قەزاوەتێکی ڕاست و دروست لە سەر توانا و ئامادەگی ژنان لە نێوخۆی وڵات بکەم. ئێمە ئەگەر چاوێک لە ئالوگۆڕەکانی کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبینین سەرەڕای هەموو خەفەقانیکی سیاسی، ڕاگرتنی کۆمەڵگای کوردستان لە دواکەوتویی و نەداریدا، هەژاری و هتد....، بەڵام ئەو کۆمەڵگایەش لە گەڵ ڕەوتی بەرەوپێش چوونی دونیای مەجازی و تکنولۆژیدا دەچێتە پێشێ و خۆی پێ دەگەیەنێ. نیوەی کۆمەڵگاش کە ژنان پێکی دێنن لە گەڵ ئەم بەرەوپێشچوونە هەنگاو دەنێن و ناچارن خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئالوگۆرە چاوەڕوان کراوەکانی دوارۆژی کۆمەڵگای کوردستان. پاشانیش نابێت لە بیرمان بچێت لە گەڵ هەر ئالوگۆڕێکی جدیدا لە دوارۆژی کوردستان، هەر سیستم و حکومەتێک کە دێتە سەر کار ئەرکی سەرشانیەتی بودجەی تایبەت دیاری بکات بۆ بەرەوپێش بردنی پرسی یەکسانی و باشتر کردنی هەلومەرجی ژنان و دانانی بنکەو کۆرسی تایبەت بۆ پێگەیاندنی ژنان لە بوارە جۆربەجۆرەکاندا. ئەوەش لە بەر ئەوەی کە ژنان بە درێژایی مێژوو لە کۆمەڵگا بەربەستی زیاتریان لە پێش بووە بۆ خۆپێگەیاندن و بۆ ئەوەی بتوانی ئەو هەڵاواردنە یەکسان کەیتەوە پێویستە لە ئیمتیازی موسبەت کەلک وەر بگری. لەوەش زیاتر من پێم وایە لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕیکدا لە دوارۆژی کوردستان ژنانی کورد دەبن بە هیزێکی کاریگەر لە بە ئەستۆ گرتنی بەڕیوەبەری سیاسی وڵات و بۆ ئەم مەبەستەش پیویستە هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە ئێستاوە بۆ بەهێز کردنی ئەم بەشە هەنگاوی دروست و ئەرێنی هەڵبگرن و ببن بە ئولگویەکی باش بۆ دوارۆژی کۆمەڵگای کوردستان.

# پیســـترین نەوعی بەشەر

ڕقمە لە باران:
ئەو ساتانەی بە لێزمە
و
تووڕەییەوە خۆی دەدات بە عەرزی نیشتمانما
یا
سەوزایی، پیت و دەغڵ ، دان و نان بهێنێت.
یا
تینوێەتی بشکێنێت.

ڕقمە لە خۆر:
دەزانی بۆ؟
کەڵای کەکەو (کێکف) دار هەمرۆ کێویلەکان زەرد دەکات
ئاخر بنی کەکەو
پڵی هەمرۆ کێویلەکان
کوڵەپشتی پیا کراوە
لقی دەم سێبەرەکانی میوینی
(شاڵ، شتوێن) پێشمەرگە
وەکو مێو و لاولاو لێی پێچراوە.

ڕقمە لە ڕۆژ،
ئەو ساتانەی باڵا بە خوێن خووساوی بریندار بە داگیرکەر پیشان داوە،
یان مەجالی قەرەوڵی بە خوێنمژ و بکوژ داوە

چۆن؟
ئاخر چۆن
چۆن چۆنی لە تۆ ببورم؟
وەکو هووڵە(ملە) کوون بە کوون بە ناو مەزرای وڵاتمدا دەکەوینە پێش ئاودز
و داگیرکەر
چۆن بتبوورم،
بە چڵکاوێک
بۆ پاروێکی قێزەون
بەو شەستێر و تۆپانەوە پاڵت داوە
وەکوو باران بە سەر ڕۆڵەکانمدا دەبارێن
شەقامەکانمان سوور دەکەن
کوڵانەکان ئاگر دەدەن
خۆشیمان لێ دەتارێنن
شانەکان گەمارۆ دەدەن
دووکەڵ دەکەن بە گەرووی
ڕۆژەکان
جەرگی دایکمی پێسووتاوە.

دوژمنانمان
بە خەڵوزی جەستەی دار بەڕوو پێدەکەنن
سەر لە کانی دەشێوێنن
دەدزن، دەبڕن، دەڕووتێنن.
تاڵان دەکەن،
لێڵ دەکەن، قڕ دەکەن
جەزیان لە پیسی و زەلکاوە
تۆش بە بای خەیاڵت نایا
دەمی بۆگەنت تێناوە؛

قینمە لە تۆش
ڕقمە لە تۆش
ئەی بۆ ناجەزان بارەبەر
هۆرەی سەر شۆڕی ئاخر شەر
ئەی پیسترین نەوعی بەشەر

کاوکاو

# «ئاکۆ جەلیلیان»
# خەڵاتی وێژەی باشووری پێ بەخشرا

«ئاکۆ جەلیلیان» لەلایەن دەستەی ڕاوێژکاری یەکەمین خولی خەڵاتی وێژەی باشوورەوە هەڵبژێردرا و ئەو خەڵاتەی پێ بەخشرا.
ناوەندی فەرهەنگی و چاپەمەنیی باشوور داوای لە ٣٠ کەسی خاوەن قەڵەم و خاوەن ڕا کردبوو کە لە بوارە جیاوازەکانی فەرهەنگی و ئەدەبی، سێ کەس بەربژێر بکەن، هەتا خەڵاتی وێژەی باشووری پێ ببەخشرێت.
دوای ئەو داواکارییە، ئەو ٣٠ کەسە سەرجەم ٢٢ کەسیان بەربژێر کرد و لەنێو ئەو ٢٢ کەسە، «ئاکۆ جەلیلیان» زۆرترین دەنگی بەدەست هێنا و خەڵاتی وێژەی باشووری پێبەخشرا.
ناوبراو بەرهەمی زۆر ناوازەی وەک: «فەرهەنگی وشەی کوردی ـ کوردی ـ فارسی، ڕۆمانی ئاگرمەلووچ (یەکەمین ڕۆمانی کوردیی باشوور)، تاریکخانە بەرگی یەکەم، کرماشان (ناسنامەیەکی نوێ بۆ مێژووی کۆن)، سیمینە و زەڕینە ٥ بەرگ (مەتەڵی کوردی، پەندی پێشینییان، باوەڕ و شێعری فۆلکلۆر) و داستانی ڕەنگنامە»، هەیە.
گەورەترین بەرهەمی «ئاکۆ جەلیلیان»، ئێنسکۆپیدیای «کوردیکا»یە.
فەرهەنگی کوردیکا، تەواوی زاراوەکانی کەلهوڕی، کرمانجی، سۆرانی، لەکی، لوڕی و شەبەکیی، لەخۆ گرتووە.
«ئاکۆ جەلیلیان» ماوەی چەند ساڵ بە شێوەی مەیدانی کاری لەسەر ئەو ئێنسکۆپیدیایە کردووە و بە یەکێک لە فەرهەنگە دەوڵەمەندەکان لە بواری وشە بە ئەژمار دێت.
«جەلیلیان»، نووسەر، لێکۆڵەر، زماناس و فۆلکلۆرناسی کورد، ساڵی ١٣٥٠ لە شاری شائاباد لەدایک بووە.



KURDISTAN

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No : 763 • 6 December 2019

**ڕۆژنامەی کوردستان بەمەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو دەکاتەوە و دەیخاتە بەردیدی خوێنەرانی ڕۆژنامەی کوردستان.**
**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی سەرماوەزی ساڵی ٩٨ هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکەن کە بریتیە لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## هێمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا

### دەسبەسەرکردن:

ڕۆژی شەممە ٢٥ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئەرشاد خوونزەر»، کوڕی «یوونس»، تەمەن ٢٢ ساڵ، خەڵکی گوندی «ڕوار»، یەکێک لە هاووڵاتییانی ناڕازی، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکانی شاری مەریوانەوە دەسبەسەر کراوە.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ڕەشاد محەممەدپوور و داریووش سەیاری»، لە خۆپیشاندانەکانی سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون

. ٥ هاووڵاتیی ناڕازی بە ناوەکانی «ئەمیر خالیدی، سابیر قەدیری، محەممەد زارع، ڕەشاد محەممەدپوور و داریووش سەیاری» دەسبەسەر کراون.

لە مەریوان، ٦ هاووڵاتیی ناڕازی بە ناوەکانی «سدیق عەزیزی، مەیسەم محەممەدی، پووریا عەلیپوور، ئەرشاد خوونزەر، لوقمان خوراب و عەلی تاجر»، لەلایەن مەئموورانی ڕێژیمەوە، دەسبەسەر کراون.

لە جوانڕۆ، ١٣ هاووڵاتیی ناڕازی بە ناوەکانی «فەرید مەحموودی، شەعبان موریدی، سادق عوسمان، ڕێبوار سەید ڕۆستەمی، محەممەد ئیبراهیمی، ئەمجەد شامورادی، عومران وەلیدی، ئەمین کاسب، وەحید عەبدی، ئارمین فەڕۆخی و ماکوان، لوقمان و ئەرکان سلێمانی» دەسبەسەر کراون.

لە ورمێ، ٣ هاووڵاتی بە ناوەکانی «نەحۆ ئەمینی، ڕزگار سداقەت و سەعید محەممەدزادە» دەسبەسەر کراون.

لە کرماشان، ٤ هاووڵاتیی ناڕازی بە ناوەکانی «محەممەد یاری، عەلی زولفەقارنەسەب، موبین مورادی و ڕەزا جابری» دەسبەسەر کراون.

لە بۆکان، دوو هاووڵاتیی ناڕازی بە ناوەکانی «سادق خزری و سلێمان نادر»، دەسبەسەر کراون.

لە شاری مێهران هاووڵاتییەکی ناڕازی بە ناوی «ئەمیر حوسێن جیران» و لە ئیلامیش دوو هاووڵاتیی ناڕازی بە ناوەکانی «مەهین ڕەزاق و سوهراب ئەعرابی» دەسبەسەر کراون.

هێزە ئیتلاعاتییەکان ١٠ کەس لە هاووڵاتییانی ناڕازیی خەڵکی بۆکانیان وەکوو بەڕێوەبەرانی سەرەکیی نارەزایەتییەکان لەو شارە ناساندووە و هەنووکە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری ورمێ، ڕایانگرتوون.

«عەبدوڵڵا وەتەندووست» یەکێک لە ناڕازییانی شاری مەریوانە کە لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی ئەو شارەدا بریندار بووە و بە بێ دەوا و دەرمانی پزیشکی لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە بۆ گرتنگە ڕاگوێزراوە و لە بارودۆخی گشتیی ناوبراو هیچ زانیارییەک لە بەردەستدا، نییە.

لە ڕەوتی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی شاری مەریواندا، یەکێک لە هاووڵاتییانی ناڕازی بە ناوی «ئاراس ڕۆحی» خەڵکی گوندی «ئەسراوا»ی ئەو شارە دەسبەسەر و لە چارەنووس و شوێنی ڕاگیرانی هیچ زانیارییەک لە بەر دەستدا نییە.

شوناسی ٥ هاووڵاتیی ناڕازی لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی شاری سنە بە ناوەکانی «فەرزین مەولوودی» تەمەن ١٩ ساڵ، «شارام وەکیلی»، «زانیار گەلێنی»، «ئارمان وەفایی» و «کاوە ڕەزایی»، بۆ ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، ڕوون بووەتەوە.

لە ڕەوتی نارەزایەتییە خەڵکییەکان لە سەقز، دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی «شێرکۆ کەریمی» کوڕی «محەممەد» و «فەریاد شامحەممەدی»، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

هاووڵاتییەکی بە ناوی «سەعید قادری» خەڵکی بانە، لە نارەزایەتییەکانی جوانڕۆدا دەسبەسەر کراوە و لە شوێنی ڕاگیران و چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

شوناسی دوو کەس لە دەسبەسەرکراوەکانی ئەم دواییانەی مەریوان بە ناوەکانی «ئومید یووسفی» کوڕی «محەممەد» و «شاهۆ مەنووچێهری» کوڕی «محەممەد» و خەڵکی ناوچەی هەورامان و دانیشتووی شارەکی «کانی دینار»ی مەریوان، بۆ ئاژانسی کوردپا ڕوون بووەتەوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

٣ هاووڵاتیی خەڵکی گوندی «نێ»ـی مەریوان بە ناوەکانی «فەردین بەدەخش» کوڕی «لەتیف» و تەمەن ٢٣ ساڵ، «سینا جاست» کوڕی «سالار» و تەمەن ٢٢ ساڵ و «هادی ڕاستی» کوڕی «فەریق» و تەمەن ٢٢ ساڵ، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

٢ی سەرماوەز، لاوێکی کورد بە ناوی «فاروق باغەبانی» کوڕی «میرزا» و خەڵکی گوندی «گەلێن» و دانیشتووی گرێزەی سنە، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

هاووڵاتییەکی سنەیی بە ناوی «ساعد بەنەفشی» کوڕی «خالید»، حەوتووی ڕابردوو لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و چارەنووسی ناڕوونە.

لاوێکی کورد بە ناوی «کازم شەریفی»، تەمەن ٢٤ ساڵ و خەڵکی گوندی «ساڵیان» سەر بە سنە، لە شاری «دەماوەند» لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «پەیمان ئەسکەندەری»، خەڵکی گوندی «هەرسین»ـی مەریوان، لە ڕەوتی کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی ئەو شارەدا، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی ناوبراو لەبەر دەستدا نییە.

٢٧ی خەزەڵوەر، «مۆژگان کاووسی»، نووسەر و چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی کەلاردەشتی مازندەران، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر و لە چارەنووسی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

٢٩ی خەزەڵوەر، «خەلیل ئەسەدی بۆژانی»، چالاکی فەرهەنگیی پەیڕەوی ئایینی یارسان، لە گەڕەکی جەعفەرئاوای کرماشان، بێ پیشاندانی مۆڵەتی یاسایی لەلایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.

٥ی سەرماوەز، کاتژمێر ٣ی شەو، هێزە ئیتلاعاتییەکان لاوێکی کوردیان بە ناوی «سوهەیب ئەسەدی»، خەڵکی سنە، دەسبەسەر کرد.

٦ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «بەختیار ڕەحیمی» خەڵکی مەریوان، لە شوێنی کارەکەی خۆی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

٥ی سەرماوەز، چالاکێکی ژینگەپارێزی بە ناوی «مەسعوود ئاریان» کوڕی «تۆفیق» و تەمەن ٢٧ ساڵ، لە شوێنی کارەکەی خۆی لە گەڕەکی بەهارانی مەریوان، بە هۆکاری نادیار لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

٤ی سەرماوەز، دوو لاوی کوردی خەڵکی سنە بە ناوەکانی «بێهنام وەکیلی» و «ئارمین فەلاحی»، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و لە هۆکاری گیران و شوێنی ڕاگرتنیان هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

٦ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەعید بابا کوردی» خەڵکی شاری «کوردکوی» پارێزگای گوڵستان، بە تۆمەتی «هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری حکوومەتی ئێران»، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوو.

٨ی سەرماوەز، «فریشتە چراغی»، ڕۆژنامەنووس و چالاکی ژینگەپارێزیی خەڵکی سەرپێل زەهاو، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «نادر زیایی فەر» کوڕی «محەممەد» و خەڵکی گوندی «مەلا عیسا»ی ناوچەی «دەشتەبێڵ»ـی شنۆ، دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوازراوە.

٥ی سەرماوەز، هێزە ئیتلاعاتییەکان ٦ی هاووڵاتیی کوردیان بە ناوەکانی «بورهان سوبحانی، سەرکەوت ئەحمەدی، عوبەید ئەحمەدی، سالار نەوروزی، ئاکۆ ئەیازی و بورهان کاکەیی»یان لە سەلاسی باوەجانی دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگواست.

٢٩ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سوحبەت ئومیدی» لەلایەن ڕێکخراوی سپای پاسدارانەوە لە کرماشان، بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان» دەسبەسەر کرا.

پێنج هاووڵاتیی کوردی خەڵکی جوانڕۆ بە ناوەکانی «ئاریا عەزیزی، دیاکۆ میرئەحمەدی، عومران وەلیدی، هێرش میرئەحمەدی و زەکریا ئەحمەدی»، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

٢٦ی خەزەڵوەر، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سۆران ڕاوەند» کوڕی «مەحموود» و خەڵکی مەریوان، لە ماڵی خۆی و بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان» دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

٢٥ی خەزەڵوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «باقی فەتاحی»، خەڵکی بانە، لە مەریوان دەسبەسەر و دواتر بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسداران، ٦ هاووڵاتیی دیکەی خەڵکی جوانڕۆیان بە ناوی «مەسعوود تاهیری، ئاروین ڕەزایی نژاد، ئارام سەعیدیان، ئارمان سەعیدیان، کەماڵ زاهیری و یاسر هیدایەتی»، دەبەسەر کردووە.

٢٦ی خەزەڵوەر، لاوێکی کورد بە ناوی «دانیال ڕەحمانی» کوڕی «ئەحمەد» و خەڵکی گوندی دەرزیانی مەریوان، لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

چالاکێکی فەرهەنگیی خەڵکی کرماشان بە ناوی «مەحیەدین ئەسغەری»، لەلایەن ڕێکخراوی ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.

٥ هاووڵاتیی دیکەی خەڵکی جوانڕۆ بە ناوەکانی «مێهدی ساڵحی، سەلاح بەهروجە، عالەم عەبدی، پارسا نادری و ئەحمەد حوسێنی»، بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان» دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

لاوێکی کورد بە ناوی «فەرزاد گڵی» خەڵکی فەیزئاوای سنە، بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان» دەسبەسەر و هەتا ئێستا هیچ زانیارییەک لەمەڕ چارەنووسی ناوبراو لەبەر دەستدا نییە.

١٢ی سەرماوەز، چالاکێکی کرێکاری بە ناوی «جەلیل محەممەدی» خەڵکی شاری سنە، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە، دەسبەسەر کرا.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «پەیمان فەرەیدوونی» خەڵکی گەڕەکی شەریف ئاوای شاری سنە، لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان لەلایەن مەئموورانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر و لە چارەنووسی ئەو هاووڵاتییە هیچ زانیارییەک لەبەر دەستدا نییە.

سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «بەهمەن گرامیان، حەبیب شەریفنژاد و شێرزاد ئەدوایی»، خەڵکی مەریوان، بە تۆمەتی «بەشداری لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان» دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

١٢ی سەرماوەز «ڕەشید ناسرزادە» هەواڵنێر و چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی شاری شنۆ ئەندامی گرووپی شاخەوانەیی «پێشڕەو» لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

سێ هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «بەختیار وەلییان، ئیدریس محەممەدی و موعین مستەفایی»، لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی شاری «جوانڕۆ»دا، لە لایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کراون.

١١ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئارمان شاکری» لە ماڵەکەی خۆیدا، لە لایەن ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە، دەسبەسەر و و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا. لە ڕەوتی نارەزایەتییەکانی مانگی خەزەڵوەڕ ژمارەیەک لە هاووڵاتییان بە تەقەی مەئموورانی حکوومەتی گیانیان لە دەست کە بەم چەشنەیە:

هاووڵاتییەکی ناڕازی بە ناوی «بورهان مەنسوورنیا» خەڵکی مەریوان، خاوەنی دوکتورای دامپزیشکی لە کرماشان، گیانی لەدەست دا. هاووڵاتییەکی کوردی ناڕازی بە ناوی «محەممەد حەیدەریان» کوڕی «ئیبراهیم»، تەمەن ١٩ ساڵ و خەڵکی «سونقوور و کولیایی» لە نارەزایەتییەکانی حەوتووی ڕابردوو لە کەرەجدا، بە تەقەی مەئموورانی حکوومەت کوژرا.

«ناسر ڕەزایی» تەمەن ٣٦ ساڵە و خەڵکی قوروە، لە نارەزایەتییەکانی فەردیسی کەرەج، تەقتی لێکرا و گیانی لەدەست دا.

٢٦ی خەزەڵوەر، «ئاریان ڕەجەبی» لە نارەزایەتییەکانی مەریواندا بەر گوللە کەوت گیانی لەدەست دا.

«موحسێن کەرەمی نیا»، ٢٦ی خەزەڵوەر، لە گەڕەکی «جافرئاوا»ی کرماشان بە تەقەی مەئموورانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.

«سەعید ڕەزایی»، تەمەن ٢٥ ساڵ، خەڵکی گەڕەکی دەوڵەت ئاوای شاری کرماشان، لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی ئەو شارە، لە ئەنجامی تەقەی هێزەکانی حکوومەتدا، گوللەیەک بەر سەری کەوتووە و گیانی لە دەست داوە.

لاوێک بە ناوی «حیسام بارانی ڕاد» تەمەن ١٧ ساڵ، خەڵکی شاری ڕوانسەر و دانیشتووی گەڕەکی دەوڵەت ئاوای شاری کرماشان، لە کۆبوونەوە نارەزایەتییەکانی ئەو شارەدا بە تەقەی مەئموورانی حکوومەتی گیانی لە دەست داوە. شوناسی دوو کەس لە خۆپیشاندەران کە لەژێر ئازار و ئەشکەنجەدا گیانیان لەدەست دابوو ڕوون بووەوە. ئەو کەسانە ناویان «ئیمان عەسکەری و عەلی ئەحمەدی» و خەڵکی شاری شاناباد پارێزگای کرماشانن. چەند ڕۆژ پاش کۆبوونەوە نارەزایەتییەکان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حەمزە فەرەجی» کوڕی «غوڵام» و خەڵکی کرماشان، لەژێر ئازار و ئەشکەنجەی مەئموورانی حکوومەت، گیانی لەدەست دا. شوناسی هاووڵاتییەکی خەڵکی گوندی «بێرواس»ی پاوە و دانیشتووی مەریوان بە ناوی «سامان باسامی» کە بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لەو شارەدا گیانی لەدەست دابوو، ڕوون بووەوە.

### بانگهێشت کردن بۆ ئیتلاعات:

١١ی سەرماوەز، «ئەنوەر حوسێن پەناهی»، چالاکی مەدەنیی کوردی خەڵکی سنە و دانیشتووی تاران، لەلایەن ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگهێشت و بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

### ڕاگواستن بۆ زیندان:

٦ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بەناوی (سەعدی ئەحمەدپوور) خەڵکی شاری بۆکان، کە لە نارەزایەتییەکانی ئەو شارە دەستبەسەر کرابوو، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە بۆ گرتنگەی ئیدراەی ئیتلاعاتی ورمێ ڕاگوێزرا.

١٠ی سەرماوەز، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلیم پیرۆتی»، خەڵکی شنۆ کە لەلایەن دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە بە چوار ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرابوو، ڕەوانەی زیندان کرا.

### مەحکووم کردنی هاووڵاتییان بە زیندان و ڕاگواستن بۆ زیندان:

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد شەریف سالم دزەیی» کوڕی «ئەرشاد» و خەڵکی «دزە»ی مەرگەوەڕ و دانیشتووی ورمێ، لەلایەن لقی دووی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بە سەرۆکایەتیی «عەلی شیخلو»، بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کرا.

شیروان سلێمان نژاد» و «شەیدا نەجەفیان»، دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی ورمێ، لەلایەن لقی دووی دادگای ئینقلابی ئەو شارەوە، بە سەرۆکایەتیی دادوەر «شێخلوو»، هەر کامەیان و بە ٥ ساڵ زیندانیی تەعزیری مەحکووم کران.

هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «عەبدولواحید (کامیار) منوچێهری» کوڕی «عوسمان» و خەڵکی شنۆ، لەلایەن لقی یەکی دادگای نیزامیی یەکی پارێزگای ورمێ، بە ٦ ساڵ زیندانی و دوورخرانەوە بۆ زیندانی زەنجان مەحکووم کرا.

٧ی سەرماوەز، «سلبی مەرەندی» پیرەژنێکی تەمەن ٨٠ ساڵی خەڵکی خۆی کە بە لێدانی ٧٠ زەربە قامچی لەلایەن دادگای گشتیی ئەو شارەوە مەحکووم کرابوو، پاش بانگهێشتکردنی لەلایەن نووسینگەی بەڕێوەبەریی سزای دادگوستەریی خۆی، حوکمەکەی جێبەجێ کرا. لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی شاری بۆکان «دوکتور ڕەشید کرمانج»، مامۆستای زانکۆی بە ٥ ساڵ زیندان مەحکووم کرد.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

٣ی سەرماوەز، لە سنووری شنۆ، هێزە نیزامییەکانی حکوومەت تەقەیان لە ژمارەیەک کاسبکارێکی کوردی مەهابادی کرد و لە ئاکامدا کاسبکارێکی خەڵکی ئەو شارە بە ناوی «سمکۆ (ئیسماعیل) قادرنیا» کوڕی «عەلی» و خەڵکی گەڕەکی «پشت تەپ»ی مەهاباد کوژرا.

لە هەمان ڕۆژدا، کۆڵبەرێکی کوردی خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شاری سەڵماس بە ناوی «ناسر مورادپوور» کوڕی «عەبدوڵڵا» و خەڵکی گوندی «کۆزەڕەش»، لە سنووری پیرانشار، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا.

٥ی سەرماوەز، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «هاشم ئەحمەدی»، خەڵکی گوندی دزڵیی مەریوان، بەهۆی جلتەی دڵەوە لە هەورامان، گیانی لەدەست دا.

٥ی سەرماوەز، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری سەردەشت کەوتنە بۆسەی هێزەکانی سپای پاسداران و لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانە، کۆڵبەرێک بە ناوی «حەسەن ساڵحپوور» بەسەختی پێکرا.

١١ی سەرماوەز، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «مەهدی یووسفی»، خەڵکی گوندی «مێرگەدرێژ»ی مەریوان، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت گیانی لەدەست دا و کاسبکارێکی دیکە بە ناوی «یەعقووب ڕەزایی» بریندار کرا.

١٢ی سەرماوەز، ژمارەیەک لە کۆڵبەرانی کورد لە سنووری شاری پیرانشار، لە لایەن هێزە نیزامییەکانە دەدرێنە بەر دەسرێژی گوللە کە لە ئەنجامی تەقەی ئەو هێزانەدا، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «جەلال خالیدی» خەڵکی شاری مەهاباد، پێکراوە.

### گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

٥ی سەرماوەز، کاسبکارێکی کورد بە ناوی «ناسێح ئازەرپوور»، خەڵکی ساحێبی سەقز، لە ئەنجامی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری «سێف»ـی ئەو شارەدا، گیانی لەدەست دا

٣٠ی خەزەڵوەر، کرێکارێکی کورد بە ناوی «هادی سەبووری»، کوڕی «مەحموود»، تەمەن ٣٥ ساڵ، بەهۆی ڕووداوی کارەوە لە هەولێر، گیانی لەدەست دا.

### ئێعدام:

١٣ی سەرماوەز، دوو زیندانی بە ناوەکانی «عەلی مەحموودپوور» و «مورتزا ئەشەرەفی» بە تۆمەتی «کوشتنی بە ئەنقەست» لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ لەسێدارەدران.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان لە کوردستان:

ژنێکی لاو بە ناوی «سومەیە ڕەسووڵزادە»، تەمەن ٢٤ ساڵ، خەڵکی گەڕەکی نەشمیلانی شاری سەقز، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.

**ئەم ئامار و زانیارییانە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا تۆمار کراون و ڕەنگە ڕێژەی ئامارەکان لەوانەش زیاتر بێت بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕێکخراوێکی سەربەخۆی مافی مرۆیی ئاشکراکردنی ئەو ڕاستییانە لە ئێراندا کارێکی ئەستەمە.**